# جوانیی زمانی کوردی

چەند وردە بابەتێک

# جوانیی زمانی کوردی

## چەند وردە بابەتێک

شوکور مستەفا

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
تەلەفۆن: 35 49 224 66 (0) 00964
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

شوکور مستەفا
جوانیی زمانی کوردی – جۆرەوجۆر
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٠٠٦
چاپی یەکەم ٢٠١٠
تیرێژ: ١٠٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٦٠٣ – ٢٠١٠
نەخشاندنی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
رازاندنەوەی بەرگ: ناسح ساڵح
هەڵەبژێری: تریسکە ئەحمەد
رێنووسی یەکگرتوو: بەدران ئەحمەد حەبیب

## پێڕست


بەباڵابڕینێ.. لەبارەی مامۆستا شوکور مستەفاوە، محەمەدی مەلا کریم ........ 7
جـوانی ........ 11
جوانیی زمانی کوردی ........ 16
شوکور مستەفا لەبارەی وەرگێڕانەوە دەدوێ ........ 26
بێدڵ ........ 37
پەیمانی دیاربەکر ١٩٠٩ ........ 49
کوردی زادە ئەحمەد ڕامیزی لیجی ........ 55
عەلی عەبدوڕەحمان شاعیر و نووسەری کوردی ئەرمەنستانی سۆڤیەت ........ 65
داستانی کەڕ و کولک ........ 93
مامک "مەتەڵ" ........ 131
گۆرانیی کوردیی زازایی ........ 134

# بەباڵابڕینێ.. لەبارەی مامۆستا شوکور مستەفاوە(*)

محەمەدی مەلا کریم

وا تازە خەریکە ئەوە لەناومانا ئەبێ بە باو کە قەدری پیاوانی شاعیر و ئەدیب و ڕۆشنبیر و خزمەتگوزاری کارامە و لێهاتوو، هەر لە سەردەمی ژیانی خۆیا، بگیرێ و لەبەر پتر لە هۆیەک ئەو قەدر لێگرتنە دوا نەخرێ و هەڵنەگیرێ بۆ پاش مردنی، کە ئەگەر لە سەردەمی خۆیا لەبەرئەوەی مەترسیی بۆ بەرژەوەندیی پەزەکانی سەردەمداران بووبێ، یا بەدڵی هەندێ لەوانە نەبووبێ کە سەرە گوریسێکی کاروباریان بەدەستەوە بووە یا هەر لەبەر پاشکەوتوویی باری ژیاری و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵ و هەست بە بەرپرسیاری نەکردنی، کەسێک یا لایەنێک بەخۆیانەوە پەرمووبێتەوە دڵی ئەو سەردەمدارانە و ئەو سەرە گوریس بەدەستانە لە خۆی بڕەنجێنێ و هەنگاوێ بۆ خۆلادان لەو بارە پاشکەوتووە بنێ و بەهەر جۆرێ بووە ئەو کەسە هەڵسەنگێنێ و چەردەیێ لە مافی ژێر پێ خراوی، با تەنیا بە چوار وشەی ساردوسڕی سەرزارەکەییش بێ، دان پیا بنێ و بۆی بسەلمێنێ.

چەند ساڵێ لەمەوبەر دۆست و برادەری ئەدیب و شاعیر و ئەدەبپەروەر و ئەدیبان دۆستمان کاک خوسرەو جافی دڵ لە پەڕەی گوڵ ناسکتر کارێکی وای - بەڵام بە هەموو گەرموگوڕییەک - بۆ مامۆستای گەورەی ئەدیب و مێژوونووس و بنووسمان مامۆستا مەلا جەمیل ڕۆژبیانی کرد کە ئەو کاتە

(*) ئەم وتارە لە ئاهەنگی قەدر لێگرتنی مامۆستا شوکور مستەفادا خوێنراوەتەوە کە دەسگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ئێوارەی ١٩٩٧/٥/٢١ لە هۆڵی (یانەی هێلی ئاسمانیی عێراق) لە بەغدا سازی کرد. لە کاتی خوێندنەوەی وتارەکەدا، لەبەر تەسکیی کات، کەمێکی لێ کورت کراوەتەوە.

پەنجا ساڵ بوو و ئێستا لە شەست ساڵ تێپەڕی کردووە، بە دەست و بەدەم و بەقەڵەم خزمەتی گەلە کلۆڵەکەی و زمان و ئەدەب و مێژووی ئەکا. ئەمڕۆیش هەر هەمان کاک خوسرەوی زێڕینگەری قەدری زێڕشناسە بەهاوکاری لەگەڵ دەزگایەکی دەوڵەتی کە دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردییە، کارێکی تری لەو چەشنە بۆ بنووس و وەرگێڕ و کوردیزانێکی هەڵکەوتووی تر ئەگێڕێ کە مامۆستای ئازیزمان شوکور مستەفایە.. ئەو مامۆستا شوکورەی ئەگەر دەسەڵات بەدەستێکمان هەبوایە بە ڕاستی بیناسییایە، هەموو پێویستییەکانی ژیانی خۆی و ماڵ و منداڵی بۆ فەراهەم ئەکرد و هەر سەرچاوەیەکی کاری ڕۆشنبیری پێویست بوایە بۆی دەردەست ئەکرد و بارودۆخی ژیانێکی ئارام و هێدیی بۆ ئەڕەخسان و پێی ئەوت: مامۆستا گیان! فەرموو، ئەوە عەرز و ئەوە گەز، شاکاری ئەدەب و کولتووری جیهان بۆ گەلەکەت وەرگێڕە و بنووسە و بکۆڵەوە و خەمی هیچت نەبێ. لە تۆوە بەرهەم و لە ئێمەیشەوە فەراهەمکردنی هەموو پێویستییەکی کار و لەچاپدانی جوان و ڕازاوە و ئازاد و بێ سانسۆر و بڵاوکردنەوەی بە هەموو کون و قوژبنێکی ئەو چوار پێنج پارچە بە سکێ تێر و بەسەد سک بۆ توێشوری ڕۆشنبیری برسیی ئەم کوردستانە ماڵوێرانەدا. ئەو کاتە کاک شوکوری ئێستا بەدەست دەرد و ئازاری لەش و خەمی تەنگ پێ هەڵچنینی تاونەتاوی خاوەن خانووی بۆ کرێ خانووی زۆرتر گێچەڵ گێڕەوە گیرۆدە و گرفتار، ئەیتوانێ بۆ خۆی بێ خەم دانیشێ و بەشی زۆری کاتی بەبیر ڕوونکردنەوەی گەلەکەیەوە بەرێتە سەر و چەند ئەوەندەی تا ئێستا لە بارودۆخێکی پڕ لە چەرمەسەری و کوێرەوەری و دەسکورتیدا بۆ گەلەکەی کردووە، بەرهەممان بخاتە بەردەست.

بە جەختەوە ئەتوانم بڵێم کوردستانی بەشی عێراق، ڕۆشنبیرێکی فرە بەهرەتری لە مامۆستا شوکور تیا نییە. ئەم کوڕە لادێییە، بێ باوکەی، لە دێهاتی دەوروبەری کەرکووک فێری کوردی و لەناو تورکمانی کەرکووکا فێری تورکی و لە ژیانی فەقێیەتی و خوێندنی کۆلێجی شەریعەتدا فێری عەرەبی بوو، کە ئێستا لە ڕێگای ئەو تورکییەیەوە و بە هەموو باڵادەستییەک تورکیی

عوسمانی و تورکیی نوێمان بۆ ئەکا بەو کوردییە بەرز و باڵایەی هەموو دیالێکت و زارە کوردییەکان جێیانی بەڕەسایی تیا ئەبێتەوە و ئەو چەشنە عەرەبییەمان بۆ ئەنووسێ کە شاکارەکانی مەنفەلووتی و مستەفا سادق ڕافیعی و تاها حوسێنمان دێنێتەوە یاد و خۆی لە قەرەی هەموو دیالێکتە دوورەدەستەکانی زمانە بەبنەچە تورکییەکانی قەوقاز و ئاسیای ناوەڕاست ئەدات و گشت ئەمانەیشی بە ڕەنجی شان و بیری خۆی، نەک لە هیچ قوتابخانە و زانکۆیەکا، دەستەمۆ کردووە.. تا ئەم پیاوە بلیمەتە، هەرچەند سەر دێنم و سەر ئەبەم هاوتایەکی لە سەرانسەری نیشتمانەکەمانا بەدی ناکەم. خۆ ئەگەر لەبارەی زانستیشەوە لێی بدوێی، باوەڕم پێ بکەن کەم بابەت هەیە لە کوڕێکی ڕۆشنبیرانی جۆربەجۆری کورددا بێتە ئاراوە و قسەی لێ بکرێ، مامۆستا شوکور بەتوان و لێهاتووییەکی زۆرەوە نەچێتە مەیدانی و ئەسپی خۆی تیا تاو نەدا.

لەگەڵ هەموو ئەوەیشدا، ئەگەر لە ماوەیەکی ئێجگار کورتی وەک ئەستێرەی بەرەبەیان زوو ئاوابووی تەمەنی کۆڕی جوانەمەرگی زانیاریی کورددا نەبوایە کە یەک دووانێ لە دەسەڵات بەدەستانی قەدری کوردیزانی کورد، لەوانەی مەلا شوکوریان ئەناسی، لە کاری میکانیکیی بەهرەمرێنی چاو بە کتێبی قوتابخانەدا گێڕانەوەی بەڕێوەبەرێتیی خوێندنی کوردییەوە دەستیان دایە باڵی و هێنایانە کۆڕی زانیاری کورد و بەوەتا چەردەیێ دەرفەتی کاری لەگەڵ بەهرە و توانی خۆیا گونجاوی، لەوێ بۆ ڕەخسا، ئەڵێم ئەگەر ئەوە نەبووایە کە بەراورد لەگەڵ توان و بەهرە و کارامەیی و ڕۆشنبیری و زمانزانیی مەلا شوکوردا تەنانەت (آضعف الایمان)ەکەیش ناگرێتەوە، کێ چوزانێ ئێستایش کاک شوکور هەر مامۆستایەکی عەرەبی وتنەوەی ناوەندی و سانەوی نەئەبوو کە لەبەر ناچیزیی مانگانەی ئێستای مامۆستا و تەسکیی مەودای ژیانی ئەم سیا ساڵانەی گەمارۆی بەناڕەوا بەسەر گەلی عێراقا سەپێنراو، خۆی خانەنشین نەئەکرد و پرکێشیی ئەوەیشی نەئەکرد لە سەرکۆڵانێکا دە دوازدە پاکەتە جگەرە دانێ، وەک زۆر لە ئاوەڵە مامۆستاکانی

وا ئەکەن و بە تاق و بەجووت جگەرە بەڕێگوەزەران بفرۆشێ و نانی رۆژانەی، چۆن نانێ و لێوە وەدەست بێنێ.. لە کاتێکا کە مەلا شوکور نەک هەر شایانی ئەوە بوو لە کــۆڕا وەک کــارمـــەندێ جــێی ببــێـــتـــەوە، ئەوە بـوو ئەگـــەر سیاسـەتمەدارانێکی کاربەدەست ئـاسـانی قـەدری پیاوشنـاس لە ناو کورددا هەبوونایە، هەر لە یەکـەم رۆژەوە لە ڕیزی پێـشـەوەی ئەندامـە کارا بۆ کـاری زانستی تەرخانکراوەکانی کۆڕەوە بوایە.

مــەلا شــوکـور تـا ئەم چەند مـانگەی دوایی، سێ ســاڵ بوو بـەهۆی دەردی خـەمگینی و بێ خـەوی و چەند دەردی دەرمـان دەسگیر نەبووی ترەوە تەنانەت لە موتاڵای ئاسـایش کـەوتبـوو و ئێستـایش بەچنگ هـەندێکیانەوە هـەر ئەناڵێنێ. کەسێ نەبوو شتێکی بەدەست بێ و کارێکی لە دەست بێ، بیرێ لە حاڵی بکاتەوە و مشوورێکی چارەی دەردی بخـوا و بە خەیاڵیا بێ بەردەوامیی ئەو حـاڵەی مـەلا شـوکـور فـەوتانی سـەرەنجـامی زیانێکی چەند سـەنگین بە کولتووری هەژاری کورد ئەگەیەنێ.. ئێمە ئەبێ شوکرانەبژێریی خوا خۆی بین کە، بەپێـچەوانەی ئەوەی هەمیشە لە ژیانی ڕۆژانەمانا ئەیبینین، هەر بۆ خۆی لایەکی بەخـێری لێ کردینەوە و چەردەیەک باری ئازاری لەش و مێشکی مـەلا شوکوری سووک کرد و دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساند بە هەموو چالاکییەکەوە بێتەوە ناو ژیانی ڕۆشنبیریمان و بگرە کارێکیش بکا ئەم لوتفەی تا سەر بێ و مەلا شوکور لەم چەند ساڵەی ماویە لە ژیانا بەشێکی تریش لە ئاواتە سەوز و پیرۆزەکانی بەرانبەر کولتووری گەلەکەی جێبەجێ بکا.

ئیتر، دواییی ئەم چەند دێرەم بە پیرۆزباییی ئەم قەدرزانینە لە کاک شوکور و لە هەموو ڕۆشنبیرانی کورد و بە سوپاسی گەرمی کاک خوسرەو جاف و دەزگای ڕۆشنبیریی کورد ئەهێنم و هەر خۆش بن.

بەیان، ۱۸۰، ساڵی ۱۹۹۷

# جوانی

شوکور مستەفا

زۆر جار ئەڵێین ئەم شتە جوانە. ئایا شتەکە خۆی لە خۆیا جوانە، یا تەنیا بەلای من و تۆوە جوانە؟ ئەگەر وتمان خۆی لە خۆیا جوانە، لەوانەیە بڵێیت کێ نرخی ئەم جوانییە دائەنێ؟ ئەوسا ناچارین بڵێین مرۆ دایئەنێ. کەواتا مەسەلەکە هەر ئەگەڕێتەوە سەر مرۆ و من و تۆ کە بەهۆی ئەم کێشەیەوە مەسەلەکە دوو ڕووی تێ هەڵکێشی گرتووەتە خۆی: هەندێ ئەڵێن شت خۆی لە خۆیا جوانە و هەندێکیش ئەڵێن جوانی و ناشیرینیی شت لە مرۆوەیە. ئەوانەی کە ڕای یەکەم پەسند ئەکەن بەڵگەیان ئەوەیە کە ئەگەر شتێک خۆی لە خۆیا جوان نەبوایە چۆن ئەم خەڵکە تێکڕا لە هەموو سەردەم و چەرخێکا بڕیاری جوانییان ئەدا و هەمیشە شانازییان پێوە ئەکرد؟

ڕیچارد پرایس (١٧٩١) ئەڵێ: شت بۆیە جوانە چونکە خۆی جوانە، واتە هەندێ خەسیەتی وای تیایە کە هەرگیز لێی جیا نابێتەوە و تەنانەت ئەگەر مرۆیش نەبێ هەست بەجوانییەکەی بکا هەر جوانە. ئەم ڕایەی پرایس خۆی لەسەر بنجی ڕا کۆنەکەی ئەفلاتون ڕواوە. جگە لە پرایس پێلیش زۆر خەریک بوو بیچەسپێنێ بەڵام سەری نەگرت.

هەرچی ئەوانەشن کە ڕای دووەم پەسند ئەکەن بەڵگەیان ئەوەیە کە ئەگەر جوانی و ناشیرینیی شت لە مرۆوە نەبوایە ئەوەی تا دوێنێ جوان بوو ئەمڕۆ بەناشیرین لە قەڵەم نەئەدرا و ئەوەی بەلای منەوە جوانە بەلای یەکێکی ترەوە ناشیرین نەئەبوو، ئەوەی لە وڵاتێک جوان و باوە لە وڵاتێکی ترا شوورەیی نەئەبوو. باوەڕ ناکەم عەرەبێکی خەڵکی یەمەن زۆری حەز لە گۆرانیی قرغیزستانی بێ یا کوردێ زەوق لە گۆرانیی خەڵکی مەدغەشقەر وەرگرێ.

تۆڵستۆی کە بەپەرۆشترین نوێنەرانی ئەم ڕایەیە (١٩١٠) لە ساڵی ١٨٩٧دا کتێبێکی بەناوی (ڕاستیی هونەر)ەوە دانا و بەئاشکرا ڕای خۆی لەبارەی هونەرەوە دەربڕی و وتی: نرخی شتی جوان چ شیعر، چ نیگار، چ پارچە سیمفۆنییەک چ پەیکەرێک لەوەدایە کە تا چ ڕادەیەک هەستی خەڵک ببزوێنێ، هونەر لای تۆڵستۆی ئەوەیە، کە بتکا بەهاوبەشی گیان بەگیانیی خۆشی و ناخۆشیی ژیان و گوزەرانی خەڵک.

ئەگەر چیرۆکێکیان بۆ گێڕایتەوە، یا گۆرانییەکیان بۆ وتی، یا وێنەیەکیان بۆ نیگار کێشای و مەبەست بزواندنی هەست و زەوقت بوو، بەوە ئەڵێن هونەر و بەخاوەنەکەیشی ئەڵێن هونەرمەند، خۆ ئەگەر هاتوو هونەرەکە لە سەرچاوەیەکی سازگاری ژیانەوە هەڵقووڵا و سەر بەهەستێکی بەرز و خاوێن بوو ئەوە پێی ئەڵێن هونەرێکی بەرز، بەڵام هونەرێک کە لە نەوسنی و چاوچنۆکی و ئارەزووی پڕوپووچ بەولاوە، لە هیچی تر نەدوێ ئەبێ هی قوتووی چ عەتارێ بێ... تۆڵستۆی ئەڵێ: ژمارەی ئەو خەڵکانەی کە گۆرانییەکی جووتیارێکی ڕووس ئەیهێنایە جۆش، گەلێ لە ژمارەی ئەو خەڵکانە زۆرتر بوون کە پیەسەکەی شکسپیر (شالیر) ئەیهێنایە جۆش.

کەننگهام ئەڵێ: جوانی ڕووناکییەکە نە لەسەر زەوی دەست ئەکەوێ و نە لە نێو دەریا، جوانی لە نێو دڵی کەسێکدایە کە زەوقی لێ وەربگرێ. واتە هەریەکە لە چاو خۆیەوە تەماشای جوانی ئەکات، تۆ نابێ لەم مەسەلەیەدا یەکێکی خوێندەوار بخەیتە ڕیزی نەخوێندەوارێکەوە و شارستانییەک و لادێییەک بەیەک چاو سەیر کەیت.

ئەمە ڕای ئەو کەسانەیە کە بەبێ مرۆ بێز لە مەسەلەی جوانی ناکەنەوە و لایان وایە بێزکردنەوەش ڕاست نییە... بەڵام لەگەڵ ئەوەشا وەنەبێ ئەم ڕایە هەر بەم تەسک و تروسکی و توندییە مابێتەوە و سەری گرتبێ، بگرە لەم دواییانەدا کەمێ وردە دەسکاری کراوە و هەواخوازانی لە کەلی شەیتان هاتوونە خوارێ. دوکتۆر ڕیچارد لە هەردوو کتێبەکەیادا (دەستووری ڕەخنە) و (بنەمای زانستی جوانی)دا ئەڵێ: کە بە شتێک ئەڵێن جوان لەبەر هەندێیە خۆمان حەز ئەکەین

جوان بێ، ئەگینا شتەکە خۆی وەنەبێ جوان بێ، بگرە جوانی مەعنایەکە و مرۆ دەیبەخشێتە شتی دەوروبەری خۆی. کەواتا مەسەلەکە تێری و برسێتییەکەیە، ئەگەر هاتوو چاوت، گوێت برسی بوو و پێویستیت بەتەماشاکردن و گوێگرتن بوو ئەوە شتەکە بەجوان ئەزانی و لەوانەیە گەلێ شیعر و گۆرانیشی پیا هەڵبلێی، تەنانەت هیی وا بووە خۆی لە پێناوی دڵدارەکەیا، باوەڕەکەیا، وڵاتەکەیا، هاوڕێکەیا، بەکوشت داوە، ئەوەش نەک لەبەر هەندێ کە دڵدارەکەی لە هەموو دڵدارانی دنیا، یا باوەڕەکەی لە هەموو باوەڕان یا وڵاتەکەی لە هەموو وڵاتان جوانترە، بگرە بەلای ئەوەوە وایە و بەس.

لام وایە هەموو کەسێ لە چاوی مەجنوونەوە بیڕوانیایە لەیل هەموو وەک ئەو ئەبوونە ئەوینداری و ئەکەوتنە کێوان. جا هەر بۆیەشە ئەم مەسەلەیە لە ڕووی ڕەوشتەوە بووێکی دەرەوەی نییە و جوانی و ناشیرینی وەک چاک و خراپ نیشانەی ئەوە نین کە شتێک لە دەرەوەی دڵ و هەستی مرۆ ڕووی داوە، بگرە نیشانەی هەست و سۆز و دەروونی مرۆن و هەر لەبەرئەمەیشە ناتوانین ڕاست و هەڵە لەم مەسەلەیەدا بەکار بێنین. ناتوانین بڵێین ئەم شتە لە ڕووی جوانییەوە ڕاستە، یا هەڵەیە. بەڵام ئەتوانین بڵێین دوو و دوو ئەکاتە چوار و ڕاستیشە، دوو و چوار ناکاتە هەشت و هەڵەیە.

***

لە بەشی پێشووی وتارەکەماندا گوتمان: کە دەڵێین فلان شت جوانە یا ئەوەتا شتەکە خۆی لە خۆیا جوانە، یا بەلای من و تۆوە جوانە و ڕەنگە بەلای یەکێکی ترەوە دزێو بێ و ئەوە بوو گوتیشمان لەم بانێک و دوو هەوا فەلسەفییە، دوو شابیر و باوەڕی کۆنە و باوی جوێ جوێ هاتە گۆڕێ: یەکەمیان خۆدەروونی (ذاتی) و دووەمیان نیهادی (موضوعی)، بەڵام بیروباوەڕێکی تر هەیە لە سووچێکی دیکەوە دەڕوانێتە جوانی و دەڵێ خەڵک هەموو بەیەک چاو و بەیەک دەروون دەڕواننە شت و هەموو وەکو یەک هەست بەجوانی دەکەن. چاو، چاوی کۆمەڵە، نەک هی ئەم و ئەو، هەست هەستی کۆمەڵە نەک هی تاک و تەرا و زەوق و سەلیقە و هەستیاری هی کۆمەڵە و ئەو

هەمـوو شـتـێ شـەقڵ دەکـا و مـۆر مۆری ئـەوە. کەوابێ بـەهرەی هونـەرمـەندان بەتاکـە، تاک و تـا ئێـوارە هـای هونەرکـەن کـەس سـەر بەسـەر لێـیـان ناکـرن، چونکە بەناوی کۆمەڵ و مۆری کۆمەڵ و شـەقڵی کۆمـەڵەوە هـای ناکەن... سـەیر ئەوەیە هەمـوو هونـەرێکی جـوانیش لـە دەروونی هونـەرمـەند بەولاوە لای هـیچ عـەتارێکی تـر دەست ناکـەوێ و ئەوەی زەوقـیـشـی لێ وەردەگـرێ ئەویش هـەر لە چاوی خۆی و دەروونی خۆیەوە دەیپێوێ، کەچی هەواخوازانی ئەم جۆرە وشکە کۆمـەڵپەروەرییەش هـەر هـای کۆمـەڵ، هـای کۆمـەڵیانە... من هـەڵووژە و قـەیسی هەندێ ولاتم لە میـوەگـەنانە بە گـۆترە و کـۆمەڵفرۆشـی بیسـتـووە... بەڵام زەوقی جوانیم، لە هیچ بازاڕێکدا، بە گـۆترە و کـۆمـەڵ کـۆمـەڵ نەبیسـتـووە. جـارێکی تر دەگەڕێمـەوە سـەر تۆڵستۆی، ئەو دەڵێ شت تا هـەواخـوازانی زۆر بن جوانـە و لە برەودایە... زۆر ڕاستە!، بەڵام لە جوانییەکەیدا، لە هـەندێ سـەرەوە لەگەڵی نیم.

چونکە تۆڵسـتۆی جـوانیی بەترازووی زەوق و سـەلیقـەی خـەڵکی ڕەشـەکی و نەخوێندەواران پتر دەکێشا و هێندە گوێی نەدەدایە زەوقی چەند هونەرمەند و خـاوەن بەهرەیەکی لاوەکـیی ئێـرە و ئەوێ، تا ڕادەیەکـیش هـەقی بـوو... چونکە هونەر لە سـەردەمی تۆڵسـتـۆیـدا لە چوارچێوە و قـاڵبێکدا بووە دەتوانم بڵـێم بەزەوق و سەلیقەی زۆربەی خەڵکی ڕووسیا. بێگانە بوو و لە دەوروبەری شەقڵ و مۆر و ئـەوروپاییـان دەخولاوە و هـەرچی سـۆفی و تۆڵسـتۆیش بوو دەیویست لەو چوارچێـوەیە بێتـە دەرەوە و هونـەر بەزەوقی شـوان و گـاوان و ڕەنجبـەرە نەخـوێندەوارەکـانی وڵاتەکـەی بێ. چونکە ئەوان چ لە هـونەری هونەرمـەندانی فەرەنگ بکەن کە، لە جوانیی چێژیدا بەچەند قۆناخ پێشیان کەوتبوون. ئەگینا مـەسـەلەی زەوق ئـەگەر بەزۆر و زەوەندیی هـەواخـوازان بـێ خـۆ وێنـە و شکڵی کـچـە مـەلەوانە ڕووت و قـووتەکـانی سـەر بەرگـە گـۆڤـارەکـانی جـیـهـان هەواخوازانی لە هەموو شتێکی تر پترن و شاکاری هونەرمەندەکانی دنیا هەر بەبیریشیاندا نایەت.

جـا هـەر سـەبارەت بەمـەشـە لایەنگرانی نیـهـادی ناچارن پەنا بەرنـە بەر شـارەزا و پسـپـۆڕان و بڵـێن دەبێ جوانی بەگوێرەی دەسـتـوورێک بپـێورێ و

نابێ هەر کەسە بەلایەکا دادرێ. بەڵام ئایا ئەو شارەزا و پسپۆڕانە کێن و کێ پەسندیان دەکا؟ ئەمە لە سەرێکەوە، ئەی ئەو دەستوورە کامەیە کە پسپۆڕان حوکمی پێ بدەن و وەکو ترازوویەکی ڕاست و بنەبڕ جوانیی پێ بکێشرێ. ڕاستیت دەوێ جوانی نە خۆدەروونییەکی ڕووتە و نە نیهادییەکی ڕووتە، بگرە هەردووکیەتی. لانگفیلد دەڵێ: هەستی جوانی بەهرەیەکی عەقڵی نییە و دەخڵی بەمادەی جوانییەکەشەوە نییە، بگرە پێوەندییەکی تایبەتی بەهیی خاوەند هەستەکە و مادەی جوانییەکەیە.

شت بە چ مەرجێک خۆی لە خۆیا جوان دەبێ؟ کەی دەگوترێ جوانییەکەی نیهادییە؟ جوانی لە دیمەنی سروشت و شاکاری هونەراندا دەردەکەوێ، ئەوەی هەستی جوانی ببزوێنێ چەند سیفەتێکن: وەکو هاوئاهەنگیی ڕەنگ و هاوئاشنایی ڕووناکی و تیشک و هاوڕێکیی نیسبە و کێشی شیعر و ئاوازی قسەی ڕەوان و ئەم جۆرە شتانە، کە پێی دەگوترێ یەکەتی و جوانی بەبێ ئەم یەکەتییە وەکو شتی بێ هەوێن و ماک وایە و بەزۆری لە شاکارەکانی هونەرمەندە هەڵکەوتووەکانی دنیادا دەردەکەوێ. بڕوانە دەمەتەقێکانی (شکسپیر) و نیگارەکانی (میشیل ئینگیلو) و پەیکەرەکانی (ڤدیاس) و کاتێدراکانی ئەوروپیی چەرخەکانی ناوەڕاست.

ئەمانە هەریەکە بەڵگەیەکە بۆ ئەم مەرجە گرنگەی جوانی کە یەکەتییە، ئەوینێکی پیرۆزی دوو دڵداری فیداکاری بەوەفا، بۆیە جێی پەسندی شاعیران و چیرۆکنووسانە چونکە دوو دڵ یەک دەگرن و دوو گیان دەبنە یەک گیان. دوو بەیتە شیعری ڕەوان و خۆش بۆیە دەتبزوێنێ چونکە یەک کێشیان هەیە و بەیەک ئاواز دەگوترێن...

سەرچاوەکانی ئەم باسە:

١- هونەر و ژیانی کۆمەڵایەتیی بلیخانوف. ٢- بنەماکانی فەلسەفە. الطویل.

٣- هونەر و مەردووم. کۆوار. ٤- کیهانی هەفتە. کۆوار.

ئەم بابەتە بە دوو بەش لە کۆواری پەروەردە و زانست
ژمارە (١) و ژمارە (٢) ساڵی ١٩٧١ بڵاو بووەتەوە

# جوانیی زمانی کوردی

شوکور مستەفا

بەشی یەکەم

ئەفسانەیەکی یۆنانی دەڵێ، فەیلەسووفی زیرەک و زۆرزانی ئەللادان ڕۆژێکیان بەئاشپەزەکەی دەڵێ: ئەمڕۆ مێوانی زۆر بەئاب و تابمان دێن، فراوینێکی شایانیان بۆ لێ بنێ. مێوان هاتن لەسەر سفرە و خوان دانیشتن. فراوینێکیان بۆ داندرا لە زمان فەیلەسووف سەری لەم کارە سوڕما. لە ئاشپەزی پرسی ئەمە مانای بەچی؟ ئاشپەز کوتی: «گەورەم، لە دنیادا چ لە زمان بەبەهاتر هەیە؟ مرۆ بەهۆی زمانەوە دەبن بەئاشنای یەکتر. ئەی هەر بەهۆی زمانەوە نییە لێکدی دەگەین؟ زمان نەبوایە هۆمێر داستانەکانی چۆن دەنووسی؟»

پاش چەند ڕۆژێ فەیلەسووفی زیرەک دیسان ئاشپەزەکەی تەمێ کرد، میوانیان دێ بەڵام میوانی ئەمجارەیان هەرچی و پەرچین و فراواینەکەیان لە گوێن خۆیان بۆ دروست بکەن. کاتێکی میوان هاتنە سەر سفرە و خوان دیسان چێشتی زمانیان پێشکێش کرا.

فەیلەسووفی تایەن هێندەی دیکە واقی وڕما، لە ئاشپەزی پرسییەوە، ئەی ئەمەیانت لە چی؟ ئاشپەزی فەیلەسووف گوتی: «گەورەم، چی لە دنیادا لە زمان پیستر هەیە؟ ئەی مرۆ هەر بەهۆی زمانەوە نییە یەکتر فریو دەدەن؟ ئەی هەر بەهۆی زمانەوە نییە درۆ دەکەن؟ ئەدی هەر بەهۆی زمانەوە نییە نێوان خەڵکی بێ گوناه تێک دەدرێ و لەشکرێکی پێ بەگژ لەشکرێکی دیکەدا دەکرێ؟ مەگەر پیسترین بوختان هەر بەهۆی زمانەوە ناکرێ؟»

ئەم تێبینییەی کابرای ئاشپەز ئەگەر چی لە ئاکامی بە ڕواڵەت لێکچووندا ماناکەی لە دوو سەرەوە لێک دەدرێتەوە، بڵام لە ڕووی ئەوەوە کە زمان دوو ئەرکی لەسەر شانە، یەکێکیان پێوەندیی لەگەڵ یەکتردا ئاخاوتن و ئاشنایەتی پێکهێنان، دووەمیان هێزی دەربڕین زۆر لەجێی خۆیدایە. زمان لەو ڕۆژەوە پەیدا بووە، بەپێویستترین هۆی لەگەڵ یەکدیدا ئاشنایەتی و سەروساخت گرتن و وەک هۆی بیر و مەبەست ئالشتکردن خزمەتی کۆمەڵی کردووە، واتە ئەرکی لەگەڵ یەکتردا بە ئاشنا و هاودەم و هاوزمانی خۆی بەجێ هێناوە، هەروەها لەو ڕۆژەوە پەیدا بووە، وەک هۆی دەربڕینی بیر و مەبەست و ڕاز و نیاز و ئارەزوویش خزمەتی خۆی کردووە، بنچینەی مادیی بیری مرۆی لەو ڕووەوە کە هەستێکی ڕاستەقانیی لە خۆبەدەری بەم کردەوەیە، پێک هێناوە و هەڵگێڕدراوەتە سەر باری هۆی بیرکردنەوەی مرۆ و ئەرکی دەربڕینی خۆی نواندووە.

ڕەنگە بپرسی مانای ئەم قسانە چییە؟ با، نەختێکیت بۆ ڕوون کەمەوە: خۆر، مانگ، ئەستێرە، ئاو، ئاگر، هەریەک لەمانە بگری - وەک خۆت دەزانی- ناو، (نیشانە)یە بۆ شتێ، پێش ئەوەی نێوی بۆ دابندرێ، هەبووە. واتە ئەوەی پێی دەڵێن خۆر بەر لە مرۆ، پێش دانانی وشەی (خۆر) هەبووە و لە پێشان شتەکە هەبووە و پاشانەکێ نێوی لێ نراوە. کەواتا (خۆر) شتێکی مادیی ڕاستەقانییە. من بیری لێ بکەمەوە یان نەکەمەوە نێوی لێ بنێم یا نەنێم هەبووە و دەبێ مرۆ پاش ئەوەی وێنەی خۆری لە مێشکدا گیرساوەتەوە، دیارە یەکسەر بیری لەوە نەکردووەتەوە نێوی لێ بنێ. مرۆ خۆی بوویێکی لەمێژینەیە، ڕەنگە لە شتێکی زۆر چکۆڵانەی بێ نموودەوە پەیدا بووبێ و گەشەی کردبێ و بە ملیۆنان ساڵ بووبێ بەم کوڕەی ئەمڕۆ. هەرچییەکیشی داهێناوە بە ئەندازەی پێداویستیی ئەو ڕۆژە و ئەو هەلومەرجەی ئەو ڕۆژەی داهێناوە. ئەگەر نیازی ئەوە بووبێ بە هاوڕێکەی بڵێ، (خۆر) ڕەنگە لەپێشان دیاردیی بۆ کردبێ، لە پاشان، بە ملیۆنان ساڵ وێنەی خۆر بۆ کێشابێ، واتە: هەموو شتێکی بە نیشانی دیاردی بۆ کردنی بەرچاو، بە دەست، بە دەنگ بە

وێنە لە هاوڕێکەی گەیاندووە. هەر ئەمەیشە کە سەرەتای نووسین لە پێشان بەوێنەکێشانەوە دەستی پێ کردووە. مرۆ بە دیاریکردنی دەست، سەر چاو، دەم و لێو، چاو زەقکردنەوە، چاو قیچکردنەوە، دەم بەشکردنەوە، گرژ و مۆنبوون، پێکەنین، گریان و... هتد. نیاز و ڕاز و خواستی خۆی دەربڕیوە، مرۆ بە دەنگ: هاوارکردن، قیژاندن، زریکاندن، گۆرانی و هۆرە، قریوە هەستی ترس و سام و ئارەزوو و ڕەزامەندی و ناڕەزامەندی و دۆستایەتی و دوژمنایەتی و خۆشەویستی و ڕک و کینەی خۆی دەربڕیوە. ڕەنگە ئەمانە پشتی بە هەزاران ساڵ ئەزموون و تاقی کردبێتەوە و گەیشتبێتە بۆرە ئاکامێ.

مرۆ لەم هەموو تاقیکردنەوە و ئەزموونانەدا بە ملیۆنان ساڵ ئینجا لە پلەی بەچاو و بەگوێ و بەدەست و بەچەشتن و بێن هەست بەشت کردنەوەی بۆ پلەی وێنەی بەرچاو و بەرگوێ و بەردەست و بە چەشن و بەر بێن لە مێشکدا بە وشە دەربڕین پەڕیوەتەوە. بە ملیۆنان ساڵ پیرۆی زمانی هەڵوێزنیوە. بەپێی نەزەرییەی بافلۆڤ، دەربڕینی مانا، وشە بۆ مانا دانان بەو کارە مەرجەکییە هاتووەتە گۆڕێ کە لە شێوەی - کەم یا زۆر - هەموو زیندەوەرێکدا بەرچاو دەکەوێ. مەبەستم نییە غەیری بنیادەمیش خاوەن زمانی وەک زمانی بنیادەمە، دەمەوێ بڵێم پیرۆی کاری مەرجەکی کە بنیچەی هۆی لە دەوروبەر گەیشتنە لە مێرووولەوە بگرە تا دەگاتە مرۆ زۆر ڕوونە. لێرەدا نامەوێ لەمە زیتری درێژە پێ بدەم زمان خۆی بووە بە پیرۆیێکی (تجریدی مەنتیقی مەرجەکی) بۆ کەسانی کۆمەڵ بەیەکەوە نووساندن و دەربڕینی خواست و نیاز و ئارەزووی تاکە تاکە و کۆمەڵ. هەر لەبەر وەیشە زماناسان لە وەڵامی (زمان چییە)دا گوتوویانە:

١- زمان هۆی هەرە پێویستی ئاشنایەتی سازکردنە لە نێو تیرەی ئینساندا.

٢- زمان قاڵبی دەربڕینکاریی هۆشە، ئەمە ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە زمان لە ژیانی مرۆدا، لە ژیانی کۆمەڵدا چەند بەبایەخە و پێداویستێکی چەند زەرووورە.

«زمــان چـیــیــە؟» بە ســەدان وەڵام، وەڵامـی ئەم پرســیــارە دراوەتـەوە. لەم وەڵامانەدا زمان وەکو ڕووداوێکی کۆمـەڵەکی و سروشتەکی و ڕەوانناسـەکی و ئەندامناسـەکی و فـیزیاناسـەکی، هێندێ جار وەکـو پیرۆی دیارییـان و کـاوێ وەکو پەیکەری سـەروساختی پاک دەربڕین و جارجارە وەکو مێژوو دەربڕین و جـیـهـانبـینیی خـەڵک دەربڕین و هـۆش و ئیدراکی نەزەریی خـەڵک دەربڕین و هێندێ جار وەک دەربڕینی کری بەهرەی کەسـەکـیش ڕوون کراوەتەوە. واتە: زانای کۆمـەڵناس بەپێی زانسـتی کۆمـەڵناسی و زانای سروشـتناسـی لە ڕووی سـروشـتناسی و لێـزانی هـەر زانسـتێ بەپێی زانسـتـەکـەی خـۆی زمـانت بۆ تاریف دەکـا، لە هەر تاریفێ لەم تاریفـاندا بێگومـان ڕاسـتـیـیـەک هەیە و ئەم زانسـتـانە هـەریەکـە لە نیگایەکـەوە زمـانت بۆ وەسـپ دەکـا بەڵام چەمـەرەی گوریس پێداهاتنەوەی زمان، مـەیدانی بەکارهێنانـی لە ژیانی خەڵکیدا، لە نێو کۆمەڵدا، ئەو دەورەی لـە ژیانی تاک و کۆمەڵدا دەگێڕێ هێند گەورەیە زۆر جار سەرووی ئەو تاریفانەی بۆی داندراون دەکەوێ.

زمـان کە ڕووداوێکی کۆمـەڵەکیی بەگرێ و گۆڵە، لە دوو قالبی بنەڕەتەکیدا خۆی ئاشکرا دەکـا: زمـانی ڕەمـەکی و زمـانی ئەدەبیات. زمـانی ئـەدەبیات لە بنەڕەتدا لەسـەر بنجی زمـانی ڕەمـەکی ڕواوە و ئەمـیش لـە نێـو خـۆیدا چەند شـێـوازێ، چەند (زمـانێ) پێک دێنێ: زمـانی زانست، زمـانی هونەر و زمـانی چاپەمەنـی (زمانی ڕۆژنامە و شـتی دیکەی لە گوێن وی) و زمـانی ڕەسـمیات و کاروبار گێڕانی دەوڵەتی و ئی دیکە..

کـاتێکی لە جوانی (ئیسـتـاتیکا)ی زمـان دەدوێین، بێ کێشـە، بەر لە هـەمـوو شـتێ زمـانی هونەرمـان مـەبەسـتـە. هەرچی جـوانیی زمـانیـشـە ئەوە وەک دەستوورێکی لە بەرچاو دەگرین و جوانی و بۆ خۆی چییە و لە چ ڕێگایەوە بە داهێنانی دەگەین؟

چینایەتیی چینـەکان و زمـان جوانی، بەمـانا گشـتییەکەی وەک زانسـتێ لە بەرچاو بـگرین، جـارێکی دیکەمـان بۆ ڕوون دەبێـتـەوە کـە جـوانیـی زمـان یا مـەسـەلەی جـوانی لە زمـاندا چەند شـتێکی بە بایەخ و گرنگە. کـاتێکی دەڵێین

جـوانیی زمـان چی لە بەرچاو دەگـرین؟ بە چەند واژەیێ وەڵامـدانەوەی ئەم پرسیارە هەروا کارێکی سووک و سانا نییە. هەڵبەتە، جوانی لەو ڕووەوە کە وتە (مەقوولە)یێکی زاراوەکییە، ناوەڕۆکە زانستییەکەی، خۆی لە زمانیشدا دەنوێنێ بەڵام زمانیش بۆ خـۆی ڕەنگ و ڕووی خـۆی هەیە. جـوانیی زمـانیش وەک جوانیی هەموو شتێکی دیکە، ڕەنگی چینایەتیی خۆی پێوەیە، واتە: هەر چینە خەڵکی زمانەکەی جوانییەکی تایبەتیکاری خۆی هەیە. ڕوونتری بڵێم هەر چینی هەر کۆمەڵێ لە نیگای دەستووری تێکڕای جیهانبینیی خۆیەوە توخنی زمـان دەکەوێ و جـوانیش هەر لەو نیگایەوە و بەو سەنگ و ترازووە دەپێوێ و تەنیا ددان بە جوانیی زمـانەکەی خـۆی دادەنێ و زمـانی چینێکی دیکە بە جـوان نازانێ، تەنیا هەر داکـۆکی لەو زمـانە دەکا خـۆی بە جـوانی دەزانێ و بەو سەنگ و ترازووە چینایەتییەکەی خـۆی دەیکێشێ، نەک هەر لە نێوان زمانی دوو چینە نووسیاری بە چینایەتی لێک تاق و جـووت، بگرە لە نێوان دوو چینی نەخـوێندەواری وەک خـەڵکی گـوند و خـەڵکی شـاریشـدا ئاشکرایە پێم وایە هەمووممان واژەی (گـوندی) و (لادێ)ییمان زۆر جار لە خەڵکی شار بیستووە و تا ئێستایش دەبیێن زۆر وشەی کوردیی ڕەسەنی وا هەیە خـەڵکی شـار گـاڵتـەی پێ دەکـەن، زۆر تەرزە ڕست و قـسـەی کوردەوارییانەی وا هەن خەڵکی شار گەمەیان پێ دێ تەنانەت فەرق و بووی نێوان دوو شێوەزاری زمان، زۆر جاران دەبێ بە مایەی تیز و تەشەر و لێکدی خـوێندن و گـزارە لێک کـێشـان. ئەمـە سـەرلەبەری لە فـەرق و سـووی چینایەتییەوە هاتووەتە گـۆڕێ. نموونەی زۆرتر هەن بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم ڕاستییە، دۆزینەوەیانم بۆ چێژ و سەلیقەی خوێندەی بەڕێز خۆی هێشتەوە خۆی سەرپشک بێ.

جـا با بزانین ئەم مەسـەلەی (عـەرش و قـورش، کـەس بە دۆی خـۆی ناڵێ تورش)ە، ئەم مەسەلەی (هەرکەسە لە نیگای خۆیەوە دەڕوانێتە لەیلای خۆی) و لەیلای خۆی لە چاو خۆیەوە پێ لەسەر تۆپی جوانانی سەر دنیا جوانترە، لە چییەیەوە سەرهەڵداوە؟ ئەم مەسەلەی زمانی فلانە نووسیار، یا فیسارە

شاعیر شەقڵ و مۆرەی فلانە چین یا فیسار چینی پێوەیە کەی کەوتووەتە ئاراوە و کەنگێن هەستمان پێ کردووە؟ ئەم فەرق و سووە چینایەتییە زمانییە شیعری کێهە شاعیری کورددا بە دیار دەکەوێ؟ چوارینەکانی بابە تاهیری عوریان، شیعری مەلا ئەحمەدی جزیری، داستانەکەی مەم و زینی ئەحمەدی خانێ، شیعری میسباح، شیعری نالی، شیعری کوردی، شیعری شێخ ڕەزای تاڵەبانی، شیعری مەولەوی، شیعری بێسارانی، شیعری حاجی قادری کۆیی، شیعری گۆران، شیعری هەژار، شیعری هێمنی موکریانی، شیعری جگەرخوێن شیعری کێ و کێی تر.. ئەمانە لە ڕووی چینایەتییەوە چۆن چینەبەندی دەکرێن؟

پێش وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە من پرسیارێکی دیکە دەکەم ئەم شاعیرانە بۆچی شیعریان بە زمانی خۆیان هۆنیوەتەوە؟ چونکە کورد بوون و هەستیان بە کوردایەتیی خۆیان کردووە، کەواتا شیعری کوردی و ڕۆشنبیریی کوردی لەگەڵ هەست بە نەتەوایەتیی خۆکردندا چەکەرەی کردووە. واتە: شاعیرێکی کورد، سۆفی بووبێ، مەلا بووبێ شێخ ببێ ئاغا بوو بێ، بەگ بووبێ، ئەفەندی بووبێ، میرزا بووبێ، لە پێشان ئەم پرسیارەی لە خۆی کردووە: فارس شاعیری هەبێ کورد بۆ نەیبێ، عەرەب هەیبێ کورد بۆ نەیبێ، تورک هەیبێ کورد بۆ نەیبێ خۆ لە ژنە دۆمەکە نەبووە؟ ئەوەتا «شیعرەکانی عەلی تەرمۆکی و عەلی هەریری دوو شاعیری کوردن و لە سەدەکانی دە و یازدەدا ژیاون، هەرچەندە بە سەرەتای ئەدەبی نووسراوی کورددا دادەندرێن، بەڵام ئەم ئەدەبە لە سەدەکانی چواردە و پازدەدا ڕێگای گەشەکردنی ڕاستەقانیی خۆی گرتووەتە بەر و لەسەر بنچی شیعرەکانی فەقێ تەیران و (١٣٠٧ ـ ١٣٧٥) و مەلای جزیری (١٤٠٧ـ ١٤٨١) کە لە شیعری کوردیدا دوو کەڵە ئەستوندەکی ئیجاتکاری و داهێنانن، فراژوو بووە. سەدەکانی ناوەند لە مێژووی ئەدەبی کورددا سەروبەندی گەشەکردنی داستان و غەزەلیاتە و ئەحمەدی خانێ (١٦٧٠ ـ ١٧٠٦) بە شاکاری (مەم و زین)یەوە و نالی (١٧٩٧ـ ١٨٥٥) بە لیریکە نەمرەکانییەوە لە دڵداری و شیعری ویژدانیدا لە جیهانی هونەری

ڕۆژهەڵاتی نزیک و ناویندا شان بەشانی کەڵەنوێنەرانی ئەدەبیاتی عەرەب و فارس و تورک و ئازەری دەوەستن. بڕی لە زانایانی ڕۆژهەڵاتیناسی وەک ئۆربیلی و ڕۆدینکۆ داستانەکەی (مەم و زین)ی خانی لە ڕووی داستانبێژی و ئاستی هونەری و چڕوپڕی و هێز و پێزی کۆمەڵایەتیی فەلسەفییەوە شان بەشانی داستانەکانی نیزامی گەنجەوی و ڕۆستافیلی دادەنێن(٤، ٥).

ئەم خۆ بەکوردزانینە لەو سنووره ترازاوە کە هەر لەبەرئەوەی کورد بە کورد داخێوێ کوردە... کوردە خوێندەوارەکە ئاستی شارستانێتیی خۆی بە تایبەت لە سەروبەندی گەشەکردنی میرنشینی بدلیسدا (سەدەی ١٦) لە هی کوڕانی عوسمانی و هی دیکە بەکەمتر نەزانیوە. میر عەبدالخانی میری بدلیس وەک ئەولیا چەلەبیی گەڕیدەی بەناوبانگی تورک نووسیویە، لە فەلسەفە و زانیاریی سەیر و لە کیمیا و سیمیا دەڵێی، لە حەکیمی و بەیتاڵی و نۆشداری دەڵێی، لە هونەری ڕاووشکار و نێچیروانی دەڵێی، لە خانووبەرە ڕۆنان و ئەندازەکێشس دەڵێی، لە ڕۆشنبیری و شاعیرێتی و عەرەبی و فارسی و تورکی زانین دەڵێی، لە بەرگ تێگرتنی کتێب و شیرازە و جزوبەند و نەخش و نیگارکێش و خەتخۆشی دەڵێی، لە شیرگەری و سەر زین چنین و نەخشاندن دەڵێی، لە سەعاتسازی بۆ سەعاتی ڕۆژانە و مانگانە و ساڵانە و سەعاتی سەر بورج و سەعاتی ژمارە زێڕ و سەعاتی وەخەبەرهێنان دەڵێی، لە مۆرهەڵکەنی نەققاشی دەڵێی، لە خڕکردنەوەی نوسخە کتێبی دەسخەتی نایاب دەڵێی، لە هونەری مۆسیقا و گۆرانی دەڵێی، لە جۆلایی و خەڕاتی و کارگەچێتی دەڵێی، لە تەپڵ و نەقارە ئەنگێوی و مەیتەرخانە دەڵێی، لە چەندین هونەری وردی ئەو سەروبەندەدا هاوتای نەبووە. هەر شاری بدلیس بۆ خۆی شارێک بووە لە ڕێزەی شارانی ئەو سەردەمە، کە هەموو پێداویستێکی شارستانێتیی تێدا فەراهەم کراوە. لە تەرزی خانووبەرە کۆشک و تالار خان و مزگەوت و خانەقا و تەکیە و فێرگە و حوجرە و خەڵوەتخانە و نەخۆشخانە و بازاڕ و گەرماو و ڕێگاوبان و پرد و هاوینەهەوار و هتد.. هتد وێنەی کەم بووە. محەمەد ئیسکەندەری شەمسی لە نامەی دوکتۆرایەکەی ("شەرەفنامە"ی شەرەفخانی

بەدلیسی وەک سەرچاوەیێکی مێژووی نەتەوەی کورد)دا، لەمەڕ شارستانێتیی بدلیس لە باسی شکل و شێوەکانی موڵکایەتیدا شەش جۆرە موڵکایەتیی زەویوزاری کە لەو سەروبەندەدا باو بوون پێشان داوە و ئەمانەن :

١- ئیقتاع (اقاع)

٢- سیورغال و تیوول

٣- موڵک

٤- وەقف

٥- موڵکی تایبەکار

٦- زەویوزاری کۆمەڵەکی

هەروەها لەبارەی دەستووری باج و باجگرییەوە دیاردیی بۆ ئەوە کردووە کە ئەویش بە شکڵ و شێوەی جۆربەجۆر بووە بەڵام لە (قانوونامەکەی ئوزوون حەسەنی ئاق قۆیوونلوو) کە لە ساڵی١٤٧٠ ـ ١٤٤٧دا داندراوە، بەدەر نەبووە و لە عێراق و فارس و ئازەربایجان و خاکی عوسمانیدا بەکار هاتووە و ئەمانەی خوارەوە بوون: تەمغا، خەراج، جزیە، باجی دینی و نەریتی، باجی پاوەن و ئێلاخ، باجی قشلاخ و زستانەهەوار و هی دیکە. د. شەمسی لە باسی پیشەسازیی بازرگانانی سەردەمی میرنشینی بدلیسدا کە وەک شەرەفنامە دەڵێ جگە لە بازرگانانی ئێران و ئازەربایجان و ئەرمەنستان، بازرگانی رووس و بۆلغار و چین و هیندیش ڕوویان تێ کردووە و پیشە و کاری جۆراوجۆر لە شاری بدلیسدا هەبوون. شاری بدلیس نزیکەی٨٠ ـ ١٠٠ دووکان و کارگەی جۆراوجۆر و خانووبەرەی کاری کۆمەڵایەتیی تێدا بوون. لە پیشەسازی، لە تەون و جۆلایی و خووری و لۆکە و موو و ئاوریشم و گوێنی رێسی، لە هەلاجی و شیکاری، لە کەوش سۆڵ و پانی بەرز و کاڵە و پێتاو و گێوەسازی، لە مافوور و قالیچە و بەرە و جاجم و دوگرد و پۆپەژم و مەوج و خورج و هۆر و خروار و جەواڵسازی، لە دارتاشی و ئاسنگەری و چەندین پیشەی دیکە لەو شارەدا گەشەیان کردبوو، نیشانەی تا چ ڕادەیێ

شارستانێتیی کورد گەشەی کردبوو، لە پێش چاومان زەق و زۆپ دەکاتەوە. هەروەها لەمەڕ خوێندەواری و ڕۆشنبیری و شارستانێتیی ئەم میرنشینە دەڵێ: چەندین کەڵەپیاوی زانست و رۆشنبیری و شارستانێتیی بەناوبانگی لێ هەڵکەوتوون.

مەولانا عەبدوڕەحیمی بدلیسی لە مەنتیق و مەولانا محەمەدی بەرگەلی لە شەریعەت و حەدیسدا زۆر بە نامێ بوون، هەروەها لە مەلا و زانا گەورەکانی شاری بەدلیس، پیر شێخ نەجمەدین و حاجی زەینەل عابیدین شیروانی و شێخ عومەر و مەولانا حوسامەدینی بدلیسی و کوڕەکەی، مەولانا ئیدریس و کوڕەکەی ئەبولغەزل ئەفەندی و شەرەفخانی بدلیسی و سەید حوسەینی ئەخلاتی و هی دیکە، نێویان لەسەر ڕووپەڕەی مێژووی زانست و ڕۆشنبیریی دنیای ئیسلامدا لە مێژووی مێژوونووسی و ئەخلاقدا نێویان تا دنیایە دەدرەوشێتەوە. مەولانا محەمەدی ئەخلاتی لە زانستی ئەستێرەناسی و ڕیازیاتدا کەڵەزانای سەروبەندی خۆی بووە.

بەپێی شەرەفنامە هۆلاکۆ خان کاتێکی رەسەد خانەی مەراغەی دامەزراندووە داوای لە مەلا محەمەدی ئەخلاتی کردووە بە کۆمەگی نەسیرودینی تووسییەوە بچێ، ئەویش چووە و بەوپەڕی لێوەشاوەیەوەی کۆمەگ پێ کردووە و کارەکەیان پێکەوە بەئاکام گەیاندووە. خۆ ئەگەر لە قوتابخانە و فێرگە و نەخۆشخانە و زیافەتخانە دەپرسی ئەوە میر شەرەفخانی بدلیسی بۆ خۆی لە (شەرەفنامە)دا باسی هەموویان دەکا و بۆ خۆیشی قوتابخانەی (شەرەفییە) و بینایەکی خەیرییەی دروست کردووە و لە بەرژەوەندیی گشت خەڵک بووە. جگە لەمانە لە گەڕەکی شەمسییە وەک (شەرەفنامە) دەڵێ پێنج قوتابخانەی وەک (خوتبییە) و (حاجی بەگییە) و (شوکرییە) و (ئیدریسییە) و (ئیخلاسییە) ڕۆنراون و لە ساڵی ١٥٩١دا کەوتوونە کار، ئەم مەدرەسانە مەلای چاکیان هەبوون و هەمیشە پڕ بوون لە فەقێ و قوتابی. (شەرەفنامە) دەڵێ لە سەرەتای سەدەی ١٦هەمدا شاری بدلیس٥٠٠ فەقێ و مەلای تێدا بوون. لەو مادانەی زۆریان بایەخ پێ دەدران

مەنتیق و فیقە و جەمر و ئەستێرەناسی و مێژووناسی بوون.

لە هونەری جوان، مۆسیقا و نیگارکێشی و شیعر هۆنینەوە و خۆشنووسی هێشتا بە تەواوەتی لە بدلیس گەشەیان نەکردبوو. (شەرەفنامە) دەڵێ: «شاعیری، کە کلیلی لە شا و سوڵتانان نزیک بوونەوە و پلە و پایەی بڵیند وەدەستهێنانە، زانایانی زۆری بەتەنگەوە نەدەهاتن و لە پەسندان و مەتحنامە و نامەنووسین و خۆشنووسیدا دەستێکی زۆر بالآیان نەبوو. کاتب چەلەبیش ئەمەی دووبارە کردووەتەوە، دەڵێ کورد زۆری زانا لێ هەڵکەوتووە، بەلآم لە خۆشنووسی و شیعروێژی و ئینشاگەری بێ بەهرەن..

لە سەدەی ١٦هەمدا میرنشینی بدلیس زۆری کتێبخانەی شەخسی و دەرزگوتنەوەی شەخسیی تێدا باو بووە. هەر لەبەرئەمەیشە میرنشینی بدلیسی لە سەدەکانی ١٥ ـ ١٦هەمدا بەمەڵبەندی پیشەسازی و بازرگانی و ڕۆشنبیری و شارستانێتیی کوردستان دەژمێردرا. ئەم داو و دەستوورەی میرنشینی بدلیس تا ناوەندی سەدەی ١٧هەمیش توانی خۆی لە دەسبزێویی عوسمانی و بپارێزێ بەلآم دابەشکرانی کوردستان لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و دەوڵەتی ئێران بۆ جاری دووەم کرا بە ڕەسمی و لە پاش ئەمە میرنشینە کوردەکان هێندەی دیکە لەلایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە تەنگەتاو کران. ئەبدالخانی میری بدلیس بۆ خۆ لەم مەترسییە تازەیە پاراستن، سەرەڕای دیاریی زۆر و زەوەندە ناردنی بۆ دەرباری سوڵتانی عوسمانی، بەلآم چ سوودی نەبوو. ئەحمەد پاشا والیی وان بە کۆمەگی کوردی مەحموودی هەڵی کردە

ماویەتی[١]

بەیان، ژ ١٥٠، کانوونی یەکەمی ١٩٨٨

---

(١) ئەم وتارە هەر تەنیا بەشی یەکەم بوو. لە ژمارەکانی دواتری گۆواری بەیاندا بەشی دووەم نەهاتە دیتن.

ئاراس

# شوكور مستەفا لەبارەی وەرگێڕانەوە دەدوێ

دیمانە لەگەڵ كۆواری بەیان

تا ئێستا هەر لەگەڵ شاعیر و چیرۆكنووس و هونەرمەنداندا گفتوگۆ كراوە و گوێمان لە ڕاز و نیازی وەرگێڕەكان نەبووە، تا نهێنی و خەم و ئاستەنگی ئەم دیاردە شارستانییەمان بۆ ئاشكرا بكەن... مامۆستا شوكور بەیەكێ لە وەرگێڕە هەرە باشەكان دادەنرێت. دەمێكە ڕێبواری ئەم ڕێگایە سەخت و دژوارەیە. ئەمیش وەكو ئەو زاتە پاكانەی پێش خۆی، كە ئەم ئاوەیان بۆ ڕشتوین، لەگەڵ ئەمانەی ئێستاماندا چاكی كوردانەی بەمەبەستی خزمەتی زمان و ئەدەب و پەنجەرە والاكردن بەسەر ئەدەب و كولتووری پێشكەوتووخوازی مرۆڤایەتیدا كردووە بەلادا، بەرهەمی گەلێ نووسەری بەناوبانگی بۆ خستووینەتە بەردەست، ماڵی ئاوا، وەرگێڕاوەكانی تایبەتمەندیی خۆیان پێوە دیارە، یەكسەر دەزانی ئەمە قەڵەمی شوكور مستەفایە.. بوو میوانی (بەیان) و وەك گەرمیانییەكی ڕەسەن و دڵساف بێ پێچ و پەنا دەدوا، حەزیشی دەكرد زۆرتر بڵێ، بەڵام جارێ با هەر ئەوەندە بەس بێ، ئومێد دەكەین جارێكی دی كە وەرگێڕێكی تر بدوێنین.

پ: وەرگێڕان واتە چی؟

و: وەرگێڕان بەكورتی ئەوەیە كە تۆ دەقی نووسینێ بە زمانێ بخوێنییەوە و هەر بیر و واتایەكی بەو زمانە گوتراوە تۆ بە زمانێكی دیكەی بنووسییەوە. هێندەی كەس دەقی نووسین وشە بەوشە، ڕستە بەڕستە، یا بەند بەند، دەگری و وەری دەگێڕێ، هەر لە وەرگێڕانی دەقەكە دەبێتەوە ڕەنگە چوار پێنج جار دەقەكە بەسەر بكاتەوە و ئەمدیو و ئەودیوێكی پێ بكا و چوار پێنج جارێكیش

ئەوەی وەری گێڕاوە کلک و گوێ بکا و شاخ و باڵی لێ بڕوێنێ، سا تاوەکو بەبارێکدا دەکەوێ و لەو قاڵبەدا دەگیرسێتەوە کە وەرگێڕەکە بۆ خۆی دڵی پێ دادەکەوێ و هەست دەکات پڕ بەچێژ و سەلیقەیەتی و ڕووی چوونە نێو کۆڕی ئەدەبیاتی لەسەر هەڵداوەتەوە. من بۆ خۆم وا ناکەم. لە پێشان دێم لاپەڕەیێ، دوو لاپەڕە دەخوێنمەوە و چاکی تێ دەگەم و ئەوجا دەقەکە لە پێش چاوم لادەدەم، پاشان دێم ئەو ناوەڕۆکەی لەو یەک دوو لاپەڕەیەدا خوێندوومە بەسەر دەکەمەوە بزانم لە زەینمدا نەخشدا بووە، هات و نەخش بووبوو، سەرلەنوێ بەکوردییەکەی خۆمی دادەڕێژمەوە، بۆ ترازووکردنی کەموکورتی و سنووربەزێنیش دێم جارێکی تری بەسەر دەکەمەوە، بزانم چیم گوتووە. زۆر جاران کوردییەکەی خۆمم پێ چاترە، نەک هەر لەبەرئەوەی من وەستایەتیم تێدا بە دانسقە بە خەرج داوە، بگرە لەبەرئەوەی بواری کوردییەکەی من بۆ دەربڕینی ئەو بیر و واتایانە بە پشووتر و بەبەرتر و پڕ و پاراوترە، هێندێ جاریش گزی و فزی لەبیرکردن بەسەر دەگرمەوە و سا پەنجەیێ، نیو پەنجەیێ یا کورتی هێنابێ، یا زیادی هێنابێ، گورجێ فریای دەکەوم و دەپەرژێمە چارەسەرکردنی و نایەڵم شوێن هیچ نەشتەر و نەشتەرکارییەکی پێوە دیاربێ.

واتە وەرگێڕانەکەم دەبێ بەو جۆرە دانانێ نەک وەرگێڕانی خواسایی، بۆ زێدە ڕوونکردنەوە نموونەیێ لە هونەری مۆسیقا دێنمەوە: تۆ هەر مەقامێ لەو مەقامە مەشهوورانەی وەک ڕەست و چوارگا و سێگا و ئەوج و بەیات و عەجەم هتد... دەگری لە بنەڕەتدا هەریەکە پەیژەیەکی خۆی هەیە، بە نموونە بەیات. لە (لا)وە دەست پێ دەکا و بە (لا) دەبڕێتەوە، واتە ئەم مەقامە لە مەودای (لا)، سی، دوو ڕێ، می، فا، سۆل، (لا) پشوو دەدا، ئەمە بۆ مۆسیقاژەنێکی تورکیش و عەرەبیش و کوردیش هەر ئەو مەودایەیە و هەر ئەو پەیژەیەیە، بەڵام هەریەکە بەپێی ڕەنگی نەتەوەکەی خۆی دەیڕەنگێنێ، لەبەرئەوە بەیات وەک مەقام لای هەموو نەتەوەکان هەر بەیاتە، تەنیا ئەوە نەبێ کە بەچێژ و سەلیقە لێک ناچن، من پێم وایە وەرگێڕانیش وایە. بیر و واتای نێو ڕست و بەندان بە هەر زمانێ بن وەک مەودای مەقامەکان وان، بەڵام

هەریەکە بە زمانێ دەریان دەبڕێ و زمانەکان لێک ناچن. لە پێشدا ناوەڕۆک لە زمانە بیانییەکەدا دەژەنم و بە ڕووت و قووتی لە زەینمدا نەخشی دەکەم، ئنجا، جارێکی دیکە بە زمانی خۆم، بە زمان دێنم. بە کورتی من زمان وەرناگێڕم، جلوبەرگی بیانی لە واتا و بیران دادەکەنم و جلوبەرگی کوردییان لەبەر دەکەم، بەڵام ئەم جلوبەرگە لە پێشان پڕ بەباڵابڕینی دەوێ، نابێ لە شوێنێک فشوفۆڵی پێویستە تۆ تەسک و تروسکی بۆ بەکار بێنێ و لە شوێنێ تەسک و تروسکی پێ دەوێ فشوفۆڵی بۆ بەکار بێنێ.. دەبێ بزانم کام ناوەڕۆک ڕستەی توندوتۆڵ و تەسک و تروسکی لێ دەبێ بە نەخش و جوانییەکەی هێندەی دیکە زەق و زۆپتر دەنوێنێ. جا ئەگەر ناوبەناو ڕێگەم بەخۆ دابێ، زیادییەکم لەم قسە قرتاندبێ، یا گرێ پەنجەیەکم بەدەم کورتیی ئەو قسەوە دابێ، ئەوە هەر بۆ ئەمە بووە تەسک و تروسکییەکە لە جێی خۆیدا و فشوفۆڵییەکە لە جێی خۆیدا بێ. هێندێ جار تەسک و تروسکی لە زمانێکدا بۆ ڕستەیەکی خواسایی دزێو و نالەبارە، دەبێ تۆ بە قسەی بەداوێنی دەربڕی، هێندێ جاریش کارەکە بەرەواژە، فشوفۆڵییەکە تەسک و تروسکیی دەوێ، ناوبەناو بیر و واتا لە زمانێکدا بە ڕەنگێکی کاڵ گوتراوە، موبالەغە و بەرزەفڕیی کەم تێدایە، ئەمن ڕەنگەکەی تێرتر دەکەم، چونکە سەلیقەی کوردەواریم وای دەوێ، بەڵام ڕەش ناکەم بە سپی و سپی ناکەم بە ڕەش... لەبەر ئەوە من گوێم بۆ چێژ و سەلیقە و ئارەزوو و هەست و خوست و باری سەرنج و نیگای خوێنەری کورد پتر هەڵدەخەم. نەک خۆم بخەمە بن باری دیلایەتیی دەقەوە.

وەرگێڕ ڕووبەڕووی دوو جۆرە قسان دێ: قسەی ڕاستەوخۆی خواسایی و قسەی ناڕاستەوخۆ. یەکەمیان لەسەر وەرگێڕ زۆر بەگران ناکەوێ. ئەگەر هونەرێکی تێدا خەرج بدرێ تەنیا لە ڕووی داڕشتنناسی (علم المعاني)یەوەیە. بە نموونە پیاو دەبێ ئاگای لەوە بێ کێهە وشە دەبێ پێش بخرێ و کام وشە دەبێ پاش بخرێ، کام کەرتی ڕستە بناغەیە و کێهە کەرتی سەربناغەیە، هەرچی دووەمیانە کارێکی سووک و سانا نییە. لەوانەیە کینایە بێ، ڕەمز بێ،

پەند بێ، بە نموونە، «تاشباش ئۆغلۆو هەڵستایە سەرپێیان» ڕستەیەکی سادە و خواسایە، بەڵام پەندی پێشینانی «دەستی ماندوو لەسەر زگی تێرە» و «چرا ڕووناکیی بۆ ژێر خۆی نییە» و کینایەتیی «پێی لێ لە کۆشێ کردم» و «دەسکی لە دوو ناکرێ» و «مل نادا» دیارە وشە بەوشە وەرناگێڕدرێن. دەبێ تۆ لەو زمانەشدا کە ئەمانەی لێ وەردەگیرێ هێندەی زمانەکەی خۆت و لەوانی چاک بێ و بگەڕێ بزانێ لەو زمانەدا ئەم کینایەتانە چۆن گوتراون. بەڵێ ڕاستە هێندێ قسەی بە ڕەمز و کینایەت خواوڕاستان، هەر دەڵێی تفیان لە زاری یەکدی کردووە. بە نموونە (قطع دابره) «دوای بڕایەوە» و «طویل اللسان» «زمان درێژ» بەڕێکەوت.

هەر دەڵێی وەرگێڕدراوی وشە بەوشەی یەکترین و وەرگێڕ ئەرکێکی ئەوتۆی پێوە ناکێشێ. بەڵام «لا یُشَقُّ لە غبار» و «احرز قصب السبق» چۆن دەکەی بە کوردی؟. دەبێ بۆ یەکەمیان «دەسکی لە دوو ناکرێ» و بۆ دووەمیان «گۆی گرەوی بردەوە» بڵێی، دەنا کاری (ئەفراندن، داهێنان: ابداع) سەرناگرێ.. پەندی پێشینانیش هەر بەم ڕەنگەیە، پەندی وا هەیە بە چوار پێنج زمان بەلەفز و مەعنا وەک یەک گوتراوە، بەڵام زۆری وایش هەیە بە تەقەی تفەنگ دەنگیان بە یەکە ناگا و یەک ڕووی لە شامە و یەک ڕووی لە حەڵەب. زیرەکم دەوێ بەرەو ڕووی یەکیان کاتەوە «ئاش لە خەیاڵێ و ئاشەوان لە خەیاڵێ» و «بلە بارەکا و خلە کەپرەکا» «لە هەزار ئاش دەکا و هیچی ناماڵێتەوە» تو دینت ئەمانە چۆن دەکەی بە عەرەبی یان بە تورکی، یان بە هەر زمانێکی دیکەی تۆ دەیزانی؟ خۆ ماندووکردنی دەوێ. ئەگەر بەرانبەرەکانیان بەو زمانە نەدۆزییەوە تۆ وەرگێڕ نیت. جنێویش هەر بەم جۆرەیە، بگرە زۆر سەختترە، خوا ئەو ڕەحمەی کردووە جنێوەکانی یەشار کەمال زۆریان هەر دەڵێی تفیان لە زاری جنێوی کوردەواری ڕۆ کردووە.

پ: تا چ ئەندازەیێ ڕێگای وردە دەسکارییەک لە دەقدا بەخۆ دەدەی؟

و: دەق نابێ نە بەوردی نە بەدرشتی دەسکاری بکرێ. واتە بیر و واتا و

شێـوازی نووسـیـار دەبێ وەک بیلبـیلەی چاو بپارێزرێ، بەڵام هەروەک زانای بلیمـەتی کـورد کاک مـەسـعـوودی جـەلیزادە دەفـەرمـووێ «وەرگـێـڕانـی بابەت لە زاراوە ڕۆنان سـاناترە، چونکە دەشـێ بابەت هـەرچییەک بێ بدرێتـەوە بە هۆش و پێزانین و سـەقـافـەت و لەوانەوە دارشـتنێکی سـەرجـەمی بۆ ڕێک بخـرێ بەو زمـانەی کە وەرگێـڕانەکەی پێ دەکرێ، لەو هـەوڵەشـدا وەرگـێـڕ دەتوانێ بەپێی پێـویست ڕێگا کـورت و درێژ بکاتەوە تا دەگـاتە ئەو دەقـەی کە واتای بـابەتی وەرگێڕدراوەکە ڕادەگەیەنێ...»

باری سـەرنجت بۆ «بەپێی پێـویست ڕێگا کورت و درێژ بکاتـەوە» دەبزوێنم. مـن دەڵێـم ئەم «ڕێگا کـــورت و درێژکـــردن»ەوەیە جـــۆرە ئـازادییـــەکی وردە دەسکاری لە دەقدا کردن دەگەیەنێ و پێم وایە مافێکی زۆر ڕەوایە بـۆ وەرگێڕ، بەڵام بە مـەرجێ دەقـەکەی پێ بەهێزتر و شـێوازی نووسیاری پێ ڕوونـتر کـا، واتە هـەرچییـەکی دەکرێ جگە لە ڕاسـتـەمـەبەست پاراستن، دەبێ بۆ خـزمـەتی خـوڵقـاندنێ بێ کە ڕەنگە نووسـیـار لە بیری چووبێ، یا نەیزانـیبێ... ئەمن لە پێـشــترەوە گـوتم هـەر کــەم و زیادییـەکی هـەست پێ بکەم یەکـســەر فـریای چارەسـەرکردنی دەکەوم و نایەڵم ئاسـەواری هیچ نەشـتـەر و نەشـتـەرکارییـەک (کورت و درێژکردنەوەیەک) بە دەقەکەوە دیاربێ.

پ: خـوێنەری کـورد گـازاندە و گلەییـیـان لەوەیە کـوردییـەکەت بەهۆی هێـندێ وشـــە و زاراوەی شـــێـــوە کـــوردییـــەکـــانی دیکە هەڕەمـــەیە و زەحمەتە، تۆ بۆ خۆت ڕات لەم بارەیەوە چییە؟

و: نەتەوەی کورد خـۆی لەم بارە سـیاسـی و ڕۆشنبـیری و کۆمـەڵایەتییـەیدا تێکەڵ و هـەڕەمەیە، هـۆی ئەمـەیش ئاشکرا و ڕوونە، کورد تا ئێسـتا نەیتوانیوە ئابووری و ڕۆشنبـیـریی وا پێک بێنێ کـە بە هەمـوویان زمـانێکی ئەدەبیی یەکگرتووی سـتـاندارد بێننـە گـۆڕێ، نەتەوەی کـورد بە لوڕی و سـۆرانی و گۆرانی و کرمانجی و زازایی ئەدەبیاتی هەیە. هەریەکە لەم زارە کوردییانەش بەش بەحـاڵی خۆی ڕێگای پێشکەوتن و خـەمڵـینی خۆی بڕیوە و فراژوو بووە،

چوارینەکانی بابا تاهیری عوریان و شیعری نالی و سالم و خانی و جزیری و مەولەوی و مەولوودنامەکانی مەلا خاسێ و عوسمان ئەفەندی و نووسینەکانی مالیسانژ و هاوڕێیانی لەسەر لاپەڕەکانی کۆواری هێڤی - هیوا، ئەمڕۆ شایەتی بۆ ئەدەبیاتی پێشکەوتووی ئەم زارە کوردییانە دەدەن. من بەشبەحاڵی خۆم هەوڵم داوە زمانی کوردی بە هەر پێنج شێوەکە چاک فێر بم و بەهەر پێنجیان بەلانی کەمەوە شت بخوێنمەوە و تێیان بگەم. نەتەوەی کورد بە لوڕییەوە بە سۆرانییەوە، بە کرمانجییەوە، بە گۆرانییەوە، بەزازاییەوە نەتەوەیە، زمانەکەشی بە هەموو زار و بن زارەکانییەوە زمانە. ئەمن لە نووسینەکانمدا دەمەوێ لە کوردی سەرانسەری کوردستان ڕاگەیەنم کە زمانی ستانداردی کورد دەبێ یەکێ لە شێوە کوردییەکان بکا بە بناخە و بنەڕەت و شێوەکانی دیکە وەکو ڕووبار و جۆگەلە برژێنە نێو ئەم دەریا شێوە بنەڕەتەوە. ستانداردی زمانی ئەدەبیی هەموو نەتەوەیێ بەم ڕەنگە هاتووەتە گۆڕێ، بەلای منەوە زمانی ستانداردی کورد، ئەمڕۆ ئەم زمانەیە کە لە عێراق هاتووەتە گۆڕێ. چوارچێوەی تێکڕای ئەم زمانە ستانداردە دەتوانێ، زۆر بە چاوتێری بێ شەڕە گەڕەک و ناوچەگەری باوەش بۆ هەموو وشەیەکی ڕەسەنی کوردی لە زارە کوردییەکانی دیکە بکاتەوە. من کە بە سۆرانی پەکم لەسەر وشەیێ، ڕستەیەکی لەبارتر دەکەوێ بە زارێکی دیکە بۆ پەنای وەبەر نەبەم؟ بە نموونە (درێو)م پێ لە وشەی (ناشیرین) لەبارتر و ڕەسەنترە. من بەم کارە یەکەم هەنگاوی بە دەنگهێنانی ڕەسەنایەتی و دەوڵەمەندی و بەرفراوانی و پشوودرێژیی زمانی ئەدەبیی ستانداردی دوارۆژی کورد هەڵدێنم، من دۆز و ئامانجم لەم نووسینانەدا تەنیا بە دیارخستنی هونەری یەشار کەمال نییە، من پتر بۆ زیندووکردنەوە و بووژاندنەوە و بەدەنگهێنان و بەخەبەرهێنانی هەزاران وشە و ڕست و کینایەت و زاراوەی سەر زاری نەتەوەکەم هەڵپە دەکەم، کە زۆر کەم ڕێی کەوتووەتە نێو نووسینەوە و بە دەگمەن بەرنووکی قەڵەم کەوتوون. من پتر بۆ زمانی کوردی لە کاروان بەجێماو ئەمسەر و ئەوسەر دەکەم، پێم وایە گەزەن و زیانیشم بە کەس نەگەیاندووە.

هەرچییەکمان هەیە با بیخەینە سەر کاغەز و کتێبان زۆر کەین. کە هەموو شتێکمان بوو بەکتێب هەنگین لێمان دەسەلمێنن کە ئێمەش شتین. وا نییە قوربان؟

ئەوەی گازاندەی لەم تەرزە نووسینە هەیە، با لە پێشان گازاندە لە هەژاری و کەم بزگوڕیی کوردیزانینەکەی خۆی بکا، هەر ئەوە نییە لە گوندەکەی خۆمان یا لە شارەکەی خۆمانی فێر بووین. ئەمە بەشی ئەدەبیاتی نەتەوەیێ ناکا... زۆرم حەز دەکرد خوێندەواری ژیر و هۆشیار ئەو پێشەکییەی شەرەفنامە بخوێنێتەوە. دمدمەکەی (عەرەبی شەمۆ)ی خوا لێخۆشبوو بخوێنێتەوە و بۆ ئەم جۆرە هەڵپەیەی من بکا بەسەرپشک. زۆر حەز دەکەم (شەرەفنامە) بخوێنێتەوە. زۆر حەز دەکەم (کەمانچەژەنی) پیرەمێردی نەمر بخوێندرێتەوە. کوردییەکەی کوڕی مەلای ڕەش، کوردییەکەی عەزیز گەردی، کوردییەکەی حەمەی مەلا کەریم. دەبێ بەنموونەی بنەڕەتی پەخشانی هونەریی کوردی پەنجەیان بۆ درێژ بکرێ. کاک ئەحمەد محەمەد ئیسماعیل نووسینەکانیم پێ ڕەون و پڕ و پوختەن، بەڵام دەبێ کەمێ خۆی لە ناوچەگەری نەبان کا.

پ: زێتر لە زمانی تورکییەوە شت دەکەی بە کوردی، هۆی ئەمە چۆن ڕوون دەکەیەوە.

و: ڕاستییەکەیت دەوێ من لەگەڵ یەشار کەمال خەریکم، یەشار کەمال بۆ خۆی کوردە، بەڵام بە تورکی دەنووسێ، ئەگەر وای نەکردبا ڕەنگە هەر کەسی نەیناسیبا. من یەشار کەمالی کوردی بە تورکینووس، بە کوردی بەدەنگ دێنمەوە، واتە یەشار کەمال دەکەمەوە بە کورد. جارێکی دیکەی بە زمانی کوردی بەدەنگ دێنمەوە. بە ئینگلیزی و فرەنسزی و ڕووسی و سویدی و چەندین زمانی دیکە ڕەوا بێ، یەشاری کورد بەدەنگ بهێندرێ، بە کوردی بەدەنگهێنانی بەولاترەوە ڕەوایە. من هێندێ شیعر و داستانی نازم حیکمەتی نەمریشم کردووە بە کوردی، ئەویشم هەر لە خۆشیی نازم حیکمەت خۆی و

شاكارە پڕ جوامێری و مرۆڤایەتییەكانی كردووە. بەكورتی من شتی چاك دەكەمە كوردی، بەتوركی بێ بەعەرەبی بێ بەفارسی بێ فەرقی نییە، شتەكە چاك بێ.

پ: بەڵێنی تەواوكردنی بەشی سێیەمی سێیینەكەی یەشار كەمالت دابوو.

و: نزیكەی ٧٠-٨٠ لاپەڕەیەكم لێ پاكنووس كردووە، وردەوردە خەریكم.

پ: ڕات بەرانبەر ئەم وەرگێڕانانەی دەكرێن چۆنە؟

و: وەرگێڕی چاك بە كوردی زۆر كەمن. من بۆ خۆم هەمیشە خەریكم فێر دەبم. وەرگێڕانیش هونەرێكە وەستایەتی و دەستوبردی تێدایە. جگە لەوەی كە خۆی بەهرەیە، وەرگێڕ دەبێ چەند شتێ هەیە بیزانێ، هەر زمانێكی بیزانێ تەنیا هەر ئەوە نییە تۆ قسەی پێ دەكەی و كەمۆكەیەكی پێ دەنووسی، نەخێر نەخێر تۆ جگە لە ڕێزمانی ئەو زمانە دەبێ بەلاغەتەكەشی بزانی. عەرەبی زانین بەوەندە پێك نایێ تۆ چەند كتێبێكت بە عەرەبی خوێندووە، یا خوێندووەتەوە و بەس، عەرەبی زانینیش و هەموو زمانی دنیا زانینیش بە ناخی نهێنییەكانی ئەو زمانەدا چوونە خوار، بەلاغەت زانینەكەی، ستاتیكا زانینەكەیەتی. وەرگێڕێكی كورد كە لە عەرەبییەوە شت وەردەگێڕێ، دەبێ شاكارەكانی عەرەبیی كۆن و نوێی خوێندبێتەوە، دەبێ ئاگای لە نەزەرییەی ڕستە داڕشتنی عەرەبی بێ لای عەبدولقاهیری جورجانی. ئەوەی فەلسەفەی ستاتیكای (أعجاز القرآن)ی باش هەزم نەكردبێ لە عەرەبییەكی وەك عەرەبیی (زەییات) و (عەققاد) و (جاحیز») و (تاها حوسێن) ناگا..خولاسە دەبێ بەلاغەتی زمانەكەی خۆشت بزانی. ئێمە بە كوردی ئەم زانستانەمان نییە، بەڵام ئەمە وا ناگەیەنێ كە زمانی كوردی بەلاغەتی خۆی نییە، كوردی هەروەكو (نحو وصرف)ی خۆی هەیە ستاتیكای خۆشی هەیە، جوملە و ڕستی كوردی چۆن دادەڕێژرێ؟ یاساكان چین؟ چی پێش دەخرێ؟ چی پاش دەخرێ؟

چی به زیاد و حەشو دادەنرێ. چی بەکەرەستەی پێویستی ڕستەکە دادەنرێ؟ زمانی وێنە دروستکردن و نیگارکێشان بە کوردی یاسا و نیشانەی (بەیان) خۆی هەیە، بەزەک و دۆزەکسازی لە ڕستەی کوردیدا ئارایشت (بدیع)ی خۆی هەیە. تۆ بڕوانە شیعری (نالی) ئەمە لە (نالی)یەوە فێر بە، شەرحەکانی کاک مەسعوودی جەلیزادە بخوێنەوە، بزانە چ دەڵێ، تۆ تا ئەمانە چاک نەزانی دەست لە نووسین مەدە. تۆ دەبێ ئاگات لە فۆلکلۆری دەماودەمی کوردی بێ. بزانە بەلاغەتی دەربڕین بە چ پۆپەیەک گەیشتووە. لە وشە و ڕست و پێداویستیی دەربڕیندا چەند کەرەسەت زۆر بێ هێشتا کەمە.

پ: ئێستا چیت بە دەستەوەیە وەری گێڕییە سەر زمانی کوردی؟

و: دوو شتم کردووە بە کوردی: یەکێکیان ڕۆمانێکی ئەدیبی کوردی بە عەرەبینووسی (مامۆستا عەبدولمەجید لوتفی)یە بە سەردێری (پێشبینیی لێزانە قەرەجەکە) ئەم ڕۆمانە مامۆستا لوتفی وەکو هەموو ڕۆمانەکانی دیکەی بە عەرەبییە جوانەکەی خۆی نووسیوە، هێشتا بڵاو نەکراوەتەوە. من بۆم کردووە بە کوردی و دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی لە بەغدا سەرگەرمی لە چاپدان و بڵاوکردنەوەیەتی و مژدەی بەم زووانە کەوتنە بازاڕەوەی بە خوێندەواری کورد دەدەم. دووەمیان داستانێکی شیعریی شاکاری شاعیری تورکمان کاک عەبدوللەتیف بەندەر ئۆغڵۆوە. بەسەردێری (ئازار هی من، ئاوات هی تۆ، باهۆز هی هەموومان) ئەمەیش هەر بەرەو ڕووی دەزگای بەکاری ڕۆشنبیریی کوردی کراوەتەوە و هیوادارم بڵاوی بکاتەوە. سێیەمیان مێژووی کورد لە سەدەی ١٦هەمدا، ئەم کتێبە دوکتۆر محەمەدی شەمسیی خوا لێخۆشبوو ودمی دوکتۆرای لەسەر وەرگرتووە. کتێبەکە بە ئازەری نووسراوە. بەشی یەکەمیم لە کۆواری کۆڕی زانیاری عێراق دەستەی زمانی کوردیدا بڵاو کردووەتەوە، چوارەم: بەشی سێیەمی سێیینەکەی یەشار کەمالە بە سەردێری (گیان نەمران) حەزم دەکرد دەزگاکان خۆیان ئەرکی هەموو شتێکی لە ئەستۆی خۆیان گرن. من هیچم ناوێ و ناگەرەکە.

پ: ڕات بەرانبەر ئەو وەرگێڕانانەی لە زمانە ئەسڵەکەوە ناکرێن چییە؟

و: بۆ وەرامدانەوەی ئەم پرسیارە قسەکانی پرۆفیسۆر ئاغا مووسا ئاخوندۆڤ بە بیر دێنمە. لام وایە زۆربەی خوێندەواری کورد (داغستانی من)ی ڕەسووڵ حەمزاتۆڤی ئاڤاریی خوێندووەتەوە. ئەم کتێبە چیرۆکێکە هۆشیاریی خەڵک و ڕاستیی ژیان و عەشق و ئەوینی هونەر و گیانی نیشتمانپەروەری و برایەتیی نێو گەلانی بەوپەڕی ڕەسەنایەتی و هونەرەوە بە تابلۆی جوان جوان بەدەنگ هێناوە. وەختی خۆی سابیر ئازەری بەشی یەکەمی ئەم شاکارەی کردووە بە ئازەربایجانی و پاشانیش بە کتێب بڵاو بووەتەوە. ئاغا مووسا ئاخوندۆڤ لەمەڕ ئەم وەرگێڕانە لە ڕۆژنامەیەکدا ساڵی ١٩٧٣دا نووسیویە دەڵێ «کە ئەم وەرگێڕانە دەخوێنێتەوە یەکسەر دەردەکەوێ کە لەگەڵ ئەسڵەکەیدا بەراورد نەکراوە»، تەنانەت کەموکورتییەکانی بەبێ بەراوردکردنی لەگەڵ ڕووسییەکەیشیدا زەق و زۆپ بەرچاو دەکەون».

من لام وایە وەرگێڕان با بەوپەڕی زمانڕەوانی و وردپێکان و بنبڕی و هێزی کار تێکردنیشەوە بێ بەڵام ئەسڵەکە هێندێ لە ڕەنگ و ڕووی ڕاستەقینەی خۆی کە هەرگیز نایەتە نێو چوارچێوەی زمانێکی دیکەوە، دەدۆڕێنێ و نابژێردرێ، بەڵام هونەری وەرگێڕ دەتوانێ لە سەرێکی دیکەوە ئەمە پڕ بکاتەوە و بیبژێرێ، ئەویش بەوە سەر دەگرێ وەرگێڕانەکە با بەهەر زمانێ بێ، لەگەڵ ئەسڵەکەدا بە یەکدی بگیرێن و هەر کەموکورتییەکی بەرچاو بکەوێ وەلا بخرێ.

هێندێ وەرگێڕان هەر لە هەوەڵکۆوە خوێنەر هەست بەوە دەکا لە وەرگێڕان ناچێ، هەر دەڵێی وەرگێڕان نییە. ئەمە یەکێکە لە نیشانەی هونەرمەندیی وەرگێڕ..

هۆی زۆر شێوان و لەقبوونی مەبەست و خواستی ڕاستەقانیی شتێکی وەردەگێردرێ لەوەوە دێتە گۆڕێ کە وەرگێڕ بەو واتا و بەستە سەرئاوکەوتووانەوە دەگلێ، کە لە یەکەم لە زەین نەخشبوونیدا قەڵەمی لێ

دەخاتە کار. من لام وایە ڕستەیە، یا بەندێ دەبێ وەربگێڕدرێ، نەک شەرح بکرێ... هێندێ کەس لە جیاتی وەرگێڕانی ڕستەکە، دێ شەرحێ دەکا، شتێ دەڵێ وەک دەڵێن (لازم)ی مەعناکە دەنووسی، ڕاستە قسەکە، بە کوردی نانووسێ.

ڕاستییەکەیت دەوێ وەرگێڕانی ئاوهای وشە بەوشەی مەتن و دەقێکی هونەری چۆنیەتی و تایبەکارێتیی ئایدیا و هونەرکارێتیی بێ دۆڕاندن و پێ لەباربردنی ئەو دەقەیە و بە هیچ چارەسەرێکیش تۆڵەی بۆ ناکرێتەوە و ئەم زیانەی بۆ نابژێردرێ. بێگومان دەبێ وەرگێڕان زۆر بە وردی بکرێ. بەڵام کاتێ قسە لە وەرگێڕانی هونەری دەکرێ کارەکە مەعنایەکی بەرفراوانتر و تایبەکارتری لێ دەفامرێ، وشە بەوشە وەرگێڕان کارێکی کەت و نەوەکامە. کاتێکی کار دەگاتە وەرگێڕانی شاکاری هونەری لە جیاتی وەی بیر و واتای دەقەکە سەرجەمی ڕەنگ و ڕووی دەقەکە بەسەریەکەوە وەک شتێکی پتەو و کەلنەکراو بە دەستەوە بدا، بەزۆری بە پچڕپچڕی و لە مەبەست دوور و شل و شۆق و کەل و کۆم و پارچە پارچەی بەدەستەوە دەدا. بە کورتی وشە بەوشە وەرگێڕان لەبەرئەوەی کارێکی سووک و سانایە وەک پیرەدارگوێزی سەرەڕێ هەرکەسێکی بەلادا تێ دەپەڕێ چەلاکێکی بۆ درێژ دەکا... کاری سووک و سانا هەموو بابایێ تەماحی تێ دەکا، چیی وای تێ ناچێ، بەڕاستی ئەمە مەترسییەکی زۆر و ماڵوێرانییەکی گەورەیە، من تکا لە وەرگێڕان دەکەم، لە پێشان ئەسڵەکە بخوێنێتەوە، ئینجا دەبێ ئەوەش بزانین کە زمانی کوردی هەر ئەو چەند وشە و ڕستە کەمە نییە کە ئەو لە گەڕەکەکەی خۆیان، لە گوندەکەی خۆیان، یان لەو چەند کتێبی فێرگەییانەی بەغەڵەت و پەڵەت کراون بەکوردی، فێریان بووە.

بەیان، ژمارە ١٤٦، ئاب ١٩٨٨

# بێدڵ

شوکور مستەفا

میرزا عەبدولقادری بێدڵ، کەڵەشاعیری کلاسیکی ئەدەبیاتی تاجیکی و فەیلەسووف و زانای بەناوبانگی سەردەمی خۆی، وەک حوسەین قولیخانی عەزیم ئابادی لە (نشتر عشق)دا نووسیویە، لە هۆزی بەرلاسە، کە زۆر لە ئۆزبەگەکانی ئۆزبەگستانی ئەمڕۆی سۆڤیەت بەڕەچەڵەک دەچنەوە سەریان. میرزا عەبدولقادری بێدڵ لە ساڵی ١٠٥٤ک– ١٦٤٤ز، لە هیندستان، لە عەزیم ئاباد (بەنگال) لە بنەماڵەیەکی جەنگاوەردا لەدایک بووە. لە ساڵی ١١٣٣ک– ١٧٢١ز لە دهلی کۆچی دوایی کردووە.

بێدڵ لە ڕۆژگارێکی زۆر بەگرێ و گۆڵ و تووش و پڕ کێشمەکێشی سیاسی و ململانێی توندوتیژی بیر و بڕوادا ژیاوە. ئەو ڕۆژگارە هیندستانیش و ئاسیای ناوەندیش بە سەردەمێکدا دەڕۆیشتن ڕژێمی ئاغایەتی لە ناوەخۆوە تووشی ناکۆکی و دەگژیەکڕاچوونێکی سامناک بووبوو و تا دەهات بەرەو توندوتیژی دەچوو. لەم سەردەمەدا شاجەهان (١٦٢٧– ١٦٥٨) و ئاوڕەنگزیب (١٦٥٨– ١٧٠٧) پادشایی دەکرد لە هیندستان. پاش مردنی ئاوڕەنگزیب، لە ساڵی ١٧٠٧وە تا ١٧٢٠ زیاد لە پازدە حوکمڕان هاتوونە سەر تەختی ئیمپراتۆرییەتی مەغولان لە هیندستان. ئەو ڕۆژگارە دەوڵەتەکانی ئەوروپای ڕۆژاوا تازە موستەعمەراتیان لە هیندستان دادەمەزراند.

بەپێی (نشتر عشق)ی حوسەین قولیخانی عەزیم ئابادی و (شمع انجمن)ی محەمەد سدیقی حەسەن خان، بێدڵ زۆر بەتاسە و پەرۆشەوە زانست و هونەرەکانی سەردەمی سوختەیێتی فێر بووە. لە تەمەنی دە ساڵیدا کتێبی

(الكافیـة)ی نەحـوی زمـانـی عــەرەبیی زۆر چـاک لەبەر بووە و چـاکـیـشـی تێ گـەیشـتـووە، لە ئەدەبیـاتی تاجـیکیدا تێگەیشـتنێکی جوانـی پەیدا کـردبوو. تەنانەت شیـوەننامەیەکی بەشـیعر بە بۆنەی مردنی باوکییەوە نووسـیوە. بەڵام وەک خـۆی دەڵێ، لە تـەمـەنی بیست سـاڵیـدا، ئیـدی دەسـتی داوەتە شـیـعـر نووسـین و شیعرەکانی بەناو خەڵکدا بڵاو بوونەوە.

میـرزا بێدڵ لە مەدرەسە و حـوجرەوە تێ هـەڵچووە و سـواری لافاوی زانست بووە، بـەڵام لە پـاشـان وازی لە مـەدرەسـە و حـوجـرە هـێناوە، چونکە خـوێندنی مـەدرەسـە و حوجـرەی ئەو ڕۆژگارە لەو وڵاتە بەپێی بەند و باوێکی زۆر بە گرێ و گۆڵ و وشـک و دەقگرتە بوو و لەگەڵ حەوسـەڵە و مجێزی بێدڵدا نائاشنا و لە شـانی گـران بوو، تـەنانەت ئەوەندە لە وشکەسـۆفـیـتی و بـەگـرێ و گـۆڵیی خوێندنی ڕەسـمیی ئەو سـەردەمە بە گازندە و گلەیی بوو، فڕی هـاوێشتووەتێ و بە تووڕەیییەوە دەڵێ:

در مـدرسـه خـامـوش چراغ است امـروز،

آتکشـــدان خـــروش داغ است امــــروز،

مـاناکـەی: «مـەدرەسـە چرای کـوژاوەتەوە زانای تێـدا نەمـاوە (آتشکده) لە جۆش و خرۆشدایە ئەمڕۆ، نەزانی گەیشتووەتە پۆپە».

بەڵام دایکی ژنێکی زۆر بەسـەلیقە و خـەمـخـۆر دەبێ، خوێندنی سـەربەخۆ بۆ کوڕە زیرەک و لێـهاتووەکـەی فـەراهـەم دەکـا. شـێخ کـەمـال و میـرزا قـەلەندەر و میرزا زەریف هـەریەکە لە سـەرێکەوە دەست دەدەنە باڵی کوڕە، بەهرەی فراژی دەکـەن و دەیخـەمـڵـێنن. مـیـرزا قـەلەندەر بۆ خـۆی پیـاوی لـەشکر و شـەڕوشـۆڕ بووە، خـوێندەواریشی نەبـووە بەڵام هـەر بە سـەلیـقـە شـاعـیـر بووە، پیـاوێکـی تا بڵـێی ژیر و بە ئـاوەز بووە. خـاوەن ئەزمـوونی زۆر بووە. لە دنیـازان و زۆرزان بووە. فـریشکی بێدڵی لە شـاعـیرێتی، بەپیـاوەتی، بەمـەردایەتی، بەسـەربەرزی هـەڵداوەتەوە، هـەرچی میرزا زەریف بووە، شـەرعزانێکی زەبر بەدەست بووە، بە هـەقـپـەرسـتی و و دادپەروەری و مـرۆڤدۆسـتـیی گـۆش کـردووە. شـێخ کـەمـال مـێـشکی بە بیـرکـردنەوەی قـووڵ و بە وردی بۆ شت چوون زاخـاو داوە. کـوڕە

خۆی بە جەوهەر بووە، دەستی پیاوی خۆی، وەستای خۆی کەوتووە و نرخ و بەهایان لە دنیا گەیاندووە.

شێخ کەمال زمانی ئەدەبیاتی هیندیی زۆر چاک زانیوە. لە فەلسەفەی هینددا ئێجگار لێزان بووە. بێدڵ زۆرجار لەگەڵ شێخ کەمالدا بە زمانی هیندی کەوتووەتە دەمەتەقێ و موناقەشەی گەلێ مەسەلەی فەلسەفەی هیندییەوە. بێدڵ زۆر حەز لە ئەلغاز و موعەمما هەڵێنان بووە. میرزا عەبدولقادری بێدڵ بۆ خۆی لە کتێبی (چهار عنصر)دا باسی ئەوە دەکا، شێخ کەمال چۆنی فێرە فەلسەفە و ئیلاهییات کردووە. (چهار عنصر) پوختەی فەلسەفە و حیکمەتی هیندە بە زمانی فارسی- تاجیکی[1]. بێدڵ جگە لەمە فەلسەفەی هیندی سەرلەبەر کردووە بە فارسی- تاجیکی و دەبێ لە بنەڕەتدا لە (ئوپانیشاد چێترێخ ڤێد)ەوەی وەرگێڕابێتە سەر زمانی تاجیکی. ئەم کتێبە لە ١٦٥٦دا بەسەردێری (نهێنیی نهێنییەکان)ەوە لە چاپ دراوە.

بێدڵ پاش مردنی شێخ کەمال لە کن شا فازیل و میرزا عەبدولقاسم درێژەی بەخوێندنی خۆی داوە و بەرەبەرە ئاسۆی زانیاریی فرەوانتر بووە و پلەی لە ڕاستی گەیشتنی بەرەو ژوورتر هەڵکشاوە. میرزا بێدڵ لەگەڵ هەژار و دەستەوسانان هاوپێوەند بووە. هەژار و دەستەوسانی ئەو سەردەمە زۆربەیان لە ڕیزی بزووتنەوەی دەروێشیدا بوون. بێدڵ ماوەیەک هەڵوەدایان بووە، بەڵام بیر و بڕوای لە دنیای راستەقانی دەسبەرداری بەلای بێدڵی زاناوە، بیر و بڕوایەکی نامۆ و لە سروشتی مرۆ بەدەر بوو. لەبەر ئەوە لە شێخ و دەروێش و قەلەندەر و عەیاران دوور کەوتووەتەوە. پاشان چووە بووە بە پێشخزمەتی دەرباری محەمەد ئەعزەم شای کوڕی ئاوڕەنگزیب. بەڵام زۆری پێ نەچووە، وازی لە هەموو شتێ هێناوە و سەرلەبەری ژیانی بۆ زانست و

١- مەبەست لە تاجیکی: واتا (دەری). ئەو فارسییەی خەڵکی تاجیکستان و ئەفغانستان و بەگشتی خوراسان و ماوەرای نەهر قسەی پێ دەکەن، ئەبوعەبدوڵای ڕوودەکی یەکەم شاعیرێ بوو کە بەم شێوە فارسییە شیعری گوتووە و لە سەردەمی (نصر)ی سامانیدا ژیاوە لە (٩٤٠ز) مردووە.

هونەر و ئەدەبیات تەرخان کردووە.

میرزا عەبدلقادری بێدڵ، دەڵێ، دەبێ هەموو ئینسانێ هونەرێکی هەبێ، هەموو ئینسانێ کارێکی هەبێ. زۆری ڕک لە ئینسانی تەمبەڵ و نەکارە و مفتەخۆر و لامژ و کاسەلێس و چڵکاوخۆر دەبووەوە، لە (چهار عنصر)دا دەڵێ:

تا فضل و هنر آینیە پرداز نشد

ز اقبال دری بروی کس باز نشد

ماناکەی: «تا کارامەیی و هونەر و بەهرە وەک ئاوێنە سەیقەل نەدرا، دەرووی دوارۆژی خۆشی لە ڕووی کەس نەکرایەوە.» میرزا بێدڵ زۆری گەشت و گەڕان کردووە. ژیانی وڵاتی هیندستانی لە نزیکەوە لە ڕەگ و ڕیشەوە، بە هەموو چین و توێژاڵ و دەستەجاتێکییەوە بەسەرنجی تێ نۆڕین و بیری قووڵەوە بێژت. لە دروێنەی ئەزموونی گەشت و گەڕانەکانیدا کەس دەسکی لە دوو نەکردووە.

میرزا ئاشنا و رۆشنای گەلێ زانا و فەیلەسووف و هونەرمەندی نەخشگەر و نیگارکێشی سەردەمی خۆی هەبووە، بە درێژاییی ژیانی دۆستێکی گیانی بەگیانیی نیگارکێشی بەناووبانگی هیندستان، (ئیتووب چاتر) بووە، میرزا بێدڵ لە سای ئەم هەموو چالاکییەیەوە دەورێکی ئێکجار ئاشکرا و گرنگی لە بیر و بڕوای سۆفێتی و (باطنی)یەت و (وحدة وجود)دا بووە.

میرزا بێدڵ قێزی لە حوکمڕان و فەرمانڕەوای زۆردار و خوێنڕێژ زۆر بووەتەوە و ڕکی زۆر لە حوکمڕانی خوودسەر و هەر خۆحسێو بووە. محەمەد ئەعزەم شا داوای لێ دەکا بە شان و باهوویدا هەڵبڵێ و بە شیعر پەسنی بدا، بێدڵ لە وەڵامدا گوتوویە:

بیدل مرا هزرەدرایی شأن نیست

مدح میر و ستایش سلطان نیست

زین دست کلامی، کە ز ما می شنوید

غـیـر به اسـحـا خـدمت یاران نیـست

مـاناکـەی: «بێـدڵ قسـەی هـەرزە و هیچ و پووچ لـە شـانی من نـایە، پەسن و ستایشتی میر و سوڵتان نادەم. ئەگەر پەسنێ، ستایشتێ لە شیعرەکانمدا هەبن، ئەوە شیاوی دۆست و هاومەسلەکەکانمە و بەس.»

واتا بە شـان و باهووی مـیر و سـوڵتـاندا هـەڵگوتن بـۆ گـیـرفـان پڕکـردن و خۆشگوزەرانی ڕێگایەکی چەپەڵە، چونکە، ئەوەی مـەداحێ دەیڵێ زۆری درۆن لە راستییەوە دوورن.

شـاعـیـر هێندەی مـوعـەمما و ئەلـغـاز دەربارەی پایە و پلەی ئینسـان و گـەورەییی ئەقڵ و ئـاوەز و ئاکـار و رەوشت لە شـیـعرەکـانی ئاخنیـوە لە هـەر چەرخـێکدا بە بـارێکدا دەگـونجێ لێک درێنەوە، چونکە هێند پڕ مـانـایی و بەربڵاوییـان تێدا ڕەچاو کراوە، بەبەریانەوە هەیە بۆ سـەدان چـەرخی دیکەش بگونجێن و لەبار بن جا کێهە شاعیری گەورەی جیهان وا نییە. فەرموو ئەوە نیـزامی، سـەعـدی، عـیـمـادەدینی نەسـیـمی، فـزولّی، ئەبوعـەلای مـەعـەری، موتەنەبی، هەر کامێکیان تۆ دەیگری هەر بەو جۆرە نەبووە؟ ئەوەتا میرزا بێدڵ بۆ خۆی دەفەرمووێ:

شـعـرم کـه بـه صـد زبان فـرود آمـدەاست،
در چندین وقت و آن فــرود آمــدەاست،
تـورات نبــــود تـا بگـویم کـــــه هـمــــه
یکبــاره ز آســمـــان فــرود آمــدەاست

مـانایەکـەی: «شـیـعـرەکـانم کـە بـە سـەد زمـان، واتا بە سـەد مـانا لێک دەدرێتــەوە، لە وەخت و ســەردەمی جـۆراوجـۆردا گـوتراون. خـۆ نەبووە بە تەورات، تا بڵێم هەمووی بەیەکجار لە ئاسمان هاتوونەتە خوارەوە.»

وە ئەم ڕایەیشی لەم چەند دێرە شیعرەیدا هەر ڕووت و ئاشکرا دەربڕیوە:

بیــدل در نســخـــهء رمـــوز اشـــعـــار
عـــیـــبم نکنی به نکتـــهخـــوان بیکار

خـــوش دار کـــه در نظم وجـــود انســـان
چون ناخن و مست، عضـو بی حس بسیار.

مـاناکـەی: «بێـدڵ لێم بە عـەیب مـەگرە کـە شـیـعرەکـانم قسـەی هەرزەیان تێـدایە، ئـەی نابینی لەشـی بنیـادەمـیش ئەندامی بێ هـەسـتی وەک نینۆکی تێدایە!»

مـیـرزا بێـدڵ زۆر بە بەرهـەم بـووە، سـەلیـقـەی زۆر بـە برشت بووە. پـتـر لە (١٢٠) هـەزار دێرە شـیـعـر و زیاد لە (٢٥- ٢٠) هـەزار لاپـەڕە پەخـشـانی نووسـیوە. سـەرجـەمی نووسـینەکـانی، کە بەنـاوی (کلیات)ەوە کۆ کراونەوە خـۆ لە (١٦) بەرگە کتێب دەدا.

جگە لەم بڵاوۆکـە چاپە بەردانەی کتێبەکـانی، چەندین دەسـتنووسـیشـیـان هـەن و نوسـخـەی جـۆراوجـۆریان لە کـتـێـبـخـانەکـانی تاشکەند و ئـەندیجـان و سـەمـەرقـەند و بـوخـارا و لینین ئاباد و سـتـالین ئاباد و زۆر جـێگای دیکە لە وڵاتی ئاسیای ناوەند و سۆڤێتیشدا هـەن.

بەرهـەمەکانی بێدڵ لە نیگای ی. م. مۆئمینۆڤەوە کە کتێبێکی لەسـەر بیر و بڕوا و فـەلسـەفـەی مـیرزا بێدڵ بە زمـانی ئۆزبەگی نووسـیـوە و مـەعـهـەدی فـەلسـەفـە و حـوقـووق، ئـەکـادیمیـای هونـەرەکـانی کـۆمـاری ئیـشـتـیـراکی ئۆزبەگسـتانی سـۆڤێتی لە ١٩٥٨دا بڵاوی کـردووەتەوە و من بۆ خـۆم زۆرم لەم کتێبەوە هەڵگوێزتووە لەم نووسینەمدا، هەرە بە بایەخەکانیان:

١- (چهار عنصر)ە. ئەم کتێبە بە پەخـشـان نووسراوە. کراوە بە شیعریش. بە مـەزەنە لە ١٧٠٣دا نـووسـراوە و تەواو بووە. بێـدڵ لەم کـتـێـبـەیدا باسـی ژیانی خۆی دەکا، پتر بابەتی تەزکەرەنووسی (ئاوتۆبیۆگرافیک)ە نووسە و لە دوو بەشـەکـانی دواییـدا لە (چهـار عنصـر)، چـوار سـرشت: هـەوا، ئاو، خاک، ئاگر، لە پەیدابوونی گیـا و گیانلەبەر و ئینسان دەدوێ. هـەروەها لە ڕۆحی مەتڵەق و ڕۆح و شتی دیکەیش دەدوێ، ئەوەیشی لە بیر نـەچووە بیر و بڕوای تایبەتی خۆی لەبارەی دەوری ئاین و ڕۆحانییەتەوە دەربڕێ.

بەڵام کتێبەکە چەندین حیکایەت و ئەفسانەی پەری و جندۆکە و خەو و خەون دیتن و شتی دیکەی لەم جۆرە بابەتانەیشی تێدان. بەهەرحاڵ، کتێبەکە لە ڕووی شەرحی حاڵی بێدڵ خۆی و بیر و بڕوای جیهانبینییەوە سەرچاوەیێکی هەرە گرنگە.

٢- (عرفان) ئەم کتێبە شیعرە. لە ڕووی رووخساریش و ناوەڕۆکیشەوە شاکارێکی گەورەی میرزا بێدڵە. لە (١٠٠٠٠) دە هەزار دێرە شیعر پترە. بەقسەی بێدڵ، خۆی لە ١٧١٢- ١٧١١دا نووسیویە و تەواوی کردووە.

ئەم شاکارە لە کۆمەڵزانی، لە فەلسەفە، لە حوقووق و فیقە، لە مێژوو، لە سروشتزانی، لە ئەدەبیات دەدوێ.

بێدڵ لەم کتێبەدا زاراوە و ترۆمەکانی شەریعەت و تەسەووفی بەکار بردووە.

لە تەبیعەتی بێ گیان و گیانلەبەران دەدوێ و بیروڕای خۆی لەمەڕ پەیدابوونیان و چارەنووسینیان دەردەبڕێ. هەروەها لەبارەی (هەس) و (نەس) و (مان) و (نەمان) و (بوو) و (نەبوو)ەوەی، نووسیوە و ئەم مەقوولانەی لە نیگای خۆیەوە شی کردووەتەوە و ئەنجامی لێ هەڵگوێزتوون و تاریفی کردوون. بێدڵ زۆری بایەخ بە دیمانە (نظرية)ی (زانست) (نظرية المعرفة) داوە. کامەن زانیارییەکی بەهۆی ئەندامانی هەستەوە دەردەست دەکرێ؟ زانیارییەکی لە ڕێی شیکردنەوە و ئەنجام وەرگرتنەوە وەگیر دەکەوێ؟ ترازووی ڕاستی کامەیە؟ وەڵامی ئەمانەی هەموو داوەتەوە.

بێدڵ لەبارەی فەلسەفەی کلێشەگۆڕیی گیان (تناسخ الأرواح)ی فەلسەفەی نموونایەتی (المثالية)ی هیند و بیر و بڕوای پشت بە پێوار (توكل) بەستنەوە، بە درێژی قسەی کردووە و بە نیشتەری ڕەخنەی داوە، بێدڵ بڕوای بەسەربەستی و موختارییەتی ئینسانە. زۆری بایەخ بە دەوری ئەقڵ و خواست و ئیرادەی ئینسان داوە. لەمەڕ ژیان و گوزەرانی وەرزێر و کرێکاری سەردەمی ئاغایەتی (فیۆدالیزم)ی هیندستانی نووسیوە و باسی سەختی و تووشی ژیانیانی کردووە. کەواتا (عرفان)ی بێدڵ، وەک فەرهەنگستانی

ئیسلام (دائرة المعارف الأسلامیة) نووسیویه کتێبی نییه، تەنیا هەر باسی سۆفێتیی کردبێ و بەس.

٣- (نقاط) ئەم کتێبەی میرزا بێدڵ لە زانستی حیکمەت دەدوێ، خوار و ژوور خۆ لە ٢٨ ڕووپەڕێ دەدا و نادا، کتێبەکە پوختە و پاڵاوتەی هەموو بیر و بڕوا فەلسەفییەکانی میرزا بێدڵە. نووسەر لەم کتێبەدا بنەمای هەموو بیر و بڕوا فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی خۆی بەیان کردووە. ئەوەی لەم کتێبەدا جێی سەرنجە، بێدڵ ئەم دنیا و ئەو دنیای لێک جوێ نەکردووەتەوە. یەکەمیانی بە جیهانی ژیان و جیهانی ئاقڵانە و شایستەی ئادەمیزاد داناوە.

بێدڵ کۆمەڵێ (رباعیات) و (غزلیات)یشی هەن و لەم شیعرانەدا بەتوندی فڕ داوێتە شێخ و زاهید و قەلەندەرانی، بەنەزان و نەکارە و تەمبەڵ و لامژ و مفتەخۆر و درۆزن و دووڕوویان ناو دەبا. پێی وایە حەقیقەت و ڕاستی شتێکی زۆر ڕوونە. بەڵام هەمیشە ئینسانی ساختەچی و کەڵەباز خۆیان لە پێستی زاهید و شێخ و قەلەندەر و چی و چیی دیکەدا حەشار داوە و دەستی ئینسانی ساویلکە و رەنجدەریان بڕیوە. لەبەر ئەوە سووک و ریسواکردنی بە ئەرکی سەرشانی زانیون.

بێدڵ زۆر بەڕوونی شەوقی بە جیهانبینی- فەلسەفەی یەکەتیی هەستی (وحدة الوجود)ی سەردەمی خۆی داوەتەوە. بەڵام ئەوەی ئاشکرایە فەلسەفەی (وحدة جود) هەیە و فەلسەفەی، (وحدة موجود) هەیە. یەکەمیان فەلسەفەی سۆفێتییەکەی (ابن عربي) (لە ١١٦٥دا لە ئیسپانیا لەدایک بووە و لە١٢٤٠دا لە دیمەشق مردووە) و ئیمامی غەزالی بوو، کە جیهانی واقیعی مادیی بە جیهانی خەیاڵ و رواڵەت و مەجازی لە قەڵەم دەدا و جیهانی ڕاستەقانیی بەلای ئەم فەلسەفەیەوە، جیهانی رۆحە نەمرەکانە. هەرچی فەلسەفەی (وحدة موجود)ە لای وایە ئەو جیهانەی هەیە بە هەموو جۆرە بابەتەکانیەوە هەر هەبووە و هەر دەبێ و لە بنەڕەتدا مادە و رۆح یەک شتە. ئیبن سینا یەکێکە لەوانەی ئەم بیروڕایانەیان هەبوو. دیارە ئەم فەلسەفەیە لەلایەن موتەکەلمینی

ئیسـلامەوە ڕەت کراوەتەوە و بە ڕاست نەزاندراوە و چونکە ئەوان باوەڕیان بە تاکـە (قـدیم)ێ هـەیە و بەس، کـە دەکا خـوا. مـەبەسـتـم لەم باسـە ئەوەیـە کـەوا دەردەکەوێ میرزا بێدڵ یەکێ بووە لەوانەی بڕوایان بە (وحدة موجود) بووە.

بە تێکڕایی جـیـهـانبـینیی مـیـرزا بێـدڵ هـەر لـە بنەڕەتـەوە پێـشکـەوتووخـوازانەیە. زۆری بایەخ و نـرخ بە ئەقڵ و ئاوەزی ئینسـان داوە و ئەقڵ بە لای ئەوەوە توانایە، بە قودرەتە، هونەر و بەهرەی ئینسـان سـەرچاوەی هـەمـوو داهێنان و ئیجاتکارییـەکە. بە هـەمـوو هێـزێکییـەوە جاڕی بیر و بڕوای پێشکەوتـووخـوازانەوە ریازات و سـروشـتـزانی و فـەلسـەفـەی شـۆڕشـگێـڕانەی دەدا و خوێندەوارانی ئەو سـەردەمە بەرەو ئەو ڕووکارە دەنگ دەدا.

بێـدڵ لە مـێـژووی ئەدەبیـاتـی ئۆزبەگ تاجـیکدا وەک ڕووداوێکی فـیکری، سـەدان، پەیڕەوی بۆ بەدەنـگ هـاتن. تەنانەت سـەردەمانێ فـەلسـەفـەی بێدڵ بووە بە ڕێبازێکی ئەدەبی و فیکری و (بێدڵخوازان) دەوری خۆیان هـاتوونە گۆڕێ. ڕۆژگـارێکیش بووە هێـزی کۆنەپەرست لە دژ بیر و بڕوا و جیهـانبینیی میرزا بێدڵ وەستاون و هەڵیان کردووەتێ.

لە دوادوای چەرخی نۆزدەهەمدا میری بوخارا خوێندنەوەی کتێبەکانی بێدڵ بە بیـانووی ئەوەوە کـە گـوایە ناخـودایی (ئیلحـاد)ە، قـەدەغـە کـرد. کـەچی لایەنێکی کـۆنـەپەرسـتـی دیکەی هـەلـخـواز دەرفـەتیـان لە ناوبـانگ ڕۆیشـتنی فەلسەفەی بێدڵ هێنا و بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کردیانە خوێنەکەی سیاوەش و هـەر بەنـاوی ئەوەوە بە جـمـوجـۆڵ کـەوتـن و بیـر و بڕوا و فـەلسـەفـەکـەیان بۆ بەرژەوەندیی تەسکی خۆیان کلک و گوێ کرد و تێکیان شێواند.

بەڵام پاش ئەوەی میللەت سـەرکـەوت، فـەلسـەفـەی مـیرزا بێدڵ هـاتەوە سـەر بارە زانسـتـانەکـەی خۆی و ئێسـتا خوێندەواری پێشکەوتخوازی نەتـەوەکەی و هـەمـوو نەتەوەیەکی پێـشکەوتـخـوازی دنیـا بەچاوی ڕێز و قـەدرزانینەوەی دەنۆڕنێ.

لە کۆتاییدا ئەم چەند دێرە شیعرانەی بێدڵ لە ڕووی چۆن ڕوانینە دنیاوە بە نموونە دێنینەوە:

ای سـزاوار یقین، دارم حـدیثی در مـیـان
بی گمـان دریاب، فـارغ شـو ز وهم قـیل و قـال!
نیست تخم از میوه برون، مـیوه برون از درخت
گـرچه از تخم است اینجـا هر نهـالی را کـمـال
هست عالم آن درخت و، میوه انسان، تخم خاک
چند شـاخ و برگ بینی، میوه را چشمی به حال

ماناکەی: «ئەی شیاوی یەقین، قسەیەکی تازەم هەیە بێ شک و گومان تێی بگە و لە قسـەی پڕوپووچ واز بێنە! تۆو لە مێوە بەدەر نییە و مـیوە لە درەخت بەدەرنییـە، گەرچی فراژووبوونی نەمام لێرەدا لە سایەی تۆوەوەیە. جیهان ئەو درەختـەیە و میوەکەی ئینسانە و تۆوەکـەیشی خاکە. ئەگەر لق و گەڵا بە مـیوە ببینی، ئەوە نیشانەی کوێریتە.»

مـیـرزا بێدڵ فـەیلەسـووف و شـاعیر و ئـەدیب و هونەردۆست و ئاشـقـەکار لەبارەی کار و هونەرمەندی و نووسەرییەوە دەڵێ:

«ای کـتـاب حـسـاب کن تکرار!
نقـد مـحض ز جـیب سـعی برار!
نسق گـیـرودار عـالم باش!
جـوهر افـتـخـار آدم باش!
جنبش در بنال قـدرت ریز!
از نیـسـتـانی صنع شـور انگیز!
تـا صـریـر قـلم دهـد آواز،
از پـر طـابـران گـلـشـن راز،
صـفـحـەها را صـفـای آیینه کن!
حـسن خط در آن نمایینه کن!
حـیـرت وحـشـیـان دشت قـدم،
سـیـر دارد به دامگـاه رقم.

صنع کـاتب به رغم طبع فـضـول،
شغل خاصیست گر شوی مشغول،
چون بر این شـیـوه آسـتین مـالی،
سـر افـلاک بر زمین مـالی.
هرچه از نقش کـیف و کم یابی،
گـرد از کـوچهء قلم یابی.
آن چه دارد جـهـان ظلمت و نور،
گـیـرد از لوح قـدرت تو ظهـور،
لفظ ریزی و مـعنی انگاری،
پرده بندی و جلوه بشـمـاری،
غـیب در صـفـحـات شـهـود شـود،
عـدم از خـامـه ات وجـود شـود،
صـاحب لوح القلم باشی،
به، کـه افـسـرده چون رقم باشی.
ای بەدست آر خـامـهء نقـاش!
صـورت مـعنی مـصـور باش!
بـه تـأمـل چـمـن طـرازی کـن!
به هجـوم خـیـال بازی کن!
دل اگـر بر سـبـیل اگـاهیـست
کلک مـو هم دلیل آگـاهیـست
فکر باید چو کلک مـو باریک
تا به کنه سـوار شـود نزدیک.»

مـاناکـەی: «کـتـێبی حـیسـاب دووبارە کەوە و پارەی نەخت لە گـیـرفـانی کۆششی دەرێنە، لە کاروباری دنیادا بەتەرتیب بە. گەوهەری شانازیی مرۆ بە

پەنجەی توان و کارامەییت وەکار بێنە. لە قەمیشەلانی هونەر و پیشەوە دنیا بەجۆش و خرۆش بێنە. سیرەی خامەت ئاوازەی پەڕ و باڵی تەیروتووی گوڵشەنی ڕاز بێ. کاغەز وەک نەینۆک مشت و ماڵ دە. لەسەر ئەو کاغەزە مشت وماڵ دراوە خەتی جوان بنوێنە، کێویی دەشتی قیدەم (مانا و مەفهوومی نادیر و بەدەگمەن) لەو شوێنانە دەگەڕێن داوی خەتیان بۆ نراوەتەوە... هونەری نووسین لەگەڵ بیر و زەوقی پیاوی ئەحمەقدا ناگونجێ. نووسەری کارێکی تایبەت و بەدانسقەیە، ئەگەر خەریکی بی، ئەگەر بەم شێوەیە باسکی لێ هەڵماڵی، سەری گەردوون بە ئەرزدا دەماڵێ - هەرچییەکی لە نەخشی (کیف و کم) (جەوهەر و عەرەضی) بەدەست دێنی، گەردێکە لە کووچە و کۆڵانی قەڵەمی وەدەست دێنی - تاریکی و ڕووناکیی هەموو دنیا لە لەوحی قودرەت و توانی تۆ پەیدا دەبێ. بە قسە دارشتن و ماناپێکان و پەردە لەسەر لادان و جیلوە پێکردن، پێوار لەسەر لاپەڕەیی زەینت ئاشکرا دەبێ و نەسی (عدم) بە خامەت دەبێ بە هەسی (وجود) و ببێ بە خاوەن قەڵەم، چاترە لەوەی، وەک ڕەقەمی بێ گیان بی. واتا: چاترە لەوەی بێکار بی، دەست دە خامەی نیگارکێشی، وێنەی مانا نیگار بکێشە، بەڕامان و بیرکردنەوە چەمەن و گوڵزار بچنە، یاری بە هەڵمەتی خەیاڵ بکە. ئەگەر دڵ بە ڕێگای هۆشیارییەوە بێ نووکی موویش دەبێ بە بەڵەد و ڕێشاندەر. بیر دەبێ وەک نووکی موو تیژ و باریک بێ تا زوو کرۆک (کنە) بسمێ. زوو ئیدراکی حەقیقەت بکا..

کاروان، ژمارە ٤٧، ئاب ١٩٨٦

# پەیمانی دیاربەکر

## ١٩٠٩

ئەم یەک دوو لاپەڕەیەی لێرەدا دەیخوێنییەوە بەئەسڵ، لە کۆواری چارچرا، ژمارە ٢ی ساڵی ١٩٨٦دا، لە ستۆکهۆڵم، بەشێوەی کرمانجیی باکور بڵاو کراوەتەوە، نووسینەکە هی کاک مالمیسانژە. مالمیسانژ نووسەرێکی دمللی (زازا)ی دیاربەکرە و لەمێژە لەسەر زمانی کوردی، مێژووی کورد، لێکۆڵینەوە و وتاران بڵاو دەکاتەوە. ئەم هەواڵەی لە کۆواری ناوبراوەوە بۆ ڕوونووس کردبووم و بۆی ناردبووم. منیش شەرحی هەواڵەکەم لە کرمانجیی باکورەوە کرد بە سۆرانی و دەقی بەڵگەکەم هەروەک خۆی هێشتەوە. بەبێ دەسکاری لە پیتی لاتینییەوە کردم بە پیتی کوردی – عەرەبی و وا لێرەدا بڵاو دەکرێتەوە.

شوکور مستەفا

وا بەدیار دەکەوێ لە سەروبەندی مەشرووتییەتی دووەمدا، لایەنگرانی کۆمەڵەی (اتحاد وترقي)ی دیاربەکر ئەم ڕۆژنامەیەیان دەرهێناوە. ئەم ڕۆژنامەیە، بەتایبەت ژمارە دوازدە (١٢)ی، بۆ ئێمە شتێکی گرینگ و بەبایەخە. چونکە لەم ژمارەیەدا نووسینێکی کوردی بڵاو کراوەتەوە. ئەم نووسینەی کە ئێمە لە پاینەوە، پێشکێشتانی دەکەین، زۆر بەڕوونی، دووڕوویی کاربەدەستانی (اتحاد وترقي)ی ئەو سەردەمەمان بۆ بەدیار دەخە، کە بەرانبەر بەکورد چۆن کەوتوونە دەک و دەهۆ و کەڵەکبازی گێڕان.

بەش بەوەندەی ئێمە پێ دەزانین، ڕۆژنامەی پەیمان، یەکەم ڕۆژنامەیە کە جێگای بۆ کوردی نووسین تەرخان کردبێ. لەبەر هەندێ، ئەم نووسینە

دەساوێژ و بەڵگەیەکی لەمێژینەیە. یەکەم ژمارەی پەیمان لە (٥)ی جۆزەردان (حوزەیران)ی ساڵی ١٣٢٥/ ١٩٠٩دا دەرچووە.[1] لەو گوێرەی پرۆف، حیلمی زیا ئوێلکەن بەدیاری دەخا، زیا گوێک ئاڵپ بۆ خۆی نووسەری سەرەک بوو و جگە لە ناوی ڕاستەقانیی خۆی، لەم ڕۆژنامەیەدا، بەنازناوی وەک (ویداد) و (تەوفیق سەدات) و (محەمەد مەهدی)یش شتی بڵاو کردووەتەوە. دیسانەکە، هەر بەپێی بۆچوونی حیلمی زیا ئوێلکەن، لە ژمارە ١٢ی پەیماندا زیا گوێک ئاڵپ نووسینێکی بەتورکی و کوردی، بەناوی (سووڕەتی نوتق)ەوە نووسیوە و ئەم نووسینەیشی لە ساڵی ١٩٠٩دا، پێش ئەوەی بۆ کۆنگرەی (اتحاد وترقي) کە لە سلانیک گیرا، بچێ، دوا نووسینی بووە.

وەک ئاشکرایە، سەردەمێ، سەروساخت و پێوەندیی زیا گوێک ئاڵپ بە نیشتمانپەروەرانی کوردەوە زۆر باش بووە و ئەو سەروەختە، لە زمانی کوردی و ڕەوشی کۆمەڵایەتیی کوردانی هێندێ کۆڵیوەتەوە[2]. بەڵام هەر لەپاش کۆنگرەی سلانیک لە ١٩٠٩دا. ئیدی خۆ لە بیروباوەڕی تورکایەتی و تۆرانێتی نزیک دەکاتەوە و تا دێ پتری پێوە دەچێ و زیاتری لەسەر دەکۆڵێتەوە. لە پاشان ئیتر دەبێ بە ئایدیۆلۆگی تورکایەتی و تۆرانێتی و تا دەمرێ، هەر لەو ڕێگایەوە، خزمەتی تورکیا دەکا.

ژمارە ١٢ی پەیمان کە ئێمە دیتومانە و ئەو شتانەی حیلمی زیا ئوێلکەن باسیان دەکا، لە هێندێ نوقتاندا لێک ناچن و وەسەریەک ناچنەوە. لەم ژمارەیەدا، دەربارەی ئەو نووسینە کوردییە، گوتراوە، کە گۆیا، نووسینەکە قسەی مەزهەر ئەفەندی یوزباشییە. گۆیا، لەپاش لێخۆشبوونی گشتی، ئەو سەردەمە ٧٩ کەس ئازاد دەکرێن و مەزهەر ئەفەندیش بەبۆنەی ئەم لێخۆشبوونەوە، لەپێش دایەرەی جەندرمەی دیاربەکرێ، ئەم خودبەیەی داوە. هەر لە عەینی وەخت و جێگەدا میری کاتب زادە شوکوریش تورکییەکەی

(١) ئوێلکەن، حیلمی زیا، مێژووی بیری هاوچەرخ لە تورکیا، بەڵاوکی ئوێلکەن، چاپی ٢. ئیستانبووڵ، ١٩٧٩، نمرە ٢٩٨.

(٢) بڕوانە: سیلۆبی نمرە: ٢٤.

یەکسەر بەکوردی دەڵێتەوە.

میری کاتب زادە شوکوری، هەروەها خێوی ئیمتیاز و کارگێڕی بەرپرسیاری ڕۆژنامەکەیە. بەڵام بەپێی حیلمی زیا ئوێلکەن، خاوەنەکەی و کارگێڕەکەی زیا گوێک ئاڵپە. لەم ژمارە ١٢یەدا کە ئێمە دیتومانە، نەناوی زیا گوێک ئاڵپ و نەشنازناوەکانی، کە حیلمی زیا ئوێلکەن دیاردییان بۆ دەکا بەرچاو دەکەون، بەڵام سەرچاوەیەکی دیکەی تورکان دەڵێ، لە ژمارە ١٢دا (هی پەیمان) نوتقێکی ئەو (مەبەست زیا گوێک ئاڵپە– ن. م.) بەکوردی دەرچووە.

پەیمان

ڕۆژنامەیەکی فیکریی سەربەخۆی عوسمانییە کە هەفتەی جارێ، ڕۆژی دووشەمە دەردەچێ.

ساڵی یەکەم، ٢٨ی شەعبان، ١٣٢٧ – ٣١ ئاغستۆس ١٣٢٥– ١٩٠٩ نمرە:١٢

خێوی ئیمتیاز و کارگێڕی بەرپرس:

میری کاتب زادە شوکوری.

سەرنووسەر: ک. باقی.

جێگای چاپ: (دیاربەکر ولایەت مطبعەسی) چاپخانەی ویلایەتی دیاربەکر.

لاپەڕە: ٣

ئەمەیش کوردییەکەی ئەو خودبەیەیە کە لەلایەن خێوی ئیمتیاز، شوکوری ئەفەندییەوە نووسراوە (ئەم خودبەیە بێ ئەوەی ئێمە هیچ جۆرە دەسکارییەکی زمانەکەی بکەین، وا لێرەدا، وەک خۆی، بڵاوی دەکەینەوە – ن. م.) گەلی کورمانجا، گەلی برا:

ئیرۆ هوون زانن چ ڕۆژە، ئیرۆ ڕۆژا عەفویا پادشاهە. ئیرۆ ئیدراک..

(کەلیمەیەک نەهاتە خوەندن – ن. م.) ڕۆژا ئەوها نەهاتییە دیتن؛ قەدرێ وێ ڕۆژێ بزانن. ل وێ (؟) لازمە هوون بزانن چرا هوون حەپس بوونە، ژ وەڕا بدم

فـەهـم كـرن. بەلێ، ئـاخـاتـی بێ خـوارن نابە؛ خـوارن ژی بێ ترسـاندن و بێ كوشتن نابە، مەشـرووتییەت ئاخاتی بەتال كر، بەگیتی هلانی. ژ ڤر پێڤە، میر و گزیر یەكن. ئاخاتی تونە، عەشـیرتی تونە، خێر خێر عەشـیرتی هەیە، فەقەت نە وەك بەرێیە، نها هەر مللەت عەشیرەتەكین. ئەم ژی عەشیرا عوسمانلینە، ئێـدی مللی، سلیـڤی، زركی، پەنجناری، ڕەشكۆتی تونـە، تەنێ، تـەنێ عوسمانلی هەیە. ئەم هەمی عوسمانلی برایێ هەڤن، دۆكشـۆری، هەوێركی تونە؛ خەلیل بەگی[٤]، سلێمان بەگی، ئیسماعیل بەگی[٥] تونە، چخسوور، شلبیت (؟) تونە؛ تەنێ عوسمانلی و یونان هەیە. عەشیرا مە عوسمانلییە. عەشـیرێ دنا مۆسـقۆف، ئینگلیز، فـەرەنگ دۆستێ مـەنە. ئەلمان، نەمسە (ئاووستریا – ن. م) ئیتالیا نەیارێ وانە. عەشیرا مە، مللەتێ مە بەرێ قەلس بوو، نها خورتە. چرا؟ چونكە پادشاهێ مە بەری قەلس بوو، نها خورتە. چرا؟ چونكە پادشاهێ مە بەرێ عەبدولحەمید بوو. (عبدالحمید) بێبەخت بوو. خائین بوو. ئیرۆ پادشاهێ مە سولتان محەمەد رشاد خان. ب دینە، ب ئیمانە، ب بەختە، ب وجدانە. ژ عەدالەتێ حەز دكە، ڕاستی حەز دكە. ئم عەشیرەكی مەزنن. موسلمان، فلە هەچی ب دل و جان عوسمانلی بن ژ عەشیرا مەنە. ڕەئیسێ عەشیرا مە پادشاهێ مەیە، ژ خەینێ وی ڕەئیس، میر، ئاخا تونە. هەچی ئاخاتی، مەزنایی دخوازە برا ڕاستی بكە، قەنجی بكە. من گۆتبوو هنەك ژ بۆ ئاخالەر هاتنە گرتن، بەلێ وەڕەیە. چونكە ئاخا نێچیرڤان و سەگمانە، نێچیرڤان و سەگمان بێ تاژی نابە. هنەك تاژی ئاخانە. ژ بۆ عەردێ خوە، ژ بۆ مالێ خوە هاتنە گرتن... (چەند كەلیمە نەهاتنە خوەندن – ن. م.) ئاخا ناخوازن كە كەسەك خودی عەرد و ملك بە، خودی ڕەز و پەز بە. دبێژن كو عەرد و ملك تەڤدە ژ ئاخارەیە. لۆما مال و دەولەت هەمی گهیشتییە وان.

---

(٤) ئەڤ ناڤانە نالێ عەشیرێن كوردانە.

(٥) سلێمان بەگی و ئیسماعیل بەگی دوو گروبێن مەزنێن عەشیرێن هەرێمێ گێل (ئەگیل) و پیران (دیجلە) یێنە كو پڕانی یا عەشیرێن دناڤ واندانە.

گەلی پسماما، گەلی برا،

عەرد ژ بۆ ڕەنجبەرانە. پەز و ڕەز ژ بۆ گوندییانە. ژ ئیرۆ پێڤە هەمی ڕەنجبەری بکن، جۆت بکن، ژ هەڤ بگەڕن. بوغز و عەداوەت مەکن. کار و عەمەلێ خوە بکن. جۆت شوخلێ پێغەمبەرایە. وەک بەرێ ژ ئەسکەرییێ مەرەڤن. ئەسکەری فەریزی جیهادە. کورمانج ژ عەشیرەتی دچن شەڕ، دبێژن: «مرن هەیە، ڤەگەڕ تونە». ئەو ژ بۆ شەیتانە لاکن ئەسکەری ژ بۆ خودێیە، ژ بۆ حیفز و نامووسا دین و مللەت و وەتەنە. ژ ئیرۆ پێڤە هەچی پڕ مێرە پڕ خورتە ب دلەکی خوەش ب کەیف ب بەست (؟) هەڕە قشلەیە شەریف. ئەسکەر یان خازی یان شەهیدە. هەردو ژی فەزیلەتێ مەزنن. ل جەم خودێ پڕ مەقبوولن. قشلە وەکی جامییە. موحارەبە نە جێی ترسێیە، خودێ هەیە خەم تونەیە. وێرگو نە (دەرد و بەلا)یە. (اعشار و ڤەماشوور) نە زولم و تەعدایە. هەمی زەکاتا شەرعییە، هەمی ژ بۆ مەساریفا دەولەت و مللەتە. ل هەر گوندەکی مەدرەسە، مەکتەب لازمە. مرۆڤێ زانا خورتە، مرۆڤێ نەزان قەلسە. کەسێ خوەندایە، زانایە خوە ناکە موستەهەقێ حەپس و زیندانا. چقاس حەپسی هەنە هەمی جاهلن، نەزانن. ژ جاهلێ بێ عەمرییا حوکومەتێ دکن. کورمانجی ب نڤیساندن، خەزەتێ کوردی بێ تەب (طبع – ش) کرن، ب زمانێ کورمانجی عیلم و مەعریفەت بێ عەلماندن(٦).

وێ چاخێ ژی کورمانج ژی دەولەتی ( دەولەمەند– ن. م.) دبن، خورت خورت دبن، ئاقل دگرن، دزانن کو مللەت چییە، وی فەهم دکن کو عەشیر وەتەن و مللەتە. ئەم عوسمانلی تەڤ دە یەک عەشیرن. ئەم هەمی دۆستێ هەڤن. دژمنێ مە یونانە. گریت (گراڤەکە ل بەحرا سپی – ن. م.) پەرچەکی ژ وەتەنێ مەیە، وەک پەرچەکێ ژ جانێ مەیە. ئەم هەمی ئەسکەرن. کینگا مە بخوازن ب دل و جان ئەم بکێشن سەر یونان.

---

(٦) ئەڤ جوملە، د بەشا ترکییا نڤیسارێدە وەهانە: «ژ ئیرۆ پێڤە، ب کوردی ژی وێ کتێب بێنە نڤیساندن، وێ ڕۆژنامێن ب کوردی ژی بێنە چاپکرن».

گەلی هەڤالا، تەڤدا گوهداری بکن:

ئیرۆ پادشاه مەرحەمەت کر، هوون عەفو کرن. لاکن هوون غافیل نەبن. ژ بیر نەکن کو ژ ئیرۆ پێڤە عەفو تونە. حوکومەت عادیل بوویە. ژ ڤێ پێڤە زولم ل فەقیرا نابە. برا پادشاهێ مە ساخ بە. برا مللەتێ مە دائیم بە. برا حورپییەتا مە ئەبەدی بە. برا مەشرووتییەتا مە بێ زەوال بە. برا جەمعەتا (اتحاد وترقي) قەواتا مللەتێ مە بە، هەر زەمان قایم بە. ئامین.

لێکدانەوەی چەند وش و ڕستێ:

ئاخاتێ: ئاغایەتی

هلانی: هەڵگرت، لابرد

تونە: نییە

نەیار: دژمن

قەلس: خراپ، زەعیف

سەگمان: سەگەوان، سەگبان

خودی: خاوەن

ژ ئیرۆ پێڤە: لەمڕۆ بەپاشەوە، لەمڕۆ بەدواوە

وێرگو: باج

فلە: فەلە

جامی: مزگەوت

خەزەتێ: ڕۆژنامە

پڕ: زۆر

خۆندا: خوێندەوار

گراڤ: دوورگە، جزیرە

بەیان، ژمارە ١٢٢، ئاب ١٩٨٦

# کوردی زادە ئەحمەد ڕامیزی لیجی

نووسینی: م. تەیفوون

زانیارییەکی لەمەڕ ئەحمەد ڕامیز بڵاوی دەکەینەوە، پتر هی ژیانی نێوان سالآنی ١٩٠٠ و ١٩١٥یە. لە ساڵی ١٩٠٠دا لە ئەستەمووڵ کۆمەڵەیێ بەناوی کۆمەڵەی عەزمی قەویی کوردستان (کردستان عزمی قوی[1] جمعیەتی)ەوە دامەزرابوو. بەش بەوەندەی کە ئێمە لێی بە ئاگاین، ئەم کۆمەڵەیە یەکەم کۆمەڵەی سیاسیی کوردەکان بوو. ئەحمەد ڕامیزیش هاوبەشیی خەباتی ئەم کۆمەڵەیە دەکا و کاری تێدا دەکا. لە ساڵی ١٩٠٤دا پەنا وەبەر میسرێ دەبا و لەوێش وەک نوێنەری ئەو کۆمەڵەیە لەسەر خەباتی خۆی پێوە دەچێ، لە سەرێکەوە لە ئەزهەر دەخوێنێ و لە سەرێکی دیکەوە لەگەڵ جۆن تورکەکانی ئەوێ تێکەڵ دەبێ و مل لە خەبات و تێکۆشانی سیاسی دەنێ.

ئەحمەد ڕامیز تا دوادواییی ژیانی خۆی لە پێناوی وەدەسخستنی مافی نەتەوەی کورد لەسەر خەباتی خۆی پێوە دەچێ[2]. سەردەمێکی کوردی زادە ئەحمەد ڕامیز لە میسر بوو، مەولوودنامە کرمانجییەکەی مەلای باتەییی لە چاپ دا لە ڕەخ مەولوودنامەکەی نووسیوە: (ناشیر "بڵاوکەرەوە" کوردی زادە ئەحمەد ڕامیز). ئەم مەولوودنامەیە لە ساڵی ١٣٢٤دا لە چاپ دراوە. ئەگەر بەمێژووی عیسایی لێکی دەینەوە، دەکا ١٩٠٦. ئەحمەد ڕامیز لە ڕووپەری پاشێی ئەم مەولوودنامەیەدا کوردان دەنگ دەدا و بەکرمانجی ئاوها دەڵێ:

«پاش حەمد و سەنایێ تام ژ بۆ خالقێ ئەنام، سەلات و سەلام سەر فەخرێ

(١) عەزم: بەزمانی عوسمانی بە واتای (مەبەست) و (نییەت) و (بڕیار)ە. قەوی: بەهێز، بەگوڕ.

(٢) سیلۆپی زنار، دۆزا کوردستان، ستەور باصم اوی، بیروت(؟) ١٩٦٩ ل ٢٥– ٢٦.

ئەنام، دگەل ئەنبیایێ عیزام ڤە ئالی ڤە ئەسحابێ وانێ کیرام ب کو، خودێ تەعالا ژ مەرە مویەسسەر (هاسان – م) کر نەشرا مەولوودێ کوردی. ئەڤ جار نییە تا من ئەز کوتوب ڤە ڕەسائیلێ کوردی تەبع و نەشر بکم. ڕجا من ئەڤە کو هەرچی لە جەم وی کیتابەک کوردی هەبت، ژ فەزڵ و ئیحسانا وە، یا ژی بۆ نامووس و خەیرەتا قەومێ خوە ژ من ڕا بشینن، حەتا کو ئەز تەبع بکم. پاشێ دگەل نوسخا وێ، چەند نوسخەیێ دن ژی ژێ رە تەقدیم دکم.»
عنوان (ناونیشان– م) کوردی زادە ئەحمەد ڕامیز. برواق السادة الاكراد في الازهر، بمصر. وەک بە دیار دەکەوێ، ئەحمەد ڕامیز بۆ لە چاپدانی کتێب و بەڵاوکی کوردی بەدڵ و گیان تێ دەکۆشێ.

کاتێکی بۆ ئەستەمووڵ گەڕایەوە، ڕووناکبیرانی کورد، پاش جاڕدرانی مەشرووتییەت، لە ١٩٠٨دا کۆمەڵەی هاوکاری و پێشکەوتنی کوردیان دامەزراندبوو. ئەحمەد ڕامیز بەگ، یەکێ بوو لە سەرۆکەکانی ئەم کۆمەڵەیە(٣).

هەروەها ئەو لە ساڵی ١٩١٠دا لە ئەستەمووڵ لە دامەزراندنی کۆمەڵی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کورددا هاوبەشی دەکا، سەعدییە کوێری پاڵوویی کە لە سەردەمی شۆڕشەکەی شێخ سەعیددا لە دیاربەکر بە داردا کرا، لە ئیفادەی خۆدا، لەو وارەدا، دەڵێ: «لەناو کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری کورددا سەید عەبدولقادر و ئەحمەد ڕامیز و د. عەبدوڵا جەودەت هاوبەش بوون»(٤).

بەپێی پێڕۆنامەی ئەو کۆمەڵەیە ئامانجەکانی ئەمە بوو:

---

(٣) ئەوەی لە «التآخي» ژ (١٠) تەمووزی ١٩٦٧ەوە جەلیلێ، جەلیل، ژیانی ڕۆشنبیری و سیاسیی کوردان (لە دواییی سەدەی نۆزدەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا. وەرگێڕ عەلی شێر، بڵاوکراوەکانی ژینی نوێ. ستۆکهۆڵم. ١٩٨٥. ل ٧٤٠).

(٤) ڕۆژنامەی وەقت. ئەستەمووڵ، ١٥– ٥– ١٩٢٥. ل (١). تاریق زەفەر تونایا نووسیویە کە کۆمەڵی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کورد لە ١٩١٩دا کراوەتەوە و کوردی زادە ئەحمەد ڕامیز و د. عەبدوڵا جەودەت لە دامەزرێنانی ئەم کۆمەڵەن بەڵام پێڕۆنامەی ئەم کۆمەڵە کە لە بەردەستماندایە لە ١٣٢٦ – ١٩١٠ – ١٩١١دا لە چاپ دراوە.

«کورد له هەموو ڕۆڵەکانی وڵات له نیعمەتی ڕۆشنبیری و پیشەسازی پتر بێبەش ماونەوە، دەبێ ڕۆشنبیری و پیشەسازی بەیەکسانی لەنێو هەمووان‌دا بڵاو بکرێتەوە».

بەندی سێیەمی ئەم پێڕۆنامەیە ئەمە بوو:

«کۆمەڵە ئێستا بۆ ئەوە تێ دەکۆشێ که له ئەستەموول قوتابخانەیێ بۆ منداڵانی کورد بکاتەوە، هەر کاتێکی بەیارمەتیی دڵسۆز و خەمخۆران باری دارایی کۆک بوو و دەست ڕۆیشت، هەنگێن له گوند و شارانی کورد، بەتایبەتی لەناو هۆز و خێڵە کوردە ستەمدیتەکان‌دا قوتابخانان دەکاتەوە و زۆریان دەکا و بەو ئاوایە بەڵکو بتوانێ نەخوێندەواری لەناو بەرێ».

لەپاش (کرد نشر معارف جمعیەتی) کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیریی کورد، ڕۆشنبیرانی کورد بەخەباتێکی هێژا له شاری ئەستەموول قوتابخانەیێ ئاوا دەکەنەوە. بەپێی هێندێ نووسیاران کارگێڕی قوتابخانەکە ئەحمەد ڕامیز بووە(٥) و بە مێرخاسی و زیرەکیی خۆی پیاوێکی ناسراو بووە و بە ئازایەتی و زیرەکی ناوبانگی ڕۆیشتووە.

له سەرێکی دیکەوە ئەحمەد ڕامیز چەند کتێبێکیشی نووسیوە. زنار سیلۆپی(٦) ناوی کتێبەکانی نووسیوە و ئەمانەن:

١- خەتایا سەلەف و خەلەف.

٢- ئیختارا دیجلە و فرات یان ژی گازییا هاوارا مابەینەننەهران.

٣- پاش ڤەمانا کوردان یان ژی کوردستان.

٤- حیمایەکرنا مەعاریف یان ژی حیمایەنەکرنا مەعاریف. جگە لەمانە، ئەحمەد ڕامیز له ساڵی ١٣٣٠ (١٩١٤-١٩١٥)دا له ئەستەموول کتێبێکی بەناوی (دیوانا دەهری) [دیوانێکی بچووکی دەهری]ەوە له چاپ داوە. لەسەر کتێبەکەی وەها نووسیوە: «ناشری (ئەوی له چاپی داوە) کوردی

(٥) سیلۆپی. ل ٢٦.

(٦) سیلۆپی. ل ٢٦.

زاده ئەحمەد ڕامیز».

نووسیاری ئەو کتێبە دەهرییە.. دەهری نازناوی حوسەین کامییە. حوسەین کامی، خۆی شاعیر و نووسیارێکی داغستانی بوو. لەو کتێبەدا هێندێ هەڵبەست و نووسینی دیکەی وی هەن. بەو نووسینانەدا وا بەدیار دەکەوێ کە حوسەین کامی لە ساڵی ١٩١٢دا لە حزبی حورڕییەت و ئیئتیلافدا کاری کردووە. ئەو حزبە لەو ساڵانەدا لە دژی کاربەدەستانی ئیتیحاد و تەرەقی بوو. هەروەها ئەحمەد ڕامیزیش لە دژی ئەو کاربەدەستە تۆرانییانە خەباتی دەکرد.

دیسان لە نووسینەکانی حوسەین کامی وا دێتە فامکردن کە لەو سەروبەندەدا، ئەویش و ئەحمەد ڕامیزیش، پێکەوە لە قوتابخانەی ڕەهبەری ئیتیحادی عوسمانیدا کاریان کردووە. ئەو بەندانەی خوارێ کە لە دیوانەکەی دەهریمان وەرگێڕاوە، لە مێرخاسی و ئازایەتیی ئەحمەد ڕامیز و ئەو شتانەی کە بەسەر بڵاوکەرەوەی دیوانچەی دەهری هاتوون، دەدوێ. دەهری ئەو نووسینەی خۆی بەناوی ڕاستەقانیی خۆیەوە، حوسەین کامی، نووسیوە(٧).

### ئاشکرابوونی ڕاستییەک
### (وەڵامی ڕۆژنامەی عەلەمدار)

«نووسیاری بەڕێز...

حەوت مانگ لەمەوپێش، کاتێکی ویستم دیوانچەی دەهری چاپ بکەم، فیداکاری بەناوبانگ ئەحمەد ڕامیز ئەفەندی سەرێکی لێ دام و گوتی دەست بەم کارەوەدان دووبەختی و بڤەیە. بەڵام من بۆ خۆم دەمویست بۆ مەبەستێکی تایبەتی دیوانچەکە لە چاپ بدەم...» «پاش ئەوەی کە

---

(٧) بنۆڕە. دیوانچەی دەهری بڵاوکەرەوەی: کوردی زادە ئەحمەد ڕامیز، چاپی دووەم. لە جەغال ئۆغڵوو، چاپخانەی ئامەدی. ئەستەموول، ١٣٣٠ – ١٩١٤–١٩١٥. ل. ١٢٥– ١٤٠.

ئەحمەد ڕامیز لە مەبەستەکەم گەیشت، گوتی: «مادامێکی وایە، بۆ ئەوەی بتوانم خزمەتێ پێشکێش بە وڵاتەکەم بکەم، تۆ لەناو ئەم کارە دەردێنم و بڵاوکردنەوەی دیوانچەکە لە ئەستۆی خۆ دەگرم. چونکە لەو کاتە ناسکەدا وڵات زۆری حەوەجە بە تۆیە».

پاش ئەو بڕیارە کتێب لە چاپ دەدرێ. بەڵام کتێب هێشتا لە چاپخانە دەبێ پۆلیس هەڵدەکەنە چاپخانە و دەست بەسەر کتێبەکەدا دەگرن و حوسەین کامی دەگرن دەیدەنە (دیوانی حەرب). حوسەین کامی لەم ڕووەوە دەڵێ:

«وەختێکی بۆ دیوانی حەربیان بردم، فیداکاری قەدر بڵیند، کوردی زادە ئەحمەد ڕامیز ئەفەندی، لەو ڕادەیەدا بوو، تەماشا دەکەم، لەپێش مندا گەیشتووەتە دیوانی حەرب. لەوێ گوتی ئەم پیاوە هیچ سەروکارێکی بەم کتێبەوە نییە و کتێب کتێبی منە. بەو ڕەنگە منی ڕزگار کرد و خۆی هاویشتە نێو ئاگرەوە».

پاش ئەو ڕووداوەیش حکوومەت کوردی زادە ئەحمەد ڕامیز بۆ قاستەمۆنی دوور دەخاتەوە[٨]. لە پاش ئەوە، هەروەها حکوومەت نیازی ئەوەی دەبێ قوتابخانەی ڕەهبەریی ئیتیحادی عوسمانی کە پێشتر باسمان کرد، داخا.

حوسەین کامی لەسەر قسان دەڕوا، دەڵێ: هاوشارییەکانی کوردی زادە هەر دەهاتن بۆ بەبەک[٩]، یان لەبەر پردی[١٠] دادەنیشتن و منیش دەمدیتن. داوای یارمەتییان لێ دەکردم تاکو ڕێگایێ بۆ کوردی زادەی بێچارە بدۆزمەوە و ڕزگاری کەم... ئاخرییەکەی هاتن پێیان گوتم کە سەرێکی وەزارەتی ناوەخۆ بدەم. منیش هەر خەریکی مەسەلەی قوتابخانە و ئەو فەلاکەتەی بەسەر کوردی زادە هاتبوو و ئەو بۆ تێچێنییەی خەفیە بۆیان تێچێنی بوو و ئەو

---

(٨) قاستەمۆنی. لە ڕۆژاوای باکوری تورکیا، ناوی شارێکە.

(٩) بەبەک: ناوی گەڕەکێکە لە قەراخ بۆسفۆر، لە ئەستەمووڵ.

(١٠) پرد: پردەکەی نێوان قەرەکۆیی و سرکەچی لە ئەستەمووڵ.

شتانە بووم. ئەوانیش تێیان گەیاندم، کە دەبێ موراجەعەتی دادگای دیوانی حەرب بکەم. دیوانی حەرب گوتی: «ئێمە بڕیار دەدەین، بەڵام لێخۆشبوون کاری حکوومەتە و پێیان گوتم کە سەر لە مودیرییەتی پۆلیس بدەم».

پاشانەکێ، بۆ چارەسەرکردنی ئەم پەتپەتییە سێ پێشنیازیان خستمە پێشێ، لێیان داوا کردم کە لە ماوەی پازدە ڕۆژاندا بیر بکەمەوە و بڕیاری خۆم بدەم. پێشنیازی یەکەم: دەبوو من پەسنێکی[11] وام نووسیبا کاری سێ فرِم[12] کە پێشان لە هەق تەڵعەت بەگم[13] نووسیبوون بەتاڵ کردبایەوە. هی دووەمیان: دەبوو من بەنووسین سوێندم بەقورئانی پیرۆز و شەرەف و ناموسی خۆ خواردبا کە ئیدی من جارێکی دی ببڕای ببڕای، نە بەپەخشان و نە بەهەڵبەست هیچ شتێ لە دژ ئیتیحاد و تەرەقی نەنووسم. هی سێیەمیان، ئەو مووچەیەی حکوومەت بۆی بڕیبوومەوە دەبوو قوبووڵم کردبا.

ئەمنیش دە بەرانبەر ئەو پێشنیارانە مات بووم... ئێوارێ بەحاڵی نەخۆشییەوە گەڕامەوە بۆ بەبەک[14]. ئەمن لە کۆشکەکەی تەڵعەت بەگی دراوسێمدا نوورەدین بەگی پایە بڵیندم، کە نوێنەری کۆنی سیوەرەک بوو، دیت، تکام لێ کرد، تاکو ڕۆژێکی دیکە پێکەوە بچینە کن سادق بەگی سەرۆکی دووەمی حزبی حووڕییەت و ئیئتیلاف. هەرچەند ئێمە پێکەوە چووینە ناوەندی گشتی (مرکزی عمومی)، بەڵام سادق بەگمان نەدیت، چونکە بۆ کن دۆستێکی خۆی چووبوو. ئیدی ناچار ماین تا ڕۆژی پاشێ چاوەنۆڕ کەین، من دە بن گەف و هەڕەشەدا بووم. دە بن هەڕەشەی کوشتنێدا بووم، دەبووا من پێش بانگی ئێوارێ گەڕابامەوە ماڵێ و دەرنەکەوتبام...»

زۆرداران بەڵێنیان دابوو کە بە مەرجی چوونە ژێرباری پێشنیازەکانیان،

---

(١١) پەسن: مدحية.

(١٢) فرِ: هجو.

(١٣) تەڵعەت بەگ: وەزیری حکوومەتی ئیتیحاد و تەرەقی بوو.

(١٤) وا دیارە ماڵی حوسەین کامی لە گەڕەکی بەبەک بووە.

ناوی کوردی زادە ئەحمەد ڕامیزیش بخەنە نێو لیستەی ئەو گیراوانەی کە دەکەوتنە بەر لێخۆشبوونی گشتیی دەی تەمووزێ. لەبەر ئەوە، برادەران هەموو داوایان لێ کردم کە منیش لە ماوەی سێ مانگاندا وەکو وان بکەم.

ئیدی ئێمە بڕیارمان دابوو کە مووچەیەکی دەمدەنێ، بۆ فیداکاری قەدربڵیند کوردی زادە ئەحمەد ڕامیزی بنێرین تا بتوانێ پێی بەڕێ بچێ بەڵام من بەهیچ جۆرێ مەسەلەی پەسن نووسینەکەم بۆ قووت نەدەچوو... سەبارەت بەمە، ئێمە ڕووداوەکانمان سەرلەبەر لە کوردی زادە ئەحمەد ڕامیز ڕاگەیاند. من لێرەدا وەڵامەکەی بێ هیچ دەسکارییەک دەنووسم:»

«یا حەزرەتی دەهری!

من نامەکەتم وەرگرت. زۆرم کەیف بە ساغ و سەلامەتیتان هاتەوە. زوڵم و زۆریی زۆرداران ناتوانێ چاومان بترسێنێ. ئەوەی لە هەمووانی پتر خەمگین کردم، لەم زستانە بێ بەزەیەدا داخستنی قوتابخانە و لە کووچەهاویشتنی، ئەوە بەتەواوەتی ڕوون دەکاتەوە کە ئاوها لەپێش چاوی خەڵک دەتوانن بەو ڕاشکاوی و ئاشکراییە ئەوە بکەن و چ لە تاوانکارییان نەپرینگێنەوە.

کاتێکی دەربەدەر کرام و دوور خرامەوە، ویستیان بە بەرتیل(١٥) لە خشتەم بەرن. من گوتم: «من ناتوانم پارەی خەفیەتی قبووڵ کەم» و بە ناردنی بروسکان بۆ ڕۆژنامەکانی ئەستەمووڵ نارِازیتیی خۆم دەربڕی. لەم بارەیەوە، من نامەم لە ئێوەشەوە وەرگرت کە ئێوەش هەق دەدەنە من. لێرە من بەڕۆژنامەفرۆشی و کتێبفرۆشی بەڕێ دەچم و گوزەرانیی خۆم دەکەم.

ئەو پارانە میللەت لە دەمی خۆی دەیگرێتەوە و بۆ پێشخستنی ڕۆشنبیری بە خەرج دەدا. نابێ ئێوە ئەو پارەیە بۆ من بنێرن، بیدەن بەو قوتابخانە بێچارەیە کە منداڵان بەبێ پارە فێرە خوێندن دەکا و

(١٥) لێرەدا وشەیەک باش نەخوێندرایەوە.

تەنانەت جلوبەرگیشیان بۆ دەکا. ئەگەر ئێوە ئەو پارەی مندالآنە بدەنەوە پێیان، هەنگێن میللەتە مەزنەکەمان لە دوارۆژدا کە مەسەلەکە ئاشکرا دەبێ و پێش دەکەوێ، ئەوسا ڕێز لە ئێوەیش و منیش دەگرێ، ئەمەیش خەلآتی هەرە هێژایە بۆ ئێمە. ئیدی سلآو لە شەوکەت بەگی بەغایی و[16] پالّەوانەکەمان، ئەوی بە غیرەت و دلّسۆز و لە هەموو دۆستان دەکەم.

کوردی زادە ئەحمەد ڕامیز

حوسەین کامی پەسنێکی بۆ تەلّعەت بەگ نووسی، بەلآم ویستی پەسنێکی وای بۆ بنووسێ پەسنیش بێ و فرِیش بێ. واتە، ویستی لە پەنای پەسنداندا، هێندێ تەوس و تیزان بە تەلّعەت بەگ بکا. لە دوایی ئەم پەسن و فرِەوە حوسەین کامی بەم جۆرە باسی کوردی زادە دەکا:

«... آصفا لطفنه مظهر أوله كوردي زادة

نفسي قوقتي اونك اكل ايدرەك ثوم وبصل»

(ئەی وەزیر با کوردی زادەیش لە لوتفی تۆوە پارەی خۆی وەربگرێ. چونکە هێندە سیر و پیواز دەخوا هەناسەی بۆنی دێ).

حوسەین کامی لە دوایی نووسینەکەیدا دەلّێ: «شۆڕشی نوێ، ڕێزی کوردی زادەی بە چەپکە گولآن گرت.»

ئەحمەد ڕامیز، لە دوادوای سالّی ١٩١١دا گیراوە و دوور خراوەتەوە و لە پاشان بەر لێخۆشبوونی گشتی کەوتووە و ئازاد بووە. ئەمە لە خەبەرێکی ڕۆژنامەیەکی تورکییەوە کە ناوی (تقويم وقائع) بوو هەر بەو ئاوایە فام دەکرێ. بەو پێیەی کە تاریق زەفەر تونایا نەقلّ دەکا، ١٣٠ دوورخراوە لە سالّی ١٩١٢دا لەلایەن حکوومەتی ئەحمەد موختار پاشاوە عەفو دەکرێن. لەناو ئەمانەدا، ناوی (ئەحمەد ڕامیزی کتێبفرۆشی دیاربەکری)یش

---

(١٦) شەوکەت بەگ: لایەنگرێکی حزبی حورِییەت و ئیئتیلاف بوو.

دەبینین[١٧]. لەم خەبەرە وا بەدیار دەکەوێ کە ئەحمەد ڕامیز پێش دوورخرانەوەی بەکتێبفرۆشییەوە خەریک بووە، یان کتێبانی لە چاپ داوە. زنار سیلۆپیش نووسیویە، دەڵێ خەلیل خەیاڵیی مۆتکی، میری کاتب زادە جەمیلی دیاربەکری و کوردی زادە ئەحمەد ڕامیز چاپخانەیەکیان دامەزراندبوو و چاپخانەکە سەر بە (کرد تعاون و ترقي جمعیەتی) کۆمەڵی هاوکاری و پێشکەوتنی کورد بوو[١٨].

دەبێ تێکەڵییەک لە نێوان ئەم چاپخانەیەی و چاپخانەی (مطبعەیی آمدی) ڕووی دابێ. ئەوەندەی ئێمە لێی بەئاگا بین ئەوەیە کە، پێڕۆنامەکەی (کرد نشري معارف جمعیەتی) (١٩١٠)یش و دیوانچەکەی دەهریش (١٩١٤- ١٩١٥) لە چاپخانەی ئامێدی لە چاپ دراون. لە ساڵی ١٩٢٤دا کتێبێکی گۆستاف لۆبۆن کە عەبدوڵا جەودەت کردبووی بە تورکی لە چاپخانەی ئامێدی لە چاپ دراوە. ئاشکرایە، ناوی کۆنی دیاربەکر ئامەدە.

شتێکی دیکەیش سەرنجی پیاو دەبزوێنێ داخوا، دەبستانی ڕەهبەریی ئیتیحادی عوسمانی و ئەو دەبستانەی کوردان لە ئەستەموول کردبوویانەوە تێکەڵ بەیەکدی نەبوونە؟ لەم بابەتەیشەوە، هیچ بەڵگە و دەساوێژێکمان بەدەستەوە نییە. بەڵام هێندێ نووسیار دەڵێن ناوی ئەو قوتابخانەیەی کوردەکان، (دەبستانی مەشرووتییەت) بوو[١٩].

کتێبێکی دیکە کە ئەحمەد ڕامیز لە ساڵی ١٣٣٠دا (١٩١٤- ١٩١٥) لە چاپی داوە، کتێبی د. شەرەفەدین مەغموومییە بەناوی (حقیقەتی حال). ئەم کتێبە، پێشتریش لە ساڵی ١٨٩٧دا، لە پاریس لە چاپ دراوە. نووسیاری ئەم کتێبە د. شەرەفەدین مەغموومی (١٨٧٠ - ١٩٢٧)ی جۆن تورکە و بە ئەسڵ و

---

(١٧) بنۆڕە تاریق زەفەر تونایا. کۆمەڵە سیاسییەکان لە تورکیا بەرگی ١. ئەستەمووڵ. ١٩٨٤. ل ٣٠٧.

(١٨) سیلۆپی. ل ٢٣.

(١٩) د. جەلیلێ جەلیل. ل ٨٨.

بنەچەکە عەرەبە. لەبەر تێکەڵبوونی لەگەڵ ئیتیحاد و تەرەقی، لە ساڵی ١٨٩٧دا گرتبوویان و دووریان خستبووەوە. پاش قەدەرێ، لە دژی پان عوسمانیزم ڕاپەڕی و چووە ناو گرۆی (میزانجی موراد)ەوە. پێویستە بە بیری خوێندەی بێنینەوە کە میزانجی مورادیش، دوای ئەوە کە دادەخرێ، حوسەین کامی لە کتێبەکەیدا دەوری بەئیجابی لە قەڵەم دەدا. بەپێی ئەم زانیارییانە پیاو دەتوانێ بڵێ، وا دیارە کە لەو سەردەمەدا ئەحمەد ڕامیز تێکەڵیی لەگەڵ ئەم گرۆیەشدا هەبووە. زنار سلۆپی، دەڵێ: ئەحمەد ڕامیز پێش مردنی لە شام ژیاوە و هەر لەوێش مردووە و لە گەڕەکی کوردەکان نێژراوە.

حەیف، لەوە بەولاوە هیچ شتێکی تر لەبارەی کوردی زادە ئەحمەد ڕامیزەوە نازانین(٢٠).

بەیان، ١٢٦، کانوونی یەکەم ١٩٨٦

---

(٢٠) لەبارەی لە شام ژیانی ئەحمەد ڕامیز و لەوێ نێژرانی ویستمان لە نووسیارانی تێکۆشەر عوسمانی سەبری و نوورەدین زازا بپرسین. بۆ ئەم مەبەستە، نامەمان بۆ هەرتکان نووسیبوو هەردوو بەڕێز لە وەڵامدا نووسیبوویان کە هیچ خەبەرێکیان لەمەڕ ئەحمەد ڕامیز و لە شام بوونی نییە. کاک عوسمان سەبری لە نامەکەیدا نووسیویە:

«... نامەکەت بەدەستم گەیشت، زۆر بەداخەوە کە ناتوانم بە کارت بێم... جا توخوا تۆ باوەڕ دەکەی من ئەمە یەکەم جارە ناوی ئەحمەد ڕامیز دەبیستم. ئەم پیاوە نەهاتووە بۆ سووریا. ئەگەر هاتبا من هەر دەمناسی. ئەمن لە دوادوای ساڵی ١٩٢٩دا هاتمە سووریا و چوومەتە ناو خۆیبوونەوە و کارم تێدا کردووە، بەڵام من ئەم ناوەم نەبیستووە... بەڕاستی زۆر فهێتە کە من هیچ شتێ لەبارەی ژیان و خەباتی ئەم پیاوەوە نازانم. گوناهـ گوناهی ئەو هاورێیانەی بووە کە هیچ شتێکیان لەبارەیەوە بەئێمە نەگوتووە. ئەدی هەر لەبەر ئەو هەموو کەموکووڕی و چاونەبارییانە نەبوو بەری خۆم ڕاگوێزتە شەڕی بۆرجوای کورد؟»

عوسمان سەبری

# عەلی عەبدوڕەحمان
# شاعیر و نووسەری کوردی ئەرمەنستانی سۆڤیەت

عەلی عەبدوڕەحمان مەمەدۆڤ، شاعیر و نووسەری کوردی ئەرمەنستانی سۆڤیەت لە ڕێبەندانی ساڵی ١٩٢٠دا، لە قەزای وانێ، لە گوندی بایرەک، لە بنەماڵەیەکی ڕەوەند لەدایک بووە. لە هاوینی ساڵی ١٩٢٦دا، لە تاو شالاوی زوڵم و زۆر و قاتوقڕی پاتشای ڕۆمی، ١٥٠٠ ماڵە کوردی هۆزی بڕووک کۆچ دەکەن، پەنا دەبەنە بەر وڵاتی سۆڤیەت. ماڵی عەبدوڕەحمانیشیان لەگەڵ دەکەوێ، دەچتەوێ لەو وڵاتە دەرووی ژیان و گوزەران و خوێندنیان بۆ وەسەرپشت دەخرێ، عەلییە چکۆلەیش لەو ژیانە نوێباوەدا چاو هەڵدێنێ و وەروێڕکە دەبێ.

لە ساڵی ١٩٣٢دا عەلی عەبدوڕەحمان لە فێرگەی شەوانەدا خوێندنی سەرەتایی (سوختەیی) تەواو دەکا و هەر لەو ساڵەدا لە فێرگەی پیشەکاریی کوردیی یەریڤان وەردەگیرێ. لە ساڵی ١٩٣٧دا ئەو پلە خوێندنەیش دەبڕێ. لە ساڵەکانی ١٩٣٧-١٩٤١دا لە زۆرینەی گوندەکانی ناوچەی (کووتایکێ)ی کوردەواریی ئەو وڵاتە مامۆستایەتیی زمانی کوردی دەکا.

لە ١٩٤١دا، کاتێ شەڕی نارەوای فاشیستە خوێنخوارەکان شالاویان بۆ سەر وڵاتی سۆڤیەت برد، عەلی عەبدوڕەحمان لە فێرگەی سەربازیدا دەخوێنێ، لە پاشان دەبێ بە پێشمەرگە لە دژ ئەڵمانە هیتلەرییەکان دەچێتە جەبهەوە و هەم لە ڕادیۆ و هەم لە گەرمەی شەڕدا کوردایەتی دەنوێنێ کە چەند ئازا و چالاکە.

لەپاش شەڕ بڕانەوە و فاشیست ڕاونان، لە ١٩٤٥دا لە مەعهەدی خ

ئابۆڤیان وەردەگیرێ، پاشان لە باکۆ لە کولیەی دنیازانیی بەشی ئازربایجاندا وەردەگیرێ و لە ١٩٤٩دا خوێندن تەواو دەکا.

لە ١٩٤٩دا دەبێ بەکارگێڕی فێرگەی ناوەندی لە ناوچەی (باسارگێچار) لە جاقرلوو.

لە سای خەباتی دڵسۆزانەوەی، لە ١٩٥٠دا دەبێ بەسەرۆیری بەشی خوێندنی هەموو خەڵکی باسارگێچار.

لە ١٩٥٣دا لە وەزارەتی مەعاریف و ڕۆشنبیریی ئەرمەنستانی سۆڤیەت دەبێ بە پشکنێر.

لە ساڵی ١٩٥٥ەوە تا ئێستا گەلێ وتار و چیرۆک و لێکۆڵینەوە و سەربهورد و ڕەخنەی ئەدەبیی جۆربەجۆر و وەرگێڕانی لە ڕۆژنامەی (ڕێیا تەزە)ی کوردەکانی ئەرمەنستانی سۆڤیەت بڵاو کراونەوە.

زۆریش لە بەشی کوردیی ڕادیۆی یەریڤانەوە بڵاو کرانەوە، لە ساڵی ١٩٥٧دا بۆ یەکەم جار بەشێ لە سەرگوزەشتی وی (مۆرۆف) لە (نڤیسکارێ کوردا) یە سۆڤێتییێ [نووسەرانی کوردی سۆڤیەت]دا بەرەفۆکێ تە چاپ دەدرێ بەڵام لە ساڵی ١٩٥٩دا کتێبی یەکەمی بە ناوی (خاتێ خانم)ەوە لە چاپ دەدرێ. هەر لەو ساڵەدا کتێبی (کوڕگەلی کورد هوشیار بن) لە زمانی ئازەربایجانییەوە دەکا بە کوردی و لە چاپی دەدا.

لە ساڵی ١٩٦١دا بەسەرهاتی وی لە کتێبی (عەفراندنێ نڤیسکارێ کوردێ سۆڤێتیێ) [تەئلیفاتی نووسەرانی کوردی سۆڤیەت] بەناوی (دوو دلێ حز کری) [دوو دڵی حەز لێک کردوو] لە چاپ دەدرێ.

کتێبەکانی عەلی عەبدوڕەحمان، لێکۆڵینەوەکانی، ڕەخنەکانی، چیرۆکەکانی، شیعرەکانی، تەرجەمەکانی لە نێو خوێندەی کورددا زۆر بەتاسووقی دەخوێندرێنەوە.

تا ئێستا (خاتێ خانم) و (دێ) و (گوندی مێرخاسا) و چەند وتار و چیرۆک و شیعریم خوێندووەتەوە، وەک تێی گەیشتووم چونکە هەر لە منداڵییەوە

بنەماڵەکەی لە زێد و نیشتمانی خۆی تەرە بووە، غەریبی و نامۆیی لە نووسینە ویژدانییـەکانیـدا بە خـەسـتی ڕەنگ دەداتەوە، هەمـیـشـە بە سـۆزی ئەشـقی کـوردسـتـانەوە گـۆرانی دەڵێ. شـیـعـرەکـانـی پڕن لە کـوردایەتی لە نیگایەکی مـرۆپەروەری و جیهانبینییەکی گەشـەوە، لە هەر کـوێیـەک بیسـتبێتی زۆر لە کورد دەکریٚ بەپێی توانی لەسەری هەڵی داوەتێ.

ئەوەی لـەم چەند دێرەدا بـۆم نووسـیـوی، هـێندەی بـەبەرەوە نیـیـە زۆرت بۆ لەسەر بڕۆم، با وەڕەزت نەکەم، فەرموو شیعرەکانی و چیرۆکەکەی بخوێنەوە. جا هـەنگێ بۆ خۆت سەرپشک بە!

## کوردستانا عەزیزڕا

کـوردسـتـانا مـە، تـو چـقـاسـی شـیـرینی
تـو بـۆ کـــوردا ڕۆنـایـا چـەعـــقـــانـی
نـاڤێ تـە هـەر دلـەکـــیـــدا گـــولـە
چاوان خـــوون ناڤ دلدا دوخـــولخـــولە
ڕاستە، ئەزی چووک بووم لێ کال و باڤ
وردبێن، خـــوون کـــشـــیـــایە وەکـــە ئاڤ
لێ کـوردا شــەڕ کـرییـــە مـــێـرخـــاسی
وەتـەنێ خـــوە نـەفـــرۆتـیـــە تو کـــەسی
خـــــوونـخـــــورا تـو بـرینـدار دکـــــری
ئـو کـــــۆکـــــا مـلـەتێ مـــــە دبڕی
مـــالهـــەمـــبـــوونا تـە ژی تالان دکـــر
دوور دســـــەکنی ب قـــــەلف دکـــــر
ئـەز لاوەکی کـــوردایی نـاڤـــســـــەرە
تـاریقـــا تـە دخـــوونم ســـەرانـســـەرە
دل و هـــــنـــــاڤـــێ مـــن دیـــەڕتـــە
لـەمـــــا ژی ســـــوژدەدارم ئـەز بـەر تـە

ئو من خواندییە فەقییێ تەیرا
ئەحمەدێ خانی، دەلالێ دلا
مەلایێ جزیری ئو جەگەرخوون
دل – هناڤێ من بوونە کاف و کوون
ئەو نالییانە کالییانە ژ دەردا
ڕێیا ئازایێ دانە مێشیا کوردا
هەر شێرەکە وان بۆ مە ئۆجاخە
تو قەوات تونە، ژ دلا دەرخە
دلێ منی زەلوول هێسا نابە
قەلبێ منی ڕەشە قەت قەنج نابە
سەبا تە قودوومێ من شکەستنە
ئەز زانم کوردستان جییێ مێرانە
کوردستان تو مەسکەنێ بوک – بەرانا
تاریی شەعدەیە بۆی وان تالانە
کوشتنا مێرا، میراتبوونا مالا
ڕەش – حەشێ ئو داغا دلا
کوردستانامە، تو چقاسی شیرینی
تو بۆ کوردا ڕۆنایا چەعڤانی
ناڤێ تە هەر دلەکیدا گولە
چاوا خوون ناڤا دلدا دخولخولە

## دێ

پێشکێشی دییا خوە

ئامنا نەڤی دکم.

دلێ تە فرەیە چاوا عەسمان و بەعر
بۆنا من ڕۆنایی ددە شەڤ ڕۆژ هەر دەر
هێلەچانێ دحەژینی لووری دبێژی
دەردێ کەڤن بیر تینی و دڕێژی

دایک، دایکا منە دەلالە – حەلال
من ژ جۆت کانییێ تە ڤەخار شیرە زەلال
شیرێ تە زەلالە – حەلالە چا کەوسەر
من ژ وان کانییا ڤەخارییە سەرانسەر
شەڤا تو بوویە ڕۆژ، ڕۆژا تە بوویە شەڤ
تە شیرێ سپی نۆلی جەوێ ئاڤ

دایک، دایکا منە دەلالە – حەلال
من ژ جۆت کانییێ ڤەخار شیرێ زەلال

ئەز پاشلا تەدا گڤرە – مەزن بوومە
ئاقل کەمال، گهیشتم ڤێ ڕۆژا مە
ئەز ژی نۆلی گشکا بەر تە سوژدە ددم
بۆی ئاقل و کەمالا تە عەمر ددم

دایک، دایکا منە دەلالە – حەلال
من ژ جۆت کانییێ تە ڤەخار شیرێ زەلال

دایکێ جان! دنیایێدا تونە ئێ مینا تە
من فرک – فرک ڤەخارییە شەربەتاتە
ئەز مەزن بوومە بن پەڕ و باسکێ تەدا
بۆرجدارم منەتدارم بن بارێ تەدا

دایک دایکا منە دەلالە – حەلال
من ژ جۆت کانییێ تە ڤەخار شیرێ زەلال

ئەز حازرم بۆی تە ڕوحێ تە فنێ کم
چیا وەلگەڕینم، هەبوونا خوە ژی خەرج کم
دیسا بەر قنجییێ تە شرین دەرنائێم
مێزینا تە گرانە، ئەز گونەکار دەرتێم

دایک، دایکا منە دەلالە – حەلال
من ژ جۆت کانییێ تە ڤەخار شیرێ زەلال

## بەنگیمە

ئاخ، چقا باش بوو ڕۆژێ بهووری
وەختێ تو سەکنی بووی بەر دێری
تە چەعف کل دابوو، بسک ژی بادا بوو
فینۆ شماقی عەینێ گرێدا بوو

هەما وێ ڕۆژێ ئەز بوومە مەجنوون
لەیلێ دلدا چەرخ ددا، چاوا خوون
ئەزی کەسیبی بووم، باڤێ نەددا
میراتا کەسیبی بێ دەرب من ددا

بەڵێ، تە گەلەکی من خر دکر
ڕۆنایا چەعڤێ خوەدا جی دکر
لێ ترسا باڤی تو دڕجفی
تە بۆی خەلقێ گری نەددا کۆفی

ئەز بۆی حوبا بەنگی – سەرخوەشم
ژ دەردێ تە بەدحاڵ و نەخوەشم
حەکیم ب خوە بە، لوقمان نکارن
برینا منە خەدار قەنج بکن

هەی نوور حوبا من، کەچکا دەلال
دلێ مندا قیمەتلی، تو خەزال
نادر، مالێ دنێ گشک نەلازمە
تو بەدەوی چا ڕۆنایا سەر مە

ئاخ، خەزال، ئەزی بۆی تە نەخاشم
سەودێ من تەڤ هەڤ بوو، ئەزی گێژم
گونێ گشکا مینا مەجنوون بن تێ
حەزار فکر تێ ئاقل و دەرتێ

ئۆف، مالا سەبەبا بشەوتە
ئەز شکێنانم، ڕۆحێم دشەوتە
تو یەقین بزانبە ئەز مریمە
ل بەر شۆیێ، ئەز موحتاجی تەمە

# کەچا کوردا

قیزا کوردا، تو حوسولجەمالی
تو دلێ مندا زەعف دەلالی
بەژناتە زراڤە، چا سپیندار
قالچیچەکا کانییا سەردار

قیزا کوردا، قیزا کوردا
تو لەتیفا ئەشقا دلا

ئەز بەنگیمە، تو یارا منی
دەڤێ تە چووک، دران مرجانی
گولێی یارێ گاز و نیڤەک
نۆلی کەسکەسۆر، رچان، گولەک

قیزا کوردا، قیزا کوردا
تو لەتیفا ئەشقا دلا

ل زۆزانێ مە کال و باڤا
شەمال ددی تەر هیڤا شەڤا
ئەز ئاشتم، تو قودوومێ من
قەوەت تو نەبە مەری هێچن

قیزا کوردا، قیزا کوردا
تو لەتیفا ئەشقا دلا

تەمام دنێ وێ یەکێ زانە
بە دەوییا کەچا کوردا عەیانە

قیزا کوردا هیڤا یەکشەڤە
شەمال گەش، چا ستێرک دەردکەڤە

قیزا کوردا، قیزا کوردا
تو لەتیفا ئەشقا دلا

کەچا کوردا کارا خەزالە
ئەو دلێ مندا زەعف دەلالە
قیزا کوردا بۆی من عەمرە
ڕۆحێ من شەڤ – ڕۆ وێ دگەڕە

قیزا کوردا، قیزا کوردا
تو لەتیفا ئەشقا دلا

تو کەچا کوردا، ئەز کوڕێ کوردا
ئەز بۆی تە دنالم – دکالم
گەلۆ خوونا تەدا ناگەڕم؟

قیزا کوردا، قیزا کوردا
تو لەتیفا ئەشقا دلا

## دلێ خەیدی

دلۆ، ئەڤا ڕاست چل سالە،
تو منڕا بوویی هەڤالە،
ئەڤ چل سالە، ئەم برانە،
مینا شرکە، زەلال کانیانە.

سالا چل - یەکێ خەیدی
تو من دبارینی هەر دەری
دلۆ نە وا نابە
تیرێ لێخستی قەنج نابە

میرات، مەجالێ بدە من
خاستنێ من هێ گەلەکن
یا پێشین شیرین کوردستانە
مەسکەن، وارێ دێ - باڤانە

دلۆ، دنیا هەیە بەعەرەک
لێ ئەم ئینان ناڤدا چلکەک
ئەم ژی ببنە خوەلی
چێرێ سەر مە بگرە گولی

دلۆ ئەز تە هیڤی ناکم
بەنگزێ خوە پەریشان ناکم
مرن هەیە ئەو عەدەتە
ژ مرنێ ڕەڤ کرێتە

شەڤ - ڕۆژ دنالم - دکالم
دوختر ژی برینێ دل قەنج ناکن
ئەز زانم، تێ من زوو بفرۆشی
قەومێ بێنە مال سەرخوەشم

## ئالاڤا بەنگیتییێ

گولا من! فێزە بکە، ئەزی نەخوەشم
بۆتە جۆت شەمامۆکا، ئەز مەست – بەدحالم
ئەزێ بێفتیا ژ ئەڤی دەردی بمرم
من دفن نەکن ئو ڕەشا ژی گرێ نەدن
هەی یار وەرە، عەزیزا من، وەرە
ئەگەر نکاری، بفڕە وەرە

مەیتێ من یەقین باڤێژنە چۆل و بەستا
برا تەیرادە بخون دکێف کن ل ڕاستا
برا یارام هەستوویا ببینە دەرڤا
بشەوتە، هێسر لێ ببن جەوێ ئاڤا
هەی یار وەرە عەزیزا من وەرە
ئەگەر نکاری بفڕە وەرە

یارا من جانکەکە بەژن زراڤە
چەعف ڕەشە، سوورەت خال و کەنی سەرلێڤە
ئالییێ ئاقلڤا ئەو کەماله تژی
ئەو تەنێ بۆنا نەفسا جانێ من دژی
هەی یار وەرە، عەزیزا من وەرە
ئەگەر نکاری بفڕە وەرە

هەڤال – هۆگرنۆ، ژ من لۆمانا نەکن
ئەزێ دەربێ لێخستنێ ئیدی دەستەنگم

لۆمـــا من حـــەبانديیـــە، ئەزێ ئاشـــقم
نۆلێ مـــەجنوون ژ لەيلێ گـــەلەک حـــزدکم
هـــەی يـار وەرە، عـــــــــــەزيـزا مـن وەرە
ئـەگـــــــــــەر نـکـاری بـفــــــــــڕە وەرە

گوشـتـێم کـرتک – کـرتک ژێکن ئو ڤەخـێـرن
هێـــســـرێ من ببنە چەم و کـــانی بکشن
قـازی – مـــەللە ڕوونێن، ڕوحێ من بسـتـیـن
وەخـــتێ يارێ دبينم قـــەت تەلاشی ناکم
هـــەی يـار وەرە، عـــــــــــەزيـزا مـن وەرە
ئـەگـــــــــــەر نـکـاری بـفــــــــــڕە وەرە

دۆســـتـــا من، ئەز زانم تو ژ من حـــزدکی
من ڕۆنکايا چەعـــڤێ خـوەدا جـيـوار دکی
لێ کـيـيـە، ســەبەبێ ڤێ بەنگينيـيـا مـە؟
ســەبەب دنيـايێـدا قـەت قـەنجـيـيێ نەبينە!
هـــەی يـار وەرە، عـــــــــــەزيـزا مـن وەرە
ئـەگـــــــــــەر نـکـاری بـفــــــــــڕە وەرە

فەرهەنگۆک

کوردستانا عەزیزڕا: بۆ کوردستانی ئازیز

چقاسی: چەند

ڕوونالی: ڕووناهی، ڕووناکی

چەعف: چاو

چاوا: وەک

دخولخوله: دەگەڕێ، دەخولێ

ور: لێره

دبێن: دەڵێن

کشیایه: کشاوه، ڕۆیشتووه

توکەس: هیچ کەس

کۆک: ڕەگ و ڕیشه، بنەڕەگ

مالهەبوون: سامان

ناقسەره: سەره، خورت

تاریق: مێژوو

لەماژی: لەبەرئەمه

پەڕتین: پسان

فەقێی تەیرا: فەقێ تەیرانی شاعیری کورد

مێشی: مێشک

تونه: نییه

توقەوات: هیچ قەوەتێ

هێسانابه: ناسرەوێ، ناحەسێتەوه

قەنج نابه: چاک نابێ

سەباته: لەبەر تۆ

قودووم: قەڵەمی ئەژنۆ

شەعد: شایەت، شاهید

دێ: دایک

فره: فرەوان، گەورە

بەعر: بەحر

هێلەچانێ: هەلۆرک، جۆلانە

دحەژینی: ڕادەژەنی، دەهەژێنێ

لووری: گورگانەشەوێ، لایلایە

کەڤن: کۆن، کەون

ڤەخار: خواردەوە، نۆش کرد

چاکەوسەر: وەک کەوسەر

نۆلێ جەڤێ ئاف: وەک جۆگەلەی ئاو

نۆل: وەک

پاشل: پاشوێل، کۆڵ

گشک: گشت، هەموو

سوژدە: سوجدە

عەمر: ژیان

مینا: وەک تونەئێ میناتە: نییە ئی وەکو تۆ، نییە هی وەک تۆ.

فڕک فڕک: مژ – مژ، فڕ – فڕ (لە فڕکردنەوە هاتووە)

بۆرجدارم: قەرزدارم

فنێ کم: فەنا کەم

وەلگەڕینم: هەڵگێڕیەوە

مێزین: چاودێری، تەماشاکردن، لێ نۆڕین. مەبەست (چاکەدانەوەی دایک)ە

بەنگیم: ئاشقم، شەیدام

چقا: چەند، چەندە

بهووری: ڕابردوو

بەردێری: بەردەرکە

بسک: زڵف

فینۆر شماقی: کڵاو زەڕی زیو، کڵاوێکی ژنانەیە، هیی لای مەڵاتیە زۆر بەناوبانگە.

هەنی: هەنیە، نێوچاوان.

کەیب: هەژار.

حزدکر: حەز دەکرد.

کۆفی: سەرپێچ

گری نەددا کۆفی: سەرت نەدەپێچا.

بەدەو: جوان

چا ڕوونا یا سەرمە: وەک ڕۆژی سەر سەری ئێمە

نەخاش: نەخۆش

بشەوتە: بسووتێ

ئەز شکێناندم: تێکی شکاندم، بڕستی لێ بڕیم.

بزانبە: بزانە.

زەعف: زۆر، فرە

زراڤ: قەدباریک، بەژن شووش و باریک، کەمەرەشل

چاسپیندار: وەک ئەسپیندار

قالچیچەک: گوڵووک

چووک: چکۆڵە

دران: ددان

گولی: کەزی، پەلک

گاز و نیڤەک: گەز و نیوێ

کەسکەسۆر: کۆڵەکە زێڕینە، پرچی ئایشە و فاتمە. قەوس و قوزەح

هیڤاشەڤ: مانگەشەو

تونەبە: هیچ نەبێ

دنێ: دنیا

عەیان: ئاشکرایە

هیڤا یەکشەڤە: مانگی یەکشەوە

گەلۆ: ئایە؟ تۆ بڵێی، داخۆ، کوڕینە، قەومێل، گەلی براینە.

دلێ خەیدی: دڵی زیز و زویر، تووڕە، تۆراو

شرک: تنۆک، دڵۆپ، چوڕ

تیرێ لێخستی: بەتیر ئەنگاوتراو، جێی تیر چا نابێتەوە، قەنج نابە

وار: زێد، نیشتمان، مەفتەن، هەوار

چلنک: تنۆک، دڵۆپ، قەترە

خوەل: داری کفر، تەروو، تێروو

بەنگز: ڕەنگ و ڕوو

ڕەڤ: هەڵاتن

کرێتە: دزێوە، ناشیرنە، عەیبە، فهێتە

ئالاتی: گڕ، هاڵاو

بەنگیتی: ئەوین، ئەڤین، عەشق، شەیدایی

مێزە بکە: بنۆڕە، بڕوانە، سەرنج بدە

بێفتیا: بێگومان

ڕەشا گرێ نەدن: ڕەش نەپۆشن

تەیرەدا: تەیروتوو، پەڕەوڵ، پەلەوەر، تەیروتوواڵ، مەل و مەلچک

برا یارم هەستوویا ببینە دەرڤا: با برینم ئێسکی دەرکەوێ

یارا: برین

هەستوو: ئێسک

هێسر: ڕوندک، ئەسرین، فرمێسک، عەسر، ئەشک.

کەنی: خەندە، بزە

کەمال تژی: عەقڵ پڕ، ژیر

بۆنا: بۆ، لەبەر

تەلاش: پەشۆکان، شڵەژان

جیوارکرن: هێوراندن، جێگاکردنەوە

بەردێلی

ئێڤار بوو. تاری کەتبوو عەردێ. پڕە مێر و ژن بەر ب مالا چەرکەزێ جینار دچوون، بیستەکێ شوندا ئەو گهیشتنە مالا جیناری خوە. دەب قانوونا مێڤانحزییا کوردا ئەو هاتنە قەبوولکرنێ ئو سەڤا وان پەزەک هاتە سەرژێکرنێ، وەکی ئەو وەختێ خوە باش دەرباز بکن. چەرکەز دوو ڕوونشتاندنا مێڤاپزا ل وان نهێری ئو ئیبراهیمێ ڕووسپی ل فێزا گشکادا ڕوونشتی مێزە کر، تەیێ قەی بگۆتا تشتەک نقتی دلێ وی ئو گۆت:

– ئیبراهیمێ برادەر ئو مێڤانێ هاتی، هوون ڤێ شەڤێ ژورا حەتاڤرا سەر من ئو چەعڤێ من هاتنە: دە، گەلی برا، چاوا جماعەتا مە دبێژە، مێڤانێ شەڤێ، ژ کیسێ خوە دخو. وە وەختێدا سەڤا هاتنا خوە عەلامەتی نەدایە من، هوون نشکێڤا هاتنە مال، گۆتن هوون ئیشەڤ ژ کیسێ خوە بخون ئیشەڤ خەرج گەرەکێ برێ منن ئیبراهیم بکشینە، چمکی ئەو گەلەکی تمایە گەلی لاو، هوون وی دقەومە ڕند ناس ناکن، لێ مە سالێ درێژ ب هەڤرا هەڤالتی کرییە، ئەمە هەڤر و بەلەدن وەختێ ئەم وێ ڕۆژێ چووبوونە مەلا برایێ خوەیی ئیبراهیم ڕاستە وی مەڕا حورمەتەکە زۆر کر، لێ یەقین ئیرۆ ئەو هاتییە حەیفا خوەیە وێ ڕۆژێ ژ من بستینە، دەتشەک نابە، بrazاری هەڤن.

ئەڤ خەبەردانا چرکەز هنەکی ل کێلەکا ئیبراهیمێ ڕووسپی دکەت، لێ خاشا مەرڤێ ڕوونشتی دهات و ب وی دکەنییان، وەختێ جماعەت ب وی دکەنییان هێرسا وی گەلەکی دهات، خوەدا دوەڕمی، دقچقچی، تەمارێ ستوویێ وییە زارڤ دوەڕمین، تەیێ قەی بگوتا ئیبراهیمێ ڕووسپی هەلا جابا وان پرسا حازر دکە، وەکی جابە ئوسا بدە چەرکەز، گولە ژی کیژانێ ڕندتر بوو، لێ نەدبوو، سافیکرنا پرسەکێ هەبوو...

دەمەکێ شوندا ژنێ مێڤانە هاتی ژی، هاتنە ئۆدا مێرا ل کونجەکی ڕوونشتن، ئۆدێدا هنەکی ستەڤڕاندن پێشدا هات، توکەسی خەبەر نەددا هیڤا هەوالدانا ئیبراهیم سەکنی بوون، وەکی ئەو خەبەردە، لێ ئەو زەعف ئارخایین جییێ خودا ڕوونشتبوو، تەیێ قەی بگۆتا هاژ بایێ دنێ تونەنە، قەت خەما وی

نين بوو، ناڤا وێ ستەقراندنێدا چەرکەز گازی ژنا خوە کر:

چیلێ، چیلێ! نە ئاخر، مێڤان زوودا هاتنە، نها برچینە، خورەکێ تەبووچ؟ مالا ڤایێ، زوو بکە، یانی ئیبراهیمێ باشێ بدە ڕوویێ من.

ڕاستە، ئیبراهیم هێرس بووبوو، لێ چار ئو ناچار ئەو هنەکی بن سمێلاڤا ڤەبشری ئو پاشێ تزبییا دەستێ خوەدا کرە چەرخێ گۆت.

– گەلی مێڤانا، قەت لەز مەکەڤن، ئەز سالا – مەها جارەکێ هاتمە برانگێ خوەیی چەرکەز، ئانجاخ وی سەرێ پەزەکە خوە سەرژێکرییە، ئەو ژی هوون من ددنە لەزکرنێ جا وەلەهـ، ئەز دەرهەقا مەخسەدا خوەدا نافکرم، چکی من ئیڤارێ مال شیڤ ڕند نەخارییە، ئەز ئیڤا پاشیڤا مالا برانگێ خوەمە قەت لەزکەتن نەلازمە.

ژنێ خازگینچی گلی ژ دەڤێ خوە پەکاندبوون، مەلەکێ ژی بهستبوو ئاگر – ئالاڤ بەدەنا وێ کەتبوو دشەوتی ئۆدێدا ئەو ب گاڤێ فرە بێ حەمادی خوە دچوو – دهات بەرچەعڤێ وێ بووبوو تاری، هێسرێ وێ مینا بارانا مەها گولانێ سەر سوفەتێ وێیە ئەلجەوازیرا دباریان، ژ هێرسا خوە تە دگۆت ئەو کەتییە با – باگەڕا مەها سڤاتێ، باگەرێ ڕییا پاشالخە پێشییا دپەچنی، بەر وێ ڕێ دهاتە گرتنێ، وێ سەر شەپێ بەرفێیە مەزنرا گاڤ دکر ئو جارنا عەردێ دکەت، هۆل دبوو، دیسا ڕادبوو قەواتا خوە بەرەڤ دکر، دخوەست پێشدا هەڕە.

ئەر ژ سوڕ – سەرما بێ ئینسافە وێ مەهێ دجەمدی، تامارێ لنگێ وێ ڕەق دبوون، ئیمکانا پێشدا چووینێ نەددا وێ، وەکی ئەو ئۆغرا خوە بجەعدینە کەزییێ وێیە درێژە تەڕ کلێ ئیسپسحانێ بۆبەلیسکا مەها ئادارێڕا دکەتە قال – شەنگێ، لێ دیسا پێ نکاربوو، دهاتە ئالتکرنێ. بێ زەخم کەزی ل دێمێ وێیی چیلفەرڤاش دخست ئوجارنا تە دگۆت کەزی وێرا دبوونە ستار ئو دخوەزن وێ ژبایێ هاربوویی بدە خاییکرنێ حەڤترەنگێ سەرێ مەلەکێ مینا گەمییا ڕاستی ئۆڤانێ هاتی ئاڤێدا دڕەقسی، ئیمدادا ئازاربوونێ

دخـوەست وەکی ئەو وێ شـەڤێ نەخـەنقـە، نەبـە خـورێ حـەیوانێ بەیـانی ئو مـەرڤێ نەباک لێ نەدبوو، ئەو کەتبوو دەستێ تەیرێ سیمرٖ، ئەو بلیندی ناڤا هەوێ دکـر، ژۆردا بەردا، ئەو ل شـەلا- پەلا دخـست، چاوا کـەڤـرەک هـۆلی نەوالەکـە بێ سـەرییە - بـێ بنی دکر، پتـرٖک - پترٖکی دبوو، دەنگێ وێیی زیر مـینا رٖەفێ قولٚنگێ بەهارێیی ژ بەرٖییێ هـاتی بەلای حـەمـوو جـیـیـا دبوو ئو بیستـەکێ شـوندا دهاتنە برٖینێ، تو ئیمـداد نـەدگـهیشـتـە وێ، بـێ خـایی بێ خودان سەرێ خوە هلدابوو دچوو، کر دچوو.

هنەکی شوندا سڤرەکە دەولەمەند بەر مێڤانا ڤەبوو، توکەسی نەدخار، هیڤا ئیبراهیمێ رٖووسـپی بوون، بێ چ دبێژە، پاشێ نانێ خوە بخارانا ئیبراهیم تاسا خۆرەکێ پارا خوە بەرب خوەکشاند، خاست بخوە، لێ ل چەرکەز نهێری ئو گۆت:

برادەرێ چەرکـەز! ئەڤـا ئـەپێـجـە وەختـە ئەو هـاتنە مـالا تـە، تو قـەت نەبێژی هوون سەڤا چ هاتنە؟

ڤێ شـەڤێ چ وە قەومـییـە، هوون هـاتنە مالا مـن؟ مالا تە ئاڤـابە، تەژی مـینا منە وەختەکێ کرییە، هەما دخازی «حورمەتێ» بکن دمـەرڤایا مەژی هەیە، ئەم ژی دکـارن مێـڤـانارٖا حـورمەتێ بکن ئو رٖند ژی ڤەرٖێ کن. نە ئاخـر تەگـەرەکێ بگۆتا هوون چ قەوی هاتنە؟

- ئیبراهیم برێ من، - چەرکـەز گۆت، - ئەز تو، ئەم زوودا هـەڤ ناس دکن، خـەلق هەودزانە ئەم برێ هـەڤن، لێ بـەلێ، وەلەهـە نڤـینا مـەیە شـەڤێ ژ هەڤ باشـڤـەیە. برا مـێـڤـانێ رٖوونشـتی بباخـشـینن، ئەز هـەلا لاقـردییێ خـوەیە جـاهلتییێدا بیرتینم، لۆ بێ ئیمـان، نە ئاخر مـەهـەلا جاهلتییێدا دەرهـەقا وێ پرسـێـدا ب هەڤرٖا خـەبەردایە نهـا ئیدی تو چمـا رووڤـیـتییێ هنـەک چەتنایی هەنە، دوو خـارنێرٖا ئەمێ بدنە زەلالکردنێ دە، هوون سـەرێ من کن نانێ خوە بخـون، لۆ - ئیـبراهیمێ رٖووسـپی تە دگـۆت، وەکی ئەڤا چەند حـەڤـتـێـیـە نان نەخـارییـە، یانێ ژی وەلاتەکی خـەلایێ هـاتییـە مـەلا «برانگێ» خوە ئیـبراهیم ئالیکێدا دەستێ خوە ئاڤیتە فەراقێ ئو ئالییێ مایندا گۆت:

بیسمیلاهی ڕەحمانی ڕەحیم! دەگەلی لاوکا، کەرەم کن نانێ خوە بخون عەفەرم چیلا خوشکرا، خورەکەکی ئوسا چێ کرییە، وەکی مەرڤ پێڕا تلییا خوە دخوە، لێ پیرا من.. گەلی لاوکا، کەرەم کن.

خێلەکە خورت شوندا مێڤانا نانێ خوە خارن شوکور بوونا خوە ئانین، ڕازیبوونا خوە عەلامی مالخویێ مالێ ئو کەڤانیێ کرن، ئیبراهیم ئاڤ ژ چیلێ خوەست، ئاڤ ئانی، وی ڤەخار ئو گۆت:

–چیلێ، دییا من! تە چما زەحمەت کشاند، ئاڤ ئانی، لێ سڤکا ل کویە؟ یەقین ئەرم دکە، ئاڤێ بینە، ئەرێ؟ نە ئاخر ئاڤا دەستێ وی زەعفە شیرنە، خوت ئاڤا زمزمکێیە، مەرڤ ڤەدخوە پێڕا جاهل دبە. چیلی، ئوسەرێ من کی، شەربک بدە مەلەکا قیزا برا ب دەستێ خوە منرا ئاڤێ بینە، وەکی ئەڤ خورەکی تەیی ب نەعم، ل من بکفرە.

– مالا باڤی تە نەشەوتە، – چێلی گۆت، – ئو دەست ژکرنی خوەیە جاهلتییێ نەکشاندییە. تویی ئیدی کالی، هنەکی خوە گران بگرە، برا جاهل مەعریفەتی ژ تە هلدن چ فرقی هەیە، من ئاف دا تە، یانی مەلەکێ...

– دە، وەکی ئوسانە، ئیدی ئاڤ نە لازمە، بەسە، ئیبراهیم گۆت، – چەرکەز، تو سەرێ من کی، وەرە جەم (برانگێ) خوە ڕوونێ، ئەم چۆکێ خوە بکوتنە چۆکێ هەڤ ئوب هەڤڕا خەبەردن...

چەرکەز هات جەم ئیبراهیم ڕوونشت هنەکی ب هەڤ شابوون، ڕۆژێ جاهلتییا خوەیە دەرباز بوویی بیرانین، کەنییان، ب شرینایی نئوچک هەڤروو خستن ئو ئیبراهیم ب دێمەکی گەش وا دەست بە هەوالانا خوە کر:

– چەرکەزێ برا! ئەم ڤێ شەڤێ سەڤا پرسەکێ هاتنە هەلبەت، جماعەتا ڕوونشتی قەوم – پسمامێ مەنە، تو کەسی خەریب تونەنە ئەم ئیرۆ دلێ خوە بەرهەڤ ڤەکن تە چەندەکی پێشدا فرا خەبەردا ئو چەند ڕۆژ پێشدا توو ئو خوشکا چیلێ هاتبوونە مال، بۆنا دەسگرتنا بەلگا من چەرکەزێ برا! من بهیستییە، وەکی بەلگێ ئو کنیازێ کوڕێ تەژ هەڤ حزدکن من ئەو رسا

پاشدا ئێخست، توگلی بدا ته ئو من گۆت، – ئەزێ پاشێ جابێ بدمه ته، یانێ ئەمێ بێنه مالاته. ئاهار ڕۆژا ئیرۆیین ئەم هاتنه مالا ته، ئەز ئو قەومێ مه ڤا هاتنه سەروێ نێتێ وەکی ئەم دما نێزیکی هەڤ ببنه قەومێ هەڤ، مەرِا لازمه ئەم قیزێ خوه بکنه بەردێلێ، تو قیزا خوه بده کوڕێ من، ئەز قیزا خوه ب حەلالییا خوەدێ بدمه کوڕێ ته. دەسلۆییێ کوڕێ من ژی، ژ مەلەکا قیزاته گەلەکی حز دکه، ڤێ شوغولیدا نه ئەز قەلەند ددمەته، نەژی تو ددی من. مەسەلا جماعەتا ئادربێجانه، دبێژن: «دوو سەری شەکر، مەللەک ئوسێ مەنات پەره، خلاز بوو چوو» چەرکەزێ برا ئو خوشکا چیلێ؟

فکرا خوه دەرهەقا ڤێ پرسێدا چییه؟

چەرکەزێ برا، وەڤا عەیانه، وەکی بەردێلیتی شەریعەتا ملەتێ مه کوردادا هەیه ب تەخمینا من، ئیدی دەرهەقا وێ یەکێدا فکر کرن نەلازمه، ئەڤ یەکا بوویه عەدەت کەتییه ناڤا مه.

دوو هەوالدانا ئیبراهیم ڕا دلەک پش دێریبێ تاقەت، بێ ئیمداد ئو بێ حەمدێ خو کەتبوو چەرخێ دلکێ وێ مینا چنگینا سعەتاژ حەدوودێ خوه دەرکەتی دکره چنگینی تەیێ قەی بگۆتا ئەو چنگیا ستەقراندنا ئۆدێ دده تەڕباندنێ ئو دبێژه، – «بەلێ، کنیاز ئو بەلگێ لایقی هەڤن، ژ هەڤ حزدکن، سەر هەڤ بوونه بەنگی، برا هەردوو دل ب مرازێ خوه شابن هەلا زێدایا سەر جاهل ئو ئاڤهلێ گوندێ مەڤێ یەکرِا ڕازینه، وان بمبارەک ئو پیرۆز دکن، لێ ئەز و سلۆ... ئەم نەلایقی هەڤن، حەز کرییێ من هەیه ئەز ژ سلۆ حز ناکم، ئەو ژی یەقین ژ من. ئاخی چماوا دکن؟ نەجماعەتا مه کوردا وەختێدا گۆتییه: «کی ئۆرتا دوو دلێ حز کری خەبەرده برا عەزیزێ بەر دلێ وان بمره» گەلۆ ئەو مەرڤێ ڕوونشتی وێ مەسەلا جماعەتا مه نزانن، یانێ بیرکرنا؟ دایکا من هاش ئەڤینیتیا من هەیه، گەلۆ ئەو ژی وێ باڤێ منرِا ڕازی به؟ نه ئاخر بەردێلیتی حز کری ژ هەڤ دده ڤەپەسراندنێ ئو ژ هەڤ دقەتینه. سەبا من...

چەرکەز کەتبوو ناڤا متالا، جارجارا ل حەلالا خوه دنهێڕی، تەقەی دزانبوو، وەکی ئەو ڕازیبوونێ دەخوەزه ژ وێ بستینه، لێ وێ تو جابا خێرێ نەدستەند،

دوو گەلە فکرارِا چەرکەز گۆت:

– ئیبراهیم، تو کو مێڤا سەر چەعقارِا هاتنە، لێ بەردێلیتی تیشتەکی خرابە. حەتا نها تو کەس ژ وێ یەکێ خێر نەستەندییە تشتەندییە ئوب وێ یەکێ شا نەبوویە راستە، ئەز و تو ڤێ یەکێدا خەرج نەکشینن براجان! یا قەنج ئەوە وەرە ئەم دەست ژ ڤێ یەکێ، تو قیزا خوە بدە کورێ من، چمکی.. ژ خەبەردانا چەرکەز، ئیبراهیمێ رِووسپی جارا هێرس بوو ئوگۆت:

– حەتا نها تە دگۆت ئەز رِازی نەدبووم، لێ نها ئەز رِازیمە، تو نەرِازییی، ئەرێ؟ دە، گەلی لاوکا ئوحەرمەتا رِابن ئەم هەرِن! چەرکەز، ئووێ یەکێ رِند بزانبە، وەکی ئەڤ پرسا تەسەرێ خوە ناگرە، مرن هەیە لێ خوەستناتە نایێ سمێری. دەرِابن ئەم هەرِن.

– ئیبراهیم چەرکەز گوت، – وەیلێ عەجەک لێ کەتی، کورِۆ، ئاگر ژ تە دبارە، مەرڤ نکارە تەرِا خەبەردە. هیلا هندکی بسەکن، ئەز ژی کولفەت ئو قەومێ خوەرِا خەبەردم، پاشێ ئەزێ چابێ کوتاسیبێ بدمەتە، وی چاخی کودا دچی هەرِە...

ئیبراهیم ئو دەستا خوەیە هاتی هنەکی شابوون، پاشێ هەرکەس جییێ خوەدا رِوونشتن خێلەکە خورت چەرکەز ئو مەرڤێ خوەڤا نەهاتن، دهاتە کڤشێ هەوالدانا وان درێژ کشاند، کنیاز خوە بەلێ گرتبوو «مرن ئو ژییینا منە سەر بەلگێیە» کەسەکی نەرِازیبوونا مەلەکێ دەوسا تشتەکی حەساب نەدکر. دەمەکێ شوندا چەرکەز ئو قەومێ خوە ڤاژ خێنی هاتنە ئۆدا مێڤانا ئو رازیبوونا خوە عەلام کرن، وێ شەڤا تاری بەلگێ بەردێلی یادا هاتە کرنێ دەنگێ بمبارەک ئو پیرۆزبوونێ بەر دەرگێ دوو مالا دهاتە گۆتنێ. وێ شەڤێ خوە نە دکەتە چەعڤێ مەلەکێ وێ چ دکاربوو بکرا، خوە ژی نزانبوو.

زڤستان بوو ژ سەرەمێ چرکا – چرکا عەردوعەزمین بوو، چیا ئو گەلی ئو رِاست ب کراسێ سپییی چیلی قەرقاش هاتبوونە خەملاندنێ دەعوەت بوو، د گۆڤەندگران دەگەرِییا دەنگی شاباشێ ناڤا هەوێدا پێل ددا، رِازیبوونا

دەفـچی ئو زورناچییا دهاته بهیستنێ. دەمەکێ شوندا بەردیلێ پەیاکرن دەست ب خارن – ڤەرخارنێ، بمبارەک ئو پیرۆزبوونێ بوو دوو دەعوەتیڕا دوو دل ئو چار چەعڤ هەڤشابوون دگۆت گهیشتنە مرازێ خوە، لێ دوو دل ئو چار چەعڤ هەڤڕا کەتبوونە دەعو – دۆزا هەرتمی.

مەلەک دوو دەعوەتێڕا سەر کانییا بنەتارا گوند حزکرییێ خوەڕا ڕەڤی ئو گهیشتنە مرازێ خوە لێ گەلۆ کنیاز ئو بەلگێ؟

### فەرهەنگۆک

بەردێلی: ژن بەژن

تاری: تاریکی

جینار: جیران، دراوسێ، هاوسێ، هامسایە

بیستەکێ شوندا: پاش بستێ، هەر دوای نەختێ

مێڤانحری: میوانپەروەری، میواندۆستی

سەڤا وان: لەبەر ئەوان (سەڤا = سەبا = لەبەر)

دەربازکردن: ڕابواردن

ڕوونشتاندن: داکردن، دانیشتاندن

نهێڕی: نواڕی، نۆڕی، ڕوانی، سەیرکر، تەماشای کرد.

ڕووسپی: ڕۆین سپی، ڕیش چەرمگ

فێز: سەروو، بنەبانێ

مێزەکر: دیتی، مولاحەزەی کرد

تەیی قەی بگۆتا: هەر دەتگۆت، وەک بڵێی.

نقتی: دڵۆپایە، تکایە ناو

ژورا: لەوێوە

تا ڤرا: تا ئێرە

وە: ئێوە

وەختێدا: لە وەختدا

عەلامەت: خەبەر

نشکێڤا: لە ناکاو

گەلی لاوکا: کوڕینە، گەلی لاوینە، لاوەکان، کوڕگەل

هەڤالتی: هاوڕێتی، هاوڕێیەتی

هەڤرا: پێکەوە

هەڤرو: لە یەکتر

حەیفاخۆ: تۆڵەی خۆی

برادار: برادەر

هنەک: هەندێک

دکەنییان: دەخەنین، پێ دەکەنین

کیژان: کیهان، کامیان، کامینیان

ڕندتر: شۆختر

خەبەر دە: قسە بکا

ستەقراندن: قرەوبرە، قیرە و هەرا، زریکەزریک

هاژ بایێ دنێ تونەنە: هۆشیان بە دنیاوە نییە، فریان بەدنیاوە نییە، ئاگایان لە دنیا نییە.

هاژ: هۆش

نها: نهۆ، ئێستا، نووکە، هەنووکە

برچی: برسی

ڤەبژی: بزەی هاتێ، گوژایەوە

برانگ: برا

سەرژێکردن: سەربڕین، کوشتنەوە

هوون: ئێوە

لەزکرنێ: پەلەکردن

وەلەه: وەڵڵا

شیڤ: شیو، شێو، نانی ئێوارە

ڕند: چاک

خازگینچی: خوازبێنیکەر

گاڤێ فره: هەنگاوی فراوان

بێ حەمادی: بێ پشوو

سوفەت: سفەت (شێوە) (فرمێسکی وەک بارانی قایمی دەشتی عادیلجەواز دەباری)

ئەلجەواز: عادیلجەواز (ناوی شارێکە لە کوردستانی تورکیا).

هێرس: تووڕەیی

سڤات: مانگی ڕەشەمێ (شباط)

باگەڕ: ڕەشەبا

پاشالخ: دەرەتان

پەچنین: تەنین

شەپ: هەرەس

گاڤ کرن: هەنگاوهەڵێنان

هۆڵ دبوو: حۆڵ دەبوو، گێژ دەبوو

بەرەڤ کرن: کۆکردنەوە، خڕکردنەوە

تامار: دەمار

جەعداندن: تاقیکردنەوە

ئۆغر: بەخت

ئیسپیحانی: سوبحان، کلی سوبحان

بوبەلیسک: زریان، بای بە بەفرەوەی زۆر قایم!

قال شەنگ: بەرەنگار

ئالنکرن: بەزین

چیلیقەرقاش: سپی

خابینکرن: پاراستن

دێم: دەموچاو

حەفتڕەنگ: سەرپۆش

گەمی: کەشتی

ئازابوون: ڕزگاربوون

نەخەنقە: نەخنکێ

سیمڕ: سیمرخ، باڵندەیەکی ئەفسانەییە.

هەویَ: هەوا، ئاسمان

کەڤر: بەرد، خڕک، گاشە

ڕەف: پۆل

خور: خۆراک

بەیانی: وەحشی، کێوی

زیز: باریک، نووزە

بێ خایی – بێ خودان: بێ خێو و بێ کەس

هنەکی شوندا: پاش قەدەرێ

هیڤا ئیبراهیمێ ڕووسپی بوون: چاوەڕێی ئیبراهیمێ ردێن سپییان

دەکرد: بەهیوای بوون

پار: بەشی

ئەپێچە: زۆر چاک

ڤەڕێ کن: بەڕێی کەین

هەڤ ناس دکن: یەکتر دەناسین

هەودزانە: هەموو دەزانن

باشقەیە: جیاوازە

بباخشینن: ببەخشن، ببوورن

لاقرتی: لاقردی، قسە، دەمەتەقێ

جاهلتی: منداڵی

ڕووڤیتی: فێڵ

زەلالکردن: ڕوونکردنەوە

پرس: مەسە، پرس، پرسیار

سافیکردن: یەکلاکردنەوە، یەکچاوکردنەوە، ساخکردنەوە

چەتنایی: چەتوونی، سەختی، دژواری، کێشە و بەرایەتی

دووخارنێرا: پاش خواردن

سەرێ من کن: بە قسەی من کەن، بەگوێی من کەن

خەلا: غەلا، گرانی
ئالێکێدا: لەلایەکەوە
ماین: دیکە، تر
کەرەم کن: فەرموون
تلی: قامک، پەنجە
مالخۆ: خانەخۆی، خاوەن ماڵ
سڤک: سووک (شکا مالێ) لەش سووکی ماڵێ
بەرهەڤ ڤەکن: بۆ یەکتر بکەینەوە
چۆکێ خوە بکوتنە چۆکێ: ئەژنۆی خۆمان بە ئەژنۆی یەکەوە بنوسێنین.
دێمەکی گەش: ڕوویەکی گەشەوە
دەستگرتنا بەلگا من: بۆ داخوازی بەلگێی من (بەلگێ) ناوی کیژەکەیە.
ئیرۆیین: ئەورۆکە، ئەمڕۆکە.
ئو: (و) واوی عەتفە
بەردێل: مقابیل، کف، بە مانا (کاوڕیش) هاتووە.
قەلەند: مارەیی
مەنات: ناوی پارەی ئازەربایجانە
مەللە: مەلا
وەڤاعەیانە: لێتان ئاشکرایە، لێتان عایەنە.
ئەڤ یەکا: ئەوە
هەوالدان: قسەکردن
چنگین: چرکەی سەعات
تەرباندن: بێدەنگکردن، ڕەتدانەوە
ئاڤهل: خەڵک، ئەهل
ئۆرتە: نێوان
بیرکرنە: لە بیریان چووەتەوە
ڤەپسراندن: لێک پچڕاندن
مقالا: موتالەعە، بیرکردنەوە.

حەرمەتا: بەڕێزینە

ڕابن: هەڵستن

نایەسێرێ: سەرناگرێ

عەجەک لێ کەتی: دەست لێ وەشێندراو

کولفەت: کابان، ژن، خێزان

کوتاسی: کۆتایی، قطعی

خێلەکەخورت: قەدەرێکی تەواو

دهاتەکڤشێ: وا دەردەکەوت

خوەبە لێ گرتبوو: پێی داگرتبوو

خێنی: خانوو

سەرەم: سەرما

عەزمین: ئاسمان

خەملاندن: ڕازانەوە، ڕازاندنەوە

گۆڤەند: شایی و داوات

دەفچی: دەهۆڵکوت

پەیاکرن: دایان بەزاند

دەعوردۆز: فرتوفێڵ

پێل ددا: مەوچی دەدا، شەپۆلی دەدا

گلی پەکاندن: قسە درکاندن

ئۆغرا خوە بجەعدینە: بەختی خۆی تاقی کاتەوە

نەوال: نەواڵ، دۆڵی قووڵ، شێوی قووڵ

گلی نەدا: قسەت نەدا، گفتت نەدا

کۆواری بەیان، ژمارە ١٠٧، مایس ١٩٨٥

# داستانی کەڕ و کولک

شوکور مستەفا

بە کرمانجیی سەروو و خواروو ئامادەی کردووە و

پێشەکیی بۆ نووسیوە

پێشەکی:

قاچاخێ مراد، لە سەرەتایەکدا، کە بۆ (سیابەند و خەجێ)یەکەی سیابەندۆڤ سەمەندی نووسیوە، بەراوردکێیەکی لە نێوان داستانی خەج و سیابەند و (کەڕ و کولک)دا کردووە. دەڵێ:

«داستانی (سیابەند و خەجێ) دەستەبرای (کەڕ و کولک)ە. هەردوو داستانەکە لەبارەی زۆرداریی خەلیفەکانی سەروەختێ دەدوێن. کە کوردیان لەو دەمەدا لێ ڕابوون و ئاغایەتییان لێ قوبووڵ نەکردوون. پاڵەوانی هەردوو داستانەکە وەک یەک کەڵەمێردن، وەک یەک بەجەرگ و ئازان، وەک یەک ڕاستگۆ و سەرڕاستن، وەک یەک بێ پەروا و چاونەترسن. لە مەیدانی میللەتپەروەریدا قارەمانیەتی و ئازایەتی تانجی سەری وانە. بەڵام سیابەندیش و کولکیش هەردووک سەرسەختن. کولک بەگوێی دایکی خۆی ناکا. دەڕوا و دێتە کوشتن. سیابەند بەقسەی خەجێ ناکا و کەڵەکێوی ورگی دەدڕێ:

سیپانێ خەلاتی ب تەم و مژە

کێ دیتییە نێچیر نێچیرڤانێ بکوژە!

بەرانبەر بەسیابەند حەوت برای خەجێ و میری عەرەبان وەستاون. هەرچی کولکە شەش خاڵی بەرانبەر وەستاون. کاتێکی کولک دێتە دیوەخانی میر. مێرخاس و کوڕە کوڕەی میر ناتوانن فنجانە قاوە هەڵگرن و بیخۆنەوە. تەنیا

هەر دەوێرێ ئەوە بکا. ئەو دەیویست خوشکی خۆی بە میری عەرەبان بدا، چونکە دەوڵەمەند بوو. بەڵام سیابەند و خەجێ بەرانبەر بەمە شەڕ دەکەن. با ئەویش بەبیر بێنینەوە، کە چییان بە مارەیی و شیربایی لە سیابەند و کولک دەویست. هەردوو پاڵەوان سێوین ڕاستە کولک تەنیا لە باوەوە هەتیوە. بەڵام هەر بە هەتیو دەزاندرێ.

باوکی کولک مردووە، بەڵام دایکی ساغە. باوی کولک بە ئاشکرا دەزانین کێیە؟ بەڵام سیابەند بە تاکی تەنیایە. نەدایکی هەیە، نەباو. ئەو کوڕی سلیڤانە و بەناوی خێڵی سلیڤییەوە ناسراوە...» و چەند تێبینییەکی دی.

جا هەر ئەم قسانەی قاچاخێ مراد بوو، کە بە پەرۆشەوە لە دەستەبراکەی داستانی سیابەند و خەجێ بگەڕێم. خوا کاری ئەمینی عەڤدال ڕاست کا، لە کتێبی (خەبەرناما کوردییە ڕاست نڤیساندنێ)یەکەیدا ئەم داستانی (کەڕ و کولک)ەی بە نموونە بڵاو کردووەتەوە، خوا و ڕاستان بە گیرم کەوت، منیش ئەو بە کرمانجییەکەی و سۆرانییەکە پێکەوە بڵاوی دەکەمەوە و ئەم چەند تێبینییەی خۆشمی بەگەڵ دەخەم.

یەکەم: ئەو ڕووداوە لەوە دەچێ کە لە دەوروبەری چۆمی (خابوور) ڕووی دابێ.. ئەو ناوە لەم داستانەدا بە (خامووڕا هاتووە).

دووەم: شەڕی خاڵ و خوارزا لەناو کوردەواریدا وەختێکی تیژ دەبێ کە خاڵوان لە تیرەیەکی دی بێ.

سێیەم: ئامۆژگارییەکانی دایکی کەڕ و کولک، یەکیان ئەوەیە، کە کارمامزان ڕاو نەکەن. دووەمیان ئەوەیە، کە نابێ (سۆسک)، کە ناوی ئەسپە، لە گەڕاو ئاو بدەن سێیەمیان ئەوەیە، کە تا دەتوانن لەسەر بەردەستێ بحەسێنەوە و لەبن دارێکی بهێورێن قاو و پووشووی لێ وەگیر کەوێ. کارمامزەکە دیارە کارمامزێکی دیاریکراو نییە، بۆیەش نابێ ڕاو بکرێ، چونکە بەستەزمانە، بەڵێ تا نهۆیش لە زۆر جێگای کوردستاندا خەڵک زۆری بەزە بە کارمامزان دێتەوە و حەکایەت و چیرۆکیش لەسەر ئەم بەزە بە

کارمامزاندا هاتنەوەیە بە کوردی زۆرە، بەڵام ئەگەر (گۆلەگەنیو) جێگایەکی، ئاوێکی دیاریکراو بێ، دیارە ئاوەکەی یا گەڕاو بووە، یا ناساز بووە بۆیەکا جێی دووبەختی بووە. خۆ ئەگەر هەر گۆلێکی ئاو گەنیوی پیسێشی مەبەست بێ، ئەوە نەسیحەتەکە لە جێی خۆیدایە و بە تاقیکردنەوە ئاوی بۆگەن بۆ خواردنەوە دەست نادا. بەردەستێیەکە و پووشووەکەش لەوە دەچێ یا نەزەرگایەک، بەردێکی پیرۆز بووبێ، یا هەر لەبەرئەوەی کە ئەمانە دوو شتی بە فەڕن ڕێزیان لێ گیراوە. جا چ لە نەزەرگا و شەخس و پیر و بەردی پیرۆز زۆرترە لە کوردستان؟

چوارەم: ئەم بەیتە لە ڕووی هێندێ شتەوە وا پێ دەچێ دەماودەم بەر دەسکاری کەوتبێ، دەنا (گوللە، دووربین، قاوە، تووتن..) شتی زۆر کۆن نین.

## داستانی کەڕ و کولک

### بە کرمانجیی سەروو

وەختەکێ عێلا عەمەرێ گێسی قەوخەکە گران داتینە.

عێلا عەمەرێ گێسی حەموو تۆپ دبن،

بۆنا خاستنا پەریشان خاتوونێ.

عەمەرێ گێسی فینجانا قاوێ تژی دکە، داتینە، دبێژە:

– کێ کو فینجانا قاوێ وەلگەڕینە،

هەڕە بێجانێ ژ عێلا عەمەر ئاغا بینە،

ئەوێ پەرێشانێ حەلالییا خوەدێ بستینە.

عەمەری گێسی دبێ:

– فێزا ئۆبا تە کۆنێ تەزەهاتی،

کەڕ و کولکێ برا مانە.

عەمەرێ گێسی خولامەکی دشینە،

پەی کەڕ و کولکێ برا، تینە.

کولک تێ چەعڤ ل قەوخێ دکەڤە،
دبێ،– ئەڤ چ بەعسە، چ گلییە؟
کەر دبێ،– کولکێ، برا!
ئەڤا دەعوا پەریشان خانمێیە،
کی فینجانا قاوێ وەرگەرینە،
هەرە، بێجانێ ژ عێلا عەمەر ئاغا بینە،
ئەوێ پەریشانێ حەلالییا خوەدێ بستینە.
کولک تاپ نادە، فینجانێ وەلدگەرینە،
عەمەرێ گێسی گهیشتێ، فنجانێ دێست بگرە،
وەکی وەلنەگەرینە،
کولک فینجان وەلدگەرینە،
خوونا رەش ژ بەر تلییێ عەمەرێ گێسی دەرتینە
کولک گۆ،– ئەرێ، کەرێ برا،
بکە و بلەزینە،
خوە یالێ کۆنرا بگهینە،
تاخما زێرین مال دەرینە،
پاشێ خوە یالێ تەولەخانێرا بگهینە،
سۆسکێ ژ هوندوور بکشینە،
تانگا ل تانگا بشدینە،
سەگلاوین سیاربە،
خوە عێلا ژێرینرا بگهینە،
هەر چار سیارێ قەوخێ منرا بینە.
کولک دبێ– کەرۆ، برا،
هەرگێ وەردەکا دێ دبێ:

– چ بوویە، چ قەومییە؟ بێژە:
– وەلە، دایێ، تشت تو نینە.
عێلا عەمەرێ گێسی دەعوەتە،
کولک دخازە کێفێ دەرباز کە.
کەڕێ برا دکە و دلەزینە،
کی وی، وی ویک، وی، وی،
خوە ب کۆنڕا دگهینە،
کی، وی، وی ویک، وی، وی،
تاخما زێڕین مال دەرتینە،
کی، وی، وی ویک، وی، وی،
خوە ئالیێ تەولەخانێڕا دگهینە،
کی، وی، وی ویک، وی، وی،
سۆسکێ ژ هوندوورِ دکشینە،
کی وی، وی کی، وی، وی،
تەنگا ل تەنگا دشدینە،
کی وی، وی کی، وی، وی؛
دووڕڕا سەگلاوین دکشینە.
کی وی، وی کی، وی، وی،
تەنگا لێ دشدینە،
کی وی، وی کی، وی، وی،
ڕکێڤەکێ خوە عێلا ژێڕینڕا دگهینە،
کی وی، وی کی، وی، وی،
هەر چار سیارێ دەعوێ تینە،
کی وی، وی کی، وی، وی،

وەردەکا دێ دبێ:

– کەڕۆ، لاوۆ، چ بوویە؟ چ قەومییە؟

کەڕۆ دبێژە:

– دایێ، عێلا عەلییێ گێسی دەعوەتە.

عەلییێ گێسی دخازە مێرخاس،

ئو پەلەوانێد خوە بجەڕبینە.

کەڕ، کولکێ برا هەر چار،

سیارێ دەعوەتێ ڕێ دکەڤن.

وەردێ دیسا دبێ:

– هەرێ، دبێ، عەلییێ گێسیۆ،

تەیێ یەکە نەچێ کر،

تەیێ دوو گورێد دەڤخوون

بەرب خالا ڤەڕێ کر،

وەردێ دیسا دبێ:

کەڕۆ، لاوۆ، ئەز زانم،

هوونێ هەڕن سەر خالا شێر.

بسەکنن ئەز ناڤ – نیشانێ خالێ وە وەڕا بێژم،

هەر حەفت خالێ وە تراکچینە،

هەسپێ بندا بۆزە خالخالینە،

سمێ وانە سمکۆدینە،

گوهێ وانە گوهقەمچینە،

شڤقەلوونێ دەستێ وانا یەک حەلەبینە،

سەرکێد سێری یەک کۆدینە،

سەرکێد وانە یەک هۆقە تووتنا مووشێ هلتینە.

ڕۆژێد ئۆغرمێ گران، نەیارا،
فۆرما گورێ بەراتێ قولاپ – قولاپ سەرملێ هەڤ درەڤین.
کولک دبێ:
– وەردێ، بەسە وەرە من تەعنانە،
ئەزێ بکم، وەکی حەفت برا براک، تەڕا سلاڤێ نەشینە.
وەردا دێ دبێ:
– کەڕۆ، لاوۆ، سێ قرار هەنە،
ئەزێ تەڕا بێژم.
دبێ:
– گەرەک تۆ بیر نەکی
وێ یەکێ. مقات – مقاتی.
سۆسکێ ئاڤێد گۆلە گەنییابە،
سۆسک ئاڤێد گۆلە گەنییا نەخوە.
یا دوودا، کارێ تە پێ نەکەتیە.
نێچیرا کارێد خەزالا بێوانە.
توجار دانەینی قڕاجی دارانە.
قڕاجی دارا ژی بێوانە.
هەڕن خوەدێ ئۆغرا وەڕابە.
ئەوانا چوون ئیدی.
وەردا دێ پەی وانڕا کاغەزەکی خالاڕا دشینە.
دنڤیسە،– گەلی برا!
– خارزیێ وە دکەڤە فەرسەنگاوە.
خارزێ خوە بێ قەدر ڤەڕێ نەکن.
ددە مەریکی، بەرب خاک دشینە کاغەز.

کولک ئەپێجە ڕێ دچە. دینا خوە ددێ،
دبە چرپینا کارەکە خەزالا،
بەر پێی سۆسکێ بانز ددە.
کولک نەمەردیێ ناکە.
ددە سەر کارا خەزالا.
دگرە تینە.
کەڕێ برا دبێ.
– کولک، برا!
نەتەمییا وەردەکا دێیە.
نێچیرا کارێ خەزالا بێوانە.
کولک دبێ:
– کەڕۆ، برا!
وەردەکا دێ ها ژ چ هەیە؟
کارا خەزال مەڕا هم شیڤە، هم تەعشتێیە.
پەی وێڕا قڕاجی دارا،
کەڤری جەقماقا دهێورن.
کولک دبێ:
– کەڕۆ، تو مێرخاساڤا ڕازێ.
ئەزێ قەرەول بم.
دسەکنە سڤەترێ.
کەڕ دبێ:
– کولکێ برا!
ئێژا تو ڕازێ،
ئەزێ قەرەول بم.

کولک ڕادزێ.
شەڤ دبە نیڤێ شەڤێ،
کەڕ ڕادبە. سەگلاوین دکشینە،
بەرب عێلا عەمەر ئاغا دلەزینە.
تو تشتی وێ ڕاستێ نابینە.
کەڕ ژی گورمکە دەڤێد گوری ل هەڤ تۆپ دکە.
چاوا تالان. خوەڕا تینە،
حەتا کەڕ تێ.
سۆسک سەر ئاڤا گۆلە گەنییا،
قوش و بەندێ خوە دقەتینە.
کەڕ دینا خوە ددێ،
سۆسک تەوەلەخانێدا تونەنە.
ڤی ئالی، وی ئالی دلەزینە.
گۆلەک همبەری کۆن بوویە.
خوە سەر گۆلێڕا دگهینە،
دینا خوە ددێ،
سۆسکێ ئاڤێد گۆلەگەنییا ڤەخارییە، وەرمییە،
قوش و تەنگێ خوە قەتاندییە.
تەنگ و قوشێ سۆسکێ لە هەڤ تینە،
گەمێ ل دەڤێ سوسکێ دخەرینە.
مەیدانەک، دودا: سۆسکێ دێشینە؛
تینە، سۆسکێ تەولێدا گرێ ددینە.
سبە سافی دبە؛
کولک ڕادبە،

دینا خوە ددێ،

کەرێ برا گورمکە دەڤە ئانییە،

دبێ:

کەرۆ، برا، ئەڤ چییە؟

دبێ:

– کولک، برا، ئیشەڤ من لێ خستییە،

تالان ئانییە.

کولک هاژ سۆسکێ و ئاڤێد گۆلە گەنییا تونەنە.

رۆ ل قامێ نیڤرۆیە.

کولک سۆسکێ تەولێ دکشینە.

بەرب عێلا عەمەر ئاغا دلەزینە؛

قەلەچییا سەر فێزا کۆنا خوە دحەملینە؛

شەڤ داژۆ بەر دەرێ کۆنی رەشی عەرەبینە،

دچە هونددورێ کۆن.

دینە خۆە ددێ،

عەلی عەمەر ئاغا خەوا شیریندا

هاژ بایێ دنێ تونینە.

شەمدانێ دۆرا پەڤ دگوهێرینە؛

پاترۆنەکێ لەسەر کەڤچکا دلێ وی داتینە:

تاخما زێرین هەلددە. مال دەرتینە.

کەر دبێ:

– گەلی مێرخاسا،

هەلا بەرژێر بنهێرن.

ئاگر کەتییە کۆنێ عەلی

عەمەر ئاغا دشەوتینە،
کەڕ دبێ:
– گەلی مێرخاسا
ڕابن مەجالێ ببینن؛
ئەم برەڤن، تابا مە تو نینە.
تەڤانا نڤدارەکێ ڕەفێ دبینن.
کولک خوە ب وانڕا دگهینە.
تاخما زێرین ئۆرتا مێرخاسا داتینە،
دبێ:
ئەڤا پێشرەڤێ یا بلیجانێیە. من ئانییە،
وی چاخی ژی عێلا عەمەر ئاغادا
ئەو حەفت ڕۆ بوو دەعوەت دکرن.
حەفت ڕۆژ بوو. وەکی بێجان ئاڤ نەدابوون،
بێ ئاف مابوو.
خولام بێجانێ تینە ئاڤێ:
سەر چەمێ خامووریێ،
هەما وی چاخی کولک پێڕا دەرتێ.
کولک خوە خام دەرتینە،
عەسێڤا ڕێ نابینە،
خولام دبێ:
– ئۆ لۆ سیارۆ!
تو دینی. یان ئەفسەنەیی؟
تە خوە شاش کرییە،
ڕێیا بوهورێ نابینی؟

کولک ژ خولێم هیڤی کرییە.
خولام بوهورێ نیشان کرییە.
کولک دەربازی وی بەری ئاڤێ دبە.
کولک خوە گەڕی داتینە؛
ب تلییا خو لێم ددەعفینە،
گازی دکە، بەرب خوەتینە؛
تەپەکێ ناڤا چەعڤا دخینە؛
بلیجانێ ژێ دستینە.
کولک دبێ:
– خولام، هەڕە، بێژە عەمەر ئاغا،
بێ،– کولک بلیجان بر.
حەڤت ڕۆژا وێ قڕاجی دارا
کەڤرێ جەقماقا بسەکنە،
هیڤییا تەبە،
برا پاشی نەبێژە؛
(کولک بلیجان شەڤێ دزی، بر).
کولک بلیجانێ تینە.
خولام دچە جەم عەمەر ئاغا
گاڤا خولام عەمەر ئاغاڕا ڤی گلی دبێژە،
(عەمەر ئاغا هم کەڕە، هم گێژە)
هەما وی چاخی کاغەزا کو
وەردەکێ شاندبوو حەڤت براڕاتێ دگهیژە برا.
عەمەر ئاغا عێلا خوە دجڤینە،
گازی هەر حەڤت برێ وەردەکێ دکە، تینە.

هەر حەڤت برا تراکچینە؛
هەسپێد وانە بۆزە خالخالینە؛
ناڤکێلێ وانا ناڤتەعژینە؛
سمێد وانا سمکۆدینە؛
گوهێ وانا گوهڤەمچینە؛
شڤڤەلنێد دەستێد وانا
یەک هەلە بینە؛
سەرکێ سێری یەک کۆدینە؛
سەرکێد وانا یەک هۆڤە تووتنا مووشێ هلتینە؛
ڕۆژێد ئۆغرمێد گران، نەیارا،
فۆرما گورێد بەراتێ قولاپ – قولاپ
سەرملێ هەڤ دڕەڤینن.
کولک دبێ:
– وەردەکێ، بەسە وەرە من تەعنانە،
ئەزێ بکم، وەکی ژ حەڤت برا، براک تەڕا
سەلامێ نەشینە.
برێ مەزن کاغەزێ وەردەکێ دستینە؛
گلییا تەمام دفەعمینە؛
ئەو جەردێ و شەش برا دخاپینە؛
ئالیکی دنێدا دشینە؛
خوە – خوە بەرب کولکێ خارزییا دچە،
وەکی کولکێ خارزییا دلەکی شایی
بەرب عێلا عەلیێ گێسیپا بشینە.
برێ مەزن دچە جەم کولک،

دبێ:
– خازرییا، هەرە، تەرا ئۆغربە،
منێ جەرد خاپاندییە،
ئالیکی دنێدا شاندییە.
وەکی تو بلیجانێ ببی،
دەرخی سەرفنیازی.
کولک دبێ:
– خالۆ ئەز نەمێرێ شەڤدزییامە،
وەکی ئەز بێ شەڕ و دەعو بلێجانی ببم،
پاشێ جابێ هەڕە عەلییێ گێسڕا،
وێ بێژە:
– کولک شەڤدزی بلێجانی ئانی.
خال دکە و ناکە، تو بەند کولک ناخینە.
کولک دبێ:
– خالۆ، کارێ خوە بکە،
ئەمێ شەڕ بکن.
گلی دەڤێ کولک و خالێدا
هەر شەش برا وێدا تێنە،
کولک برا تراکچییە،
کی وی، ویک، وی، وی،
پشت ژ خالێ مەزن دستینە؛
خالێ مەزن ناڤا زینا دفڕینە؛
کی وی، وی ویک، وی، وی،
هەر شەش برێ دن خوە کولکڕا دگهێنن؛

کی وی، وی ویک، وی وی.
کولکێ ترادکە، دلەزینە،
کی وی، وی ویک، وی وی؛
وەکی پشتێ ژ هەر شەش خالا بستینە،
کی وی، وی ویک، وی وی،
سۆسک ئەرقەکە حەڕی وێ ناڤێ حازر دبینە،
کی وی، وی ویک، وی وی؛
سۆسک ئەرقا حەڕییێ خلاس ناکە، تێدا دمینە،
کی وی، وی ویک، وی وی؛
هەر شەش برا تراکچینە،
کی وی، وی ویک، وی وی؛
هەر یەک زەرگەکێ کولک دخینە،
کی وی، وی ویک، وی وی؛
کەڕێ برا دکە، دجرینە،
کی وی، وی ویک، وی وی،
پشتێ ژ هەر شەش خالا دستینە،
کی وی، وی ویک، وی وی؛
دوو خالا ناڤا زینا دفڕینە،
کی وی، وی ویک، وی وی؛
لکولێ مرتب دکە، دجرینە،
کی وی، وی ویک، وی وی؛
پشتی ژ خالێ کەڕ و کولک دستینە،
کی وی، وی ویک، وی وی،
خالەکی وانا ژ ناڤا زینا دفڕینە.

کی وی، وی ویک، وی، وی؛
بغدۆ دکه، دلەزینه،
کی وی، وی ویک، وی، وی؛
پشتێ ژ خالێ کەڕ و کولک دستینه،
کی وی، وی ویک، وی، وی؛
ئەو ژی خالەکی ناڤا زینا دفڕینه.
کی وی، وی ویک، وی، وی؛
مێرخاس سسیا دکه، دجرینه
کی وی، وی ویک، وی، وی؛
ئەوژی خالەکی ناڤا زینا دفڕینه،
کی وی، وی ویک، وی، وی؛
سرێ تێ سەر مێرخاسێ چارانه،
کی وی، وی ویک، وی، وی؛
مێرخاس چارا ژی دکه، دلەزینه،
کی وی، وی ویک، وی، وی؛
خالێ کەڕ کولک (؟)
دۆرا کولک دزڤڕینه،
کی وی، وی ویک، وی، وی؛
کولک دکه گازی، دبێ:
– کەڕۆ، برا، بەسه،
کۆکا خالا مەقەلینه (مەقەدینه)،
تو وی خالی مەکوژه،
برا دلێ وەردا دێ ژ مه نەمینه.
کەڕ دگره، ئەوی خالی تینه،

درانێ وی دکشینه،
عەنییێدا دکوتە،
بەرب عەمەر ئاغا دشینە،
کەر تێ جەم کولک، دبێ:
– کولک، من نەدیت تو مێرخاسی ژ تە چێ بوو؟
سبێ وەردەکا دێ وێ بێژە،
کەری ڕەڤەک بوو،
مێرخاسێ یا کولک بوو.
کولک دبێ:
کەرۆ برا، سوسکێ بەر منرا
ببە، بینە؛
ساپۆکێ ژ لنگێ برێ خوە بکشینە؛
تێ وی چاخی مێرانییا برێ خوە ببینە.
کەر سۆسکێ بەر کولکرا دەبە، تینە،
کولک شوور دکشینە،
هەر چار لنگێ سۆسکێ دفڕینە،
کولک دبێ:
کەرۆ برا، سۆسکێ سەرێ ڕییا نەهێلە،
برا قیز و بووکێ عێلا عەمەر ئاغا نەئێن
سەر لەشی سۆسکێ.
نەبێژن:
تو چبوویی، وەکی سیارێ سەر تە ژی
مێرخاس بە؟
کەرۆ دبێ:

– ئەرێ، کولک، برا،
چما تە سۆسک نەکوشتا،
سۆسک ژ منرا ناڤدەنگێ من بلند بکرا.
کولک دبێ:
– کەرۆ، بەسە بکە ڤان خەبەرا،
وەرە ئەزێ تەرا بێژم دەرد و کولا،
تو تابووتەکێ برێ خوەرا چێ کە،
جنیازێ برێ خوە بدە سەر سەرباریێ
دەڤا پێشن.
دزگینا بلیجانێ باڤێژە زەندا برێ خوەیە.
ملەکی برێ خوە دەرخە دەرڤا،
گاڤا ملێ من هەرە بێ،
وەردەکا دێ وێ بێژە؛
(دییاها دچە، ها تێیە)
وی چاخی گونێ تە تێ تونینە.
بێژە وەردەکا دێ پرسا راستییێیە.
پەی وێ یەکێ کولک قوربانا تەبوو.
کەرِی برا ب هەرچار مێرخاساڤا،
تابووتەکێ کولکرا چێ دکن،
کولک دکن تابووتێ،
ملێ وی تابووتێرا دەردخن،
دزگینا بلیجانێ داڤن زەندێ،
کاڤرانێ وانا رێ دکەڤە،
وەختەکێ ئەو دگهیژن کەوشەنێ عەلیێ

گێسی،
جاب دچە عەلیێ گێسیڕا،
دبێ:
– عەلیێ گێسی،
کولکێ برا بلیجان دلەکی شایی ئانی.
وەردا دێ دوورەبینێ داتینە،
بەر چەعقێ خوە دگەڕینە،
کاڤرانێ مێرخاسا دبینە.
مەعتەلمایی دمینە،
جارا دوودا دوورەبینێ داتینە،
کاڤرین دبینە.
حەموو تشتی دفەعمینە،
وەردا دێ دبێ:
– هەرێ، عەلیێ گێسیۆ،
برا کۆنێ تە ژ ناڤ کۆنا دەرێ،
کوڕێ تە بەر دلێ تە هلێ،
من زانبوو، کولک هەڕە عێلا عەمەر ئاغا
سلامەت نایێ.
وی چاخی عەلیێ گێسی، وەردا دێ و پەریشان خانم، دچن پێشییا کاڤران.
وەردێ ب کلاما کەررا تێیە شەڕ؛ دبێ:
– هەرێ، عەلیێ گێسیۆ!
تە مالخراب بوویۆ،
من تەڕا نەدگۆ
ڕۆژێد ئۆغرمێ گران و نەیارا

کەڕی ڕەڤەکە،
کولکێ پشتڤالاٚ بمینە،
کەڕێ بڕەڤە.
کەڕ دبێ:
– هەرێ، وەردەکا دێ،
بەسە، وەرە من تەعنانە
کەڕ نەمێرێ ڕەڤێیە.
وەردەکا دێ دیسا دبێ:
– عەلیێ گێسیۆ، تو چ دبێژی؟
تو ب گوللەکێ من دکوژی،
چما ب هەڤدا پۆنژی؟
کولک چوویە، کەڕ بلیجان تەڕا ئانییە.
کەڕ دبێ:
– وەردەکا دێ،
بەسە وەرە من تەعنانە،
هەرگێ تو پرسا ڕاستییێ من دپرسی،
منێ تە قەلاندییە کۆکا برانە.
گاڤا کەڕ ڤێ پرسێ بیر تینە،
وەردەکا دێ حەموو تشتێ دفەعمینە،
ئیدی زانە کۆکا مالا باڤێ وێ هاتییە،
پەریشان خانم دبێ:
– وەردەکێ، بەس بکی گری و شینە،
هەرکێ کولک چوویە،
برا کەڕی برا دەوسێ خوەش بمینە.

وی چاخی کەڕ بلیجانێ دبە عەلیێ گێسیڕا،
پەریشان خانمێ ژێ دستینە،
حەڤت رۆژ، حەڤت شەڤا،
دەف – دەعوەتێ خوە دکن،
ئیدی ئەوە!
ئەو چوون خوەڕا
ئەم ژی مان خوەڕا[١].

## داستانی کەڕ و کولک

به کرمانجیی خواروو..

سەردەمێ هۆزی عەمەرێ گێسی شەڕ و هەرایەکی گەورە دەنێنەوە.

هۆزی عەمەری گێسی سەرلەبەر خڕ دەبنەوە، بۆ داخوازیی پەرێشان خاتوونی.

عەمەرێ گێسی فنجانێ قاوە پڕ دەکا، دەڵێ:

– هەر کەسێ فنجانی قاوە وەرگەڕێنێ،
بچێ بێجانێ لە هۆزی عەمەر ئاغای بێنێ،
خاتوو پەرێشانی بە حەلالیی خوای لە بۆ خۆ بستێنێ.

عەمەرێ گێسی دەڵێ:

– کەس نەما لەنێو هۆزی؟

خولامەکەی دەڵێ:

– لە سەرووی هەوارێ، لەو ڕەشماڵەی تازە هاتووە کەڕ و کوڵکی برا ماون.

---

(١) گۆت عەڤدۆیێ شەوۆ، بیست و دوو سالی، ژ ناحیيا ئاپارانێ، گوندێ پامپێ. نڤیسی حاجی جندی، بنهێڕ! (فۆلکلۆرا کورمانجا) یەریڤان، سالا ١٩٣٦، روپێل ١٧٧– ١٨٨ .

عەمەرێ گێسی خوڵامێکی دەنێرێ،
لە دووی کەڕ و کولکی برا، دەیانهێنێ،
کولک دێ شەڕ و هەرای دەبینێ،
دەڵێ،– ئەوە چ باسە، چ قسە و هەرایە؛
کەڕ دەڵێ – کولک، برا!
ئەوە هەرای خاتوو پەرێشانە.
هەر کەسێکی فنجانی قاوەی وەرگەڕێنێ،
بچێ، بێجانی لە هۆزی عەمەر ئاغا بێنێ،
خاتوو پەرێشانی بە حەڵالیی خوای لە بۆ خۆ بستێنێ.
کولک خۆی ناگرێ، فنجانی قاوە وەردەگەڕێنێ،
عەمەرێ گێسی گەیشتێ، فنجانی لە دەست بستێنێ،
بۆ ئەوەی وەری نەگەڕێنێ،
کولک فنجان وەردەگەڕێنێ،
خوێنی ڕەش لە پەنجەی عەمەرێ گێسی دەردێنێ،
کولک دەڵێ،– یاڵڵا، کەڕی برام،
زووکە و وەخۆکەوە،
خۆ بگەیێنە کن ڕەشماڵێ،
تاخمی زێڕین لە ماڵێ دەرێنە،
پاشان خۆ بگەیێنە کن تەویلە خانە،
سۆسک لە ژوورەوە دەرێنە
تەنگ و بەرەی لێ شەتەک دە،
سواری ئەسپی سەگلاوی خۆبە،
خۆ وەگەینە هۆزی خوارێ

بچۆ چوار سواری شەڕکەرم بۆ بێنە.
کولک دەڵێ: – کەڕۆی برام،
ئەگەر وەردەکی دایک گوتی:
چ بووە، چ قەوماوە؟ بڵێ:
– وەڵڵا، دایە، هیچ نەبووە و هیچ نەقەوماوە.
هەرا و زەنای هۆزی عەمەرێ گێسییە،
کولک دەیەوێ بچێ لەوێ ڕابوێرێ،
گەر وەخۆ دەکەوێ، گورج و خێرا،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
خۆ دەگەیێنێتە ڕەشماڵ،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
تاخمی زێڕین لە ماڵێ دەردێنێ،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
خۆ دەگەیێنێتە کن تەویلەخانە،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
سۆسک لە ژوور دەردێنێ،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
تەنگ و بەرەی لێ شەتەک دەدا،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
لە دوورەوە و سەگلاوی خۆی ڕادەکێشێ،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
تەنگ و بەرەی شەتەک دەدا،
کی، وی، وی ویک، وی، وی

بە سەڵەفێکی خۆ دەگەیێنێتە هۆزی خوارێ،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
هەر چوار سواری شەڕکەر دێنێ،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
وەردەکی دایک دەڵێ:
– گەڕۆ، لاوۆ چ بووە؟ چ قەوماوە؟
کەڕ دەڵێ:
– دایە، شایی لۆغانی هۆزی عەلی گێسییە[(١)]،
عەلی گێسی ئازا و کەڵەمێردانی دەوێ،
دەیەوێ پاڵەوانانی خۆیانی لێ تاقی کاتەوە
کەڕ و کولک و هەر چوار
سوار بەڕێ دەکەون.
وەردەکی دایک دەڵێ:
– عەلی گێسی!
تۆ کارێکی چاکت نەکرد،
تۆ دوو گورگی دەم بەخوێنیت،
بەرەو خاڵوان ڕەوانە کرد.
وەردێ دیسان دەڵێ:
– کەڕۆ، لاوۆ، من دەزانم،
ئێوە دەچنە سەر خاڵەکانتان بۆ شەڕ،
ڕاوەستن، با ناوونیشانی خاڵوانتان بۆ هەڵدەم،

---

(١) عەمەرێ گێسی ناوی (عەلی عەمەرێ گێسی)یە. هەندێ جار عەلی، جارجار عەمەر، ناوبەناویش عەلی عەمەرێ گێسییە.

هەر حەوت خاڵوانتان دلێرن،
هەسپی ژێریان بۆزی خاڵخاڵین،
تەنگەیان وەکی تەنگەی تاژی ژار و باریک.
سمیان خشت و سمقۆتین(٢)،
گوێیان وەک گوێی قەمچی قوت و قیتن
کلکە قەلوونەکانیان هێندەی گەزی حەڵەبییان درێژن.
سەرکیان زۆر زەلامن،
هەر یەک ئۆقە تووتنێکی مووشێ دەگرن.
لە ڕۆژی تووش و دژداردا،
وەک گورگ لوور دەبنە دژمن، تێیان ڕۆ دێن.
کولک دەڵێ:
وەردێ، بەسە، بە تانە و توانجم تێ گرە،
دەبێ کارێکی بکەم لە حەوت برایان،
برایەکت سلاوی سلاو ئاساییت بۆ نەنێرێ.
وەردێ دەڵێ:
– کەڕۆ، لاوۆ، سێ مەرجم هەن،
پێتیان بڵێم.
دەڵێ:
– نابێ لە بیریان کەن
دەبێ زۆر ئاگات لە سۆسک بێ،
نابێ لە ئاوی گۆلەگەنیوێ بخواتەوە،
دووەمیان، کارمامزێکت تووش دێ،

(٢) وەکی قووتی ڕێک و خشتن.

هەقت بەسەریەوە نەبێ، بەستەزمانە،
لەبن داری بە پووشوو و قاو،
لەسەر بەردەستێیەش مەحەسێنەوە،
ئەویش گوناح و بێ وەیە.
دەبڕۆن ئۆغرتان خێر بێ.
لێیان دا ڕۆیشتن،
وەردێی دایک کاغەزێکی لە دووی وان
بۆ خاڵوانی نووسین،
- گەلی براینە!
خوارزایەکانتان دەکەونە بەر چەنگتان،
بەبێ قەدری بەڕێیان مەکەن،
کاغەز دەداتە دەست زەلامێکی بۆیان دەنێرێ،
کولک جوان و زەریف دەڕوا، تەماشا دەکا.
کارمامزێک لەبەر دەست و پێی سۆسکێ ڕادەپەڕێ، هەڵی دەکاتێ،
دەیگرێ، دەیهێنێ.
کەڕی برای دەڵێ:
- کولکی برام!
ئەدی دایکم تەمێی نەکردین،
ڕاوەکارمامز گوناهە،
کولک دەڵێ:
- کەڕۆی برام!
وەردەکی دایکم ئاگای لە چییە؟
کارمامز شیویشە و جاشتیشە

ئەوجا لە پاشان بەردەستێیە.
لەوێ دەحەسێینەوە.
کولک دەڵێ:
– کەڕۆ، تۆ لەگەڵ ئەم مێرخاسانەدا بنوو،
من ئێشک دەگرم،
بۆ سبەینێ،
کەڕ دەڵێ:
– کولکی برام!
ئەوجا تۆ بنوو،
من ئێشک دەگرم،
کولک دەنوێ،
شەوگار ڕادەشکێ
کەڕ هەڵدەستێ، سواری سەگلاوی دەبێ،
بەرەو هۆزی عەمەر ئاغای تێ دەتەقێنێ،
چی وا لەو دەوروبەرە نابینێ،
کەڕ ڕەوکە وشترێک کۆ دەکاتەوە،
بەتاڵان بۆ خۆی دەیهێنێ،
لە پاشان دێ،
سۆسک لەسەر ئاوی گۆلەگەنیو
تەنگ و بەندی دەپسێنێ،
کەڕ دەبینێ،
سۆسک لە تەویلەخانە نییە،
بەملا و بەولادا دەکەوێتە هەڵپە و هەڵەداوان،
تەماشا دەکا سەگێک وا لەوبەر ڕەشماڵە وەرکەوتووە.

دەچێتە سەری،
دەبینێ،
سۆسک ئاوی گۆلەگەنیوی خواردووەتەوە و ئاوساوە،
تەنگ و بەندی پساندووە،
تەنگ و بەندی لێ دەکاتەوە،
لغاوی لە زاری دەردێنێ،
یەک دوو سەڵەفی تاو دەدا،
دەیهێنێ لە پشتی ڕێی دەبەستێتەوە،
کە سبەینێ ڕۆژ هەڵدێ،
کولک بەخەبەر دێ،
سەیر دەکا،
کەری برای ڕەوکەیەک وشتری هێناوە.
دەڵێ:
- کەرۆی برام، ئەوە چییە؟
دەڵێ:
- کولکی برام، ئەمشەو تالاّنم هێناوە،
کولک ئاگای لە سۆسک و گۆلەگەنیوی نییە،
ڕۆژ دەمەو نیوەڕوانێیە،
کولک سۆسکی لە پشتێ ڕێ دەردێنێ،
بەرەو هۆزی عەمەر ئاغای لێ دەتەقێنێ.
پاسەوانان لەسەر کۆن و خێوەتی خۆی دادەنێ،
شەو داژوا دەگاتە بەر سیامالّی عارەبان،
دەچێتە ژوورێ.
دەڕوانێ،

عەلی عەمەر ئاغا لە خرپەی خەویدایە،
ئاگای لە بای دنیایێ نییە،
گوللەیەک بەسەر سینگییەوە دەنێ،
تاخمی زێڕین هەڵدەگرێ لە ماڵێی دەردێنێ،
کەڕ دەڵێ:
– مێرخاسینە،
تەماشای خوارێ کەن،
ئاگر لە ڕەشماڵی عەلی بەربووە،
عەمەر ئاغای دەسووتێنێ،
کەڕ دەڵێ:
– گەلی مێرخاسینە،
هەستن چارێک بکەن،
با هەڵێین، خۆمان ناگرین،
خۆ تەیار دەکەن، تەدارەکی رادانێ دەبینن.
کولکیان ڕادەگاتێ،
تاخمی زێڕین لە ناوەندی مێرخاسانی دادەنێ،
دەڵێ:
– ئەوە پێشەکیی بلیجانە، من هێناومە،
هەنگینێ هۆزی عەمەر ئاغای،
حەوت ڕۆژ بوو شاییان دەگێڕا،
حەوت ڕۆژ بوو بێجانیان ئاو نەدابوو(٣) تێنی بوو،
خولام بێجانی دەباتە سەر چۆمی خامووری،
ئاوی دەدا.

---

(٣) بێجان هەر بلیجانەکەیە.

کولک چاوی خەواڵوو دەبێ،
چاوی نابینێ، چاک ڕێ دەرناکا،
خولام دەڵێ:
– کوڕە سوار!
ئەتو شێتی، یا ئەفسوونیان لێ کردووی؟
یا نەخۆ لە هۆزی مەنی؟
ئەتو لێت شێواوە،
ڕێ بەدییێ ناکەی؟
کولک تکای لە خولام کردووە،
خولام ڕێبازی نیشان داوە،
کولک دەپەڕێتەوە ئەوبەری ئاوێ،
کولک گازی خولام دەکا،
بە ئیشارەتی پەنجە،
بۆ کن خۆی گازی دەکا،
بلیجانی لێ دەستێنێ.
دەڵێ:
– خولام، هەڕۆ بێژە عەمەر ئاغای،
بێ، – بڵێ، کولک بلیجانی فڕاند،
حەوت ڕۆژان لە کن چیای بەردەستێ
چاوەنۆڕیم،
با لە پاشان نەڵێ:
(کولک بلیجانی بەشەو دزی، بردی.)
کولک بلیجانی دێنێ.
خولام دەچتە کن عەمەر ئاغای،

کاتێکی ئەو خەبەرەی ڕادەگەیێنێتێ،
(عەمەر ئاغا هەم کەڕە، هەم گێژە)
هەر ئەودەمی، کاتێکی وەردەک، کاغەزی
لەبۆ حەوت برای هەناردبوو، کاغەزی ڕادەگاتێ،
عەمەر ئاغا هۆزی خۆی دەنگ دەدا،
بانگی هەر حەوت برای وەردەک دەکا، دەیانهێنێ.
هەر حەوت برا مێرخاسن.
هەسپی ژێریان بۆزی خاڵخاڵین
تەنگەیان وەکی تەنگەی تاژی ژار و باریک،
سمیان خشت و سمقۆتین،
گوێیان وەک گوێی قەمچی قوت و قیتن،
کلکە قەلوونەکانیان هێندەی گەزی حەڵەبییان درێژن،
سەرکیان زۆر زەلامن،
هەریەک ئۆقە تووتنێکی مووشێ دەگرن.
لە ڕۆژی تووش و دژواردا،
وەک گورگ لور دەبنە دژمن، تێیان ڕۆ دێن.
برای گەورە کاغەزی وەردەک وەردەگرێ،
بە ڕوونی لێی حاڵی دەبێ،
جەردە و هەر شەش برای تەفرە دەدا،
بەلایەکی دیکەیاندا دەنێرێ، گومڕایان دەکا،
بۆ خۆشی بەرەو لای کولک داژوا،
تا کولکی خوارزای بەدڵی خۆشەوە،
بەرەو هۆزی عەلیی گێسی بنێرێ.
برای گەورە دەچێتە کن کولک،

دەڵێ:
– خوارزا، برۆ، ئۆغرت خێر بێ،
ئەمن جەردەم تەفرە داوە،
بەلایەکی دیکەمدا ناردوون،
تا ئەتو بلیجانی ببەی،
تا ئەتو سەرفراز و ئازاد بی،
کولک دەڵێ:
– خاڵۆ، ئەمن پیاوی شەودزییێ نیم،
بلیجانی بێ شەڕوشۆر ببەم،
پاشان خەبەر بە عەلیی گێسیی بگاتەوە،
بڵێ:
– کولک بلیجانی بە شەودزییێ فڕاند.
خاڵ هەرچی دەکا و دەکۆشێ کارێکی لە کولک ناکا.
کولک دەڵێ:
– خاڵۆ ئامادەبە،
با بەشەڕ بێین،
خاڵ و خوارزا لەم قسانەدا بوون،
هەر شەش برا بەسەردا دێن
کولکی برا مێرخاسە،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
لە خاڵی گەورەی دێتە پارێزێ،
خاڵی گەورەی لەسەر زین دەڕفێنێ،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
هەر شەش برای دی خۆ دەگەیێننە کولک،

کی، وی، وی ویک، وی، وی
کولک گورج خۆ تەیار دەکا،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
تا لە هەر شەش خالان ڕۆبێ
کی، وی، وی ویک، وی، وی
سۆسکی بۆ نایەتە ڕایێ و دەوەستێ.
کی، وی، وی ویک، وی، وی
هەر شەش برا مێرخاسن.
کی، وی، وی ویک، وی، وی
هەر یەک نێزەکی لە کولک دەدەن،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
کەڕ هەڵیان دەکاتێ،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
لە هەر شەش خالان دێتە پارێزێ،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
دوو خالان لەسەر زینی دەڕفێنێ،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
مرتب دێتە بەر مەیدان
کی، وی، وی ویک، وی، وی
دێتە پارێزی خاڵی کەڕ و کولک،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
خاڵێکیان لەسەر زینی دەڕفێنێ،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
ئەوجا بغدو دێتە بەر مەیدان،

کی، وی، وی ویک، وی، وی
لە خاڵی کەڕ و کولک دێتە پارێزێ،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
ئەویش خاڵێکیان دەڕفێنێ.
کی، وی، وی ویک، وی، وی
ئەوجا ئازای سێیەم دێتە کار،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
ئەویش خاڵێکی دیکەیان دەڕفێنێ،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
نۆرە دێتە سەر ئازای چوارەم،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
ئازای چوارەمیش هەڵدەکاتێ،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
خاڵی کەڕ و کولک بەدەوری
کولکدا دێنێ و دەبا،
کی، وی، وی ویک، وی، وی
کولک گاز دەکا، دەڵێ:
– کەڕۆی برا، بەسە،
ڕیشەی خاڵوان دەرمەهێنە،
خاڵت مەکوژە،
با دڵی دایکمان لێ نەڕەنجێ،
کەڕ خاڵی دێنێ،
ددانی دەردەکێشێت
لە هەنیەی دادەکوتێ،

لەبۆ عەمەر ئاغای دەنێرێ،
کەڕ دێتە کن کولک دەڵێ:
- کولک ئەمن نەمزانی ئازایەتیی تۆ چ بوو؟
سبەی وەردەکی دایک دەڵێ:
- کەڕ ترسەنۆک بوو،
ئازایەتی هی کولک بوو.
کولک دەڵێ:
- کەڕۆ سۆسکێم لەبۆ بێنە،
کەڕ سۆسکێی لەبۆ دێنێ،
شیری هەڵدەکێشێ،
هەر چوار پەلی سۆسک دەپەڕێنێ،
کولک دەڵێ:
- کەڕۆی برا سۆسک لەو سەرڕێگایە بەجێ مەهێڵە،
نەکو کیژ و بووکی خێڵی عەمەر ئاغای چاویان بەلاشەی کەوێ.
نەبادا بڵێن:
تۆ چ بووی و دەبێ چ بی کە سواری سەرپشت هێند ئازا و دلێر بێ.
کولک دەڵێ:
- بەڵێ، کولکی برا،
خۆزی لە خۆزیداران ئەتو سۆسکت نەکوشتبا،
تا ناوبانگی منی لەوی دنیایێ جاڕ دابا،
کولک دەڵێ:
- بەسم لەو قسانە بۆ بکە،
وەرە خەم و کولانت بۆ هەڵڕێژم،
ئەتو تەرقیکم لەبۆ هەڵبەستە،

جەنازەی برای خۆت لەسەر پشتی ئەو وشترەی پێشێ دانێ،
ڕێشمەی بلیجانم لە دەستی توند کە،
لاشانێکم بەدەرخە،
هەینێ وەردەکی دایک
(دەپرسێ، ئەوە چییە؟)
هەنگینێ گوناح گوناحی تۆ نییە،
ڕاستییەکەی بە وەردەکی دایک بڵێ،
بڵێ لەپاش هەندێ، کولک بوو بەڵاوەگێڕی تۆ،
کەڕ و هەر چوار کەڵەمێردان
تەرمێ بۆ کولک ساز دەکەن،
کولکی تێ دەخەن،
لاشانی لە تەرمەکەڕا بەدیار دەخەن،
ڕێشمەی بلیجانی لە مەچەک دەئاڵێنن،
کاروانیان بەڕێ دەکەوێ،
هەرکە دەگەنە تخووبی خێڵی عەلی گیسییێ،
خەبەر بۆ عەلی گێسی دەنێرن،
دەڵێن
- عەلیی گێسی،
کولک بلیجانی بەدڵی خۆشەوە هێناوە،
وەردێی دایک دووربین هەڵدەگرێ،
دەڕوانێ،
کاروانی مێرخاسان دەبینێ،
دادەمێنێ،
هەر جار ناجارێ بەدووربین دەڕوانێ،

کاروانەکە دەبینێ،
هەموو شتێکی لێ ئاشکرا و ڕوون دەبێ،
وەردێی دایک دەڵێ:
- هۆ عەلی گێسی،
هەی سیاماڵ بەدەر بی،
کوڕت جوانەمەرگ بی
ئەمن دەمزانی کولک بەرەو خێڵی عەمەر ئاغای بچێ،
سەر سەلامەت وەناگەڕێ.
ئەوجا عەلی گێسی و وەردێی دایک بەرەوپیری کاروان دەچن،
وەردێ بە گۆرانی گوتنەوە دێتە بەرمەیدانی شەڕێ،
دەڵێ:
- هۆ عەلی گێسی،
هۆ ماڵوێران،
ئەمن پێم نەگوتی،
لە ڕۆژی تەنگانە و دوژمنکارییێ،
کەڕ هەڵدێ.
کولک بێ پشت و پەنا دەمێنێتەوە،
کەڕ دەڵێ:
- هۆ وەردەکی دایک،
بەسم بەر تیر و توانجان دە،
کەڕ پیاوی هەڵاتنێ نییە،
وەردەکی دایک دیسان دەڵێ:
عەلی گێسی تۆ چ دەڵێی؟
تۆ بە گوللەکی دەمکوژی،

کەڕ دەڵێ:
- وەردەکی دایک،
بەسم بە بەر تیر و توانج دە،
ئەگەر لە ڕاستی دەپرسی،
بە ڕەچەڵەکتدا هاتوومە خوار،
کە کەڕ ئەوەی وەبیر دێنێتەوە،
وەردەک لە بنج و بناوانی کار دەگا،
ئیدی لێی ئاشکرا و ڕوون دەبێ، ماڵەباوانی کوێر بووەتەوە،
خاتوو پەرێشان دەڵێ:
وەردەک بەس بکە شین و گرینێ،
ئەگەر کولکت لە دەستی چوو،
کەڕی برایت بۆ خۆش بێ، عەمری درێژی بۆ وی بێ.
هەینێ کەڕ بلیجان بۆ عەلی گێسی دەبا،
خاتوو پەریشانی لێ دەستێنێ،
حەوت شەو و حەوت ڕۆژان،
لە دەهۆڵ و زوڕنایە دەدرێ، شایی دەکرێ،
ئیدی:
ئەوان بەلای سەروکاری خۆوە چوون
ئێمەش لێروکانە بۆ خۆمان ماینەوە.

کاروان، ژمارە ٤، کانوونی دووەم ١٩٨٣

## مامک "مەتەڵ"

بەشێ لە فۆلکلۆریی زارەکیی زمانی کوردی بەهەموو شێوەیێ لە شێوەکانی. مامک (مەتەڵ)ە. مەتەڵ لە شکڵ و فۆرمی هونەریدا لە قاڵبی شیعر و هەڵبەستی فۆلکلۆری کوردیدا هاتووەتە گۆڕێ. بەزۆری سەروا (قافیە)ی هەیە، کێشی هەیە، بۆ زاخاودانی مێشک و زەوق و سەلیقە ئەزموونکردن هونەرێکی لەبارە. من لێرەدا چەند نموونەیەک لە کتێبەکەی جەلیلی جەلیل، کە کەشکۆڵێکە بۆ فۆلکلوری کوردی سووریا و لە ساڵی ١٩٨٥دا لە یەریڤان لە چاپی داوە دەخەمە پێش چاو.

١– تشتەکی من هەیە. کۆک ل عەزمانە، سەری ل عەردێیە. (رۆژ ـ خۆر)

٢ـ بزنا کال سەر کەندال، یا یا دکمێ نایێ خار. (هەیڤ ـ مانگ)

٣ـ سەرێ دنێ، بنێ دنێ، دوو گوهیژ تەنێ. (ڕۆژ و هەیڤ ـ خۆر و مانگ)

٤ـ سینیا جان تژی مرجان. (عەزمان، ستێرک ـ ئاسمان و ئەستێرە)

٥ـ ژ ڤر حەتا حەلەبێ کەچکێ چەعڤ کلداییینە. (ستێرک ـ ئەستێرە)

٦ـ گاڕانا ماما، گرتە چەما، سبێ ڕابوو، یەک نەما. (ستێرک ـ ئەستێرە)

٧ـ وەکە کولاڤەکێ سووی یا، ژ ڤر حەیا یەرێڤانێ. (عەور ـ هەور)

٨ ـ تشتەکی من هەیە، ئەسکەرێ تە ل سەرە، باژارێ تە ژی ل سەرە، ئو ئالی یەک چۆل و بەڕییە. (عەرد – زەوی)

٩ـ تشکی م هەیە، هەرکی مەرا(مەرڤ) ژێ بر مەزن دبە. (کۆرت ـ قۆرت)

١٠ـ ش هێرا ئو بەغدا کولاڤ ڕادا. (بەرف ـ بەفر)

١١ـ هلندتر بلندتر، لاو ژ باڤێ بلندتر. (دوخان ـ دووکەڵ)

١٢ـ تشتەکی من هەیە،تم دەڕە، شوون خوە سە ناکا. (ئاڤا چەم ـ ئاوی چەم)

١٣ـ هانێكی مانێكی، فرشێ دەرێ كانێكی، ڕێ نادێ حەیوانێكی. (قەشە، بووز ـ شەختە)

١٤ـ ژ ڤێدا بەغدا، شوتكا دوو تا. (ڕێ)

١٥ـ تشتەكی من هەیە، درێژ ـ درێژ، حەتا سبا درێژ، ناگێ دووڤێ كەرێ. (ڕێ)

١٦ـ سەد مال شكاكی، سەر سمێ گاكی. (حنار ـ هەنار)

١٧– سیتلا ساوارێ، لە گولیا دارێ. (حنار ـ هەنار)

١٨ـ كیسكێ سۆرك، تژە مۆرك. (حەنار ـ هەنار)

١٩ـ قازكەكە من هەیە تژە دانییە. گەر ئەز دكم، تشتەك ژێ نارێژێ. (حنار ـ هەنار)

٢٠ـ قەسرا شوشتی، دوو فەقە تێدا ڕوونشتی. (گووز ـ گوێز)

٢١ـ ئۆدا هشتی ـ مشتی، دوو فەقە تێدا ڕوونشتی. (گووز ـ گوێز)

٢٢ـ كومێ حوتك، تژە نوتك. (هێژیر ـ هەنجیر)

٢٣ـ خوشكەكە من هەیە، سەری تژی ڕشكە. (هێژیرـ هەنجیر)

٢٤ـ تشتەكی من هەیە، ژ كونجییێ هورتر، ژ هێشتر مەزنتر. (دەندكێ هێژیرێ گاڤا دبە دار ـ دەنكی هەنجیر. كاتێ دەبێ بەدار)

٢٥ـ قوتۆ ـ قوتۆ، دەشتێدا، سینگێ سۆرێ د پندێدا. (نۆك)

٢٦ـ پالهورا پەلخوییە، هەچی ناس ناكە نە ژ ڤێ دنێیە. (نۆكێ شین)

٢٧ـ حەڤت تاس د تاسەكێدا. (پیڤاز)

٢٨ـ تشتەك هەیە، دفرە بێ چەنگە، گەزاد دكە بێ درانە. (كەرەمپەڕ)

٢٩ـ دارەك ناڤ دارا، زەردكێ ژ بنیێ گوهارا، بوكا عەلیسێ عەمەرە. (دارا گوهیژە)

٣٠ـ گا داكر، دویڤ ژێكر. (مەویژـ مێوژ)

## فەرهەنگۆک

کۆک: ڕەگ

عەزمان: ئاسمان

یاریا: بانگکردن، گدی گدی

گوهیژ: گێوژ.

تژی: پڕ

کۆرت: قۆرت، چاڵ

چەعف کلداینە: چاو بەکل

کولاف: کڵاو

دویف: کلک

بەیان، ١٣٥، ئەیلوول ١٩٨٧

## گۆرانیی کوردیی زازایی

زازایی زارێکە لە زارە کوردییەکانی کوردستانی تورکیا. ئەم زارە لە دە پارێزگای کوردستانی تورکیا، لە ئەرزەڕۆم، ئەرزنجان، تونجەلی، لە زۆر شارۆکە و هەرێم و ناوچەی دیکەدا نزیکەی میلیۆنێ کورد پێی داخێون. تا ئێستا بەم زارە مەولوودنامەی ئەحمەدێ خاسێی خەزانی (لیجەیی) و مەولوودنامەیەکی دیکە، کە خوا لێخۆشبوو جەلادەت بەدرخان، بەپێشەکی و کەمێ لێکۆڵینەوەوە لە شام بڵاوی کردووەتەوە و دیراسەیەکی زانستانەی کارل هەدانک بە ئەڵمانی لە چاپ دراون. ناوبەناویش هێندێ کۆوار و ڕۆژنامەی سەروبەندی بۆرە دیموکراسییەتی حەفتاکانی تورکیا، کە بەکوردی دەردەچوون، برێ گۆرانی و چیرۆکیان بەو زارە بڵاو کردووەتەوە. بەهەلم زانی ئەوی دەستم کەوتووە، کوردی عێراقیشی لێ ئاگادار کەم. هەر هێندەم پێ کرا بەسۆرانییەکیشی دووبارە کەمەوە. هیوادارم جێی پەسندی خوێندەر بێ.

ش. م

نامییێ ما مەرجانۆ،<br>
دۆمییێ ما تەرجانۆ،<br>
ئەز کە یارە داوەتکەری<br>
کام مرا سەڤانۆ<br>
گۆزاگوونێ شێنەی ڕاکە.<br>
خەتۆ زو مێژدانۆ،<br>
خەتۆ زو چێرەگانۆ!

ئەرێ جانی جانی
مەلاما م جانی
فەکێ تو قوتییە.
ددانێ تو مەرجانی..
چمێ شیایێ گلۆری
بوری سەرا قەیتانی.
سوورەتا تۆ ڤێسەنا
سۆوا گومیسخانی.
پرنیکا تۆ پۆنا.
قونداخێ یونانی..
پۆڕی تو کە نەرمۆ
ئیپەگێ سووکا ڤانی..

ئولە گۆنی یا خۆ چینییا..
شییۆ لەیێ کەشیشی م ڤا، ت هەرمەنییا،
گۆنی یا ردانێ م، م ڤا ئولە ت یا!
کتاڤۆ قز ئارد نارۆ،
پەلگا ڤەرێنە دێمدێ ئولە هوییا
ڤاکە گۆنی یا ددانێ تو
زوویا بسکەزەرد و میانە بارییا..
خۆژی بەیی هاردێ دەورێشی بۆ کە
ت سەرا فەتەلییا،
ئانقارا سما جێنیو گرانا،
ت تە دە وەری یا قەدییا!
زەرییا منا بەلە

تۆرێ هەنجرییا،

لاوۆ خۆ رێ زێدە ئەفکار مەکە،
ئەمسۆ سەوا یێنییا،
ئاخرەتا تۆو دایە زوویا..
دەستێ خۆ رٍا م دە،
جایلا م شمە کۆ رٍا؟

سەرێ تۆ سەرۆ وانینۆ
یاتمخانێ ئەڵەمانی..
نامێ تۆ گرانۆ
نێشکین بوانی..
شینێ تۆ شیسیکەنۆ
ڤۆیا کۆیێ مەرجانی..
تام دانۆ فەکێ ئیسانی
زێ دەندکێ گۆزا هندستانی.

دەستێ خۆ دەستێ م دە.
ما شمە زەرێ بانی!
خەتێ م سەر ڤندە
ئەز لەوێ پرٍانی!
واکە لاوۆ لەوما را مەنە.
بەنۆ قر – قۆتک کونۆ دەر و جیرانی..
حەق ئادرێ دەر و جیرانی وەدارۆ!
چا من و تۆرێ هۆندە بییێ بێ دەرمانی..

سەرڤا جانێ تۆ م ڤەتا
دبیچیم تەزکەرا هاملکانی،
سانێ چێوەرێ دەولەتە
نامێ نا نیسانی..

فرەکە زۆنییا
ئاگلە تارییا..
وەرتێ هیرێ سەو شەست سەس جێنی یە دە
بەلییا!

برێ ئەزۆ ئامۆ،
رندە چێدە نییا
لاوۆ دەر و جیران،
رِندا م کاتا شییا؟
ڤاکە جێنی شییێ ژیارە.
رِۆندا تۆ تەی شییا.
شیپۆ زەرێ مێراتێ بانی،
م سەرۆ چەرەخییا.
پەرۆ گنۆ کوچکا پەیێ ئادری رِۆ،
ددانێ من و زو شکییا، زو لەوییا.

ئەزۆ  شییۆ لەیێ قویومجی،
م ڤا. گۆنی یا ددانێ م ت یا!
ڤاکە، لۆ زو یۆ کە جێنیو دما فەتەلییا

نیسەمە رۆ ڤاپورا ترەبزانی..

د گۆییلۆکە کەنێ خرابە
د دەوێ ئەرزنگانی!
حەق کە هاورێ من و تۆ ئەستۆ
ما کەنۆ ڕاستێ زوویێ ڕامانی.
مۆردەمێ فزلی
کەنۆ تەسلیمێ نیاز و قربانی.
تەرەس، دەست من و تۆڕا نیکەنۆ
لنگە سانا سەرێ بانی.
کان کە زوویە پانی!
نالەتی کان ڕۆ سەیتانی!
دەست بان دا دیارێ جزدانی
جۆر قورشی ڤەزان کان بە خەنیمێ جانێ!
بکۆ، تۆڕا وەلا نێڤان
کان ئاخوییێ پیرێ ئولو دیوانی!

ئەرێ ت یا، ت یا،
جایلام، ت یا!
شییۆ وەلاتێ خەریبییە،
ت خەونێ خۆ دە دیا.

هەربەرێ دان ئاردەنە،
گۆنی ڤەردان ڕا بێچکا خۆڕا،
ئەرێ جێن کان ڕندێ نییا جانی تۆڕا.
تفەنگێ نۆن خۆڕا.
زوکی نان تۆڕا!
دەستێ ما وۆ ڕاستۆ،

سۆنۆ مابێنێ جزوو ڕا..
چۆر مەترەی کوراسی وۆ بڕنەنێ
کلمۆ یێنۆ پایێ زۆنییو ڕا..
دەویز و مارەبای ما سەرۆ تۆپ بەنێ،
وەلە کەنێ ما سەر چەنگوون و مردۆسو ڕا..
لاوۆ سۆ هاقی یا خۆ بڤینە،
نا فەقیر مەردۆ سەوەتا جانێ تۆ ڕا..

## سۆرانییەکەی

ناومان مەرجانە،
ولاتمان تەرجان،
گازکەمە یارم
کێ شتێکم پێ دەڵێ
دوگمەی سینەت بکەوە،
خەتێکی لیرەی مەجیدی،
خەتێکی چارەکە لیرە.

هەی جانی جانی
مەلحەمی برینم جانی،
زارت دەڵێی قوتییە
ددانەکانت مەرجان.
چاوی ڕەشی خڕ و گەش
برۆی سەریان قەیتانە
دەموچاوت سوور و ئاڵ،
هەروەک سێوی گویمویشخانە
کەپووت پانە،

دەڵێی قۆنداخە تفەنگی یۆنانییە،
قژت نەرمونیان
هەر دەڵێی ئارمووشی بازاڕی وانێیە.

بەسەر سەرتەوە سێوی خانەی ئەڵمانان دەخوێندرێتەوە،
نێوت زۆر قورس و بەگرێ و گۆڵ،
چەندی دەکەم بۆم ناخوێندرێتەوە.
سینە و مەمکت هێند سپییە
هەر دەڵێی بەفری چیای مەرجانە..
هێند بە تامە،
دەڵێی گوێزی هیندستانە..
دەستت بدە دەستم،
با وەژوور کەوین
بەرانبەرم ڕاوەست،
با ماچێکت بکەم،
گوتی، لاوۆ، ماچم مەکە،
دەر و جیران لێمان دەیکەن بە دەمگۆ و قسەڵۆک،
هەی دەر و جیران بەر غەزەبی خوا کەون،
نازانم چییان لێمان دەوێ، بێ دەرمان خۆمان،
لەبەر خاتری تۆ،
دوو تەسکەرەی ئەمەریکاییم وەرگرت،
هەڵم واسین بەدەرگای دەوڵەتدا،
ناوی ئەم دوو نیشانە..
هەردووکمان دەبین بە غەریبی شاری ئەستەمبووڵ
سواری کەشتیی تەرابزوون دەبین،

دوو گوندی ئەرزنجان هەن،
ئەوانن دوو دڵان لێک دەکەن!
خوا بمانپارێزی.
لەگەڵ یەکێکی چاکماندا بەرەوڕوو دێنێ،
تووشی یەکێکی چاکمان دەکا..
مرۆڤی خراپ
بەقوربانی و گوری دەبەخشێ
تەرەسە دەستی من و تۆ ناکاتەوە
ئەوەتا لەسەر بانی لێی وەرکەتییە.
دەڵێی پەنجە بە پیتکەیدا بنێم!
بەڵان نەحلەت لە شەیتانێ دەکەم!
دەستم بۆ جزدانی فیشەک برد
چوار گوللەم گرتێ کردمنە خەنیمی گیانی
کوڕم وا پێت دەڵێم:
بەر غەزەبی پیری دیوانی کەوی!
ئەتۆ، ئاخ ئەتۆ!
ئەتۆ شۆخەکەم!
چوویتە وڵاتی غەریببێ
تۆی لە خەونێ دیتییە،
نەختێ کەڕەواڵە و بێ زوان،
نەختێکیش ئاقڵی نوخسان
لە نێو ٣٦٦ ژناندا بێ، دیارە!

ئەوا هاتم،
جوانێم لە ماڵێ نییە،

هۆ دەر و جیرانینە،
کاڵێم کێوە چووە؟
گوتیان: چوویتە زیارەتی،
وێرانم کرد، وەژوور کەوتم،
سەرەخولێم هاتێ، کەوتم،
سەر بەبەردی چاوەجاغێ کەوت،
ددانێکیشم شکا، یەکیشیان خوار بووەوە

چوومە کن ئاسنگەری،
گوتم ئەتۆی خەنیمی ددانم،
قەشە کتێبە چکۆڵەی گرتە دەستی،
لاپەڕەی یەکەمی هەڵدایەوە،
ئەقڵم هاتەوە سەرم!
کاتێ دوا ڕووپەڕی هەڵدایەوە،
نەختێ بزەی هاتێ..
گوتی: خەنیمی ددانت
بسک زەردی، بەژن باریکە..
سەد خۆزیم بەو خاکەی
تۆی لەسەر دەگەڕێی!
ژنانی ئێوە بێگاریان زۆرە و گرانە،
بنۆڕە، چۆن و چت بەسەر هاتووە، بەجارێ تواویتەوە
هێندەم دڵ پێت دەسووتێ مەگەر..
بەڵام خەمت نەبێ،
ئەورۆ ڕۆژی هەینییە،
ئەورۆکەیە ڕۆژی دیدار ئاخرەتی

دەستم بگرە،
بەچیای کەوین کالێ!
سەرتاشێکی گاز کە،
هەندێکم خین لە پەنجە بدڵۆپێنێ،
دەیکەم بە گوریی جوانیت،
هەنگین گوللەیەکیش بەخۆوە دەنێم،
یەکی دیکەیش بە تۆوە!
دەستی ڕاستم لەسەر مەمکۆڵانت..
بەداخەوە چوار مەترە خام
کورت دێنێ، تا پامانت نایە..

کرێکارەکان، گۆڕهەڵکەنەکان لێمان خڕ دەبنەوە،
مست مست خاکمان بەسەر گۆڕێ دەخەن..
هەڕۆ گەردن ئازادیی دەگەڵ بکە،
مردنی ئەو هەژارە دەسکورتە لە نێوچاوانی تۆوەوەیە..

فەرهەنگۆک

زازایی – سۆرانی

ناما: ناوی ئێمە

دۆم: خانوو، وڵات، ماڵ

تەرجان: گوندێکە

مرا: بەمن

سە: شتێ، شت، چشت

یارە: یار، دڵخواز

گۆزاگون: کووژەکە، دوگمە، بشکۆژ

شێنە: سینە، سینگ

ڕاکە: بکەوە

خەتۆ: خەت، ڕیز

زو: یەک، یەکێکی

مێژدانۆ: لیرەی مەجیدییە

چێرەگانۆ: چارەکە لیرەیە

مەلام: مەڵحەم، کینایەتە لە دڵدار، بۆ دڵدار دەگوترێ

م: من

فەک: دەم، زار

قوتی: قوتوو

چم: چاو

شیا: سیا، ڕەش [بە زۆری (ش) لەم زارەدا دەبێ بە (س) و (س) دەبێ بە (ش)..]

بوانی: بیخوێنییەوە

شینێ تۆ: سینەی تۆ

شیسکەنۆ: سپییە

ڤۆ: بەفر

کۆ: کێو

تام دانۆ: تام دەدا

دەندک: دەنک

گۆز: گوێز

شمە: بچین

ڤندە: بوەستە

لەو: ماچ

واکە: گوتی [ هێندێ جار (ڤا)یش دەگوترێ]

بەنۆ: ئەبێ

قڕقۆتک: دەمگۆ و قسەڵۆک

حەق ئادر: خوا

هاملکانی: ئەمەریکانی

چێوەر: دار سێدارە

نیسەمەڕۆ: دەنیشمە، دادەنیشم

ڤاپور: پاپۆڕ، کەشتی

ترەبزان: تەڕەبزوون، شارێکە لەسەر دەریای ڕەش

گۆیل: دڵ

کەنێ: دەکەن

گلۆری: خڕ، گرۆڤەر، گلۆڤەر

بوری: برۆ

سوورەت: دەموچاو

ڤێسەن: سوور و ئاڵ

سۆو، ساو: سێو

گومیسخانە: گوموشخانە، ناوچەیەکە بەسێوی سوور بەناوبانگە لە کوردستانی تورکیا.

پرنک: بڕناخ، لووت، کەپوو، پۆز

پۆن: پان

قونداخێ یونانی قژوڕ: قونداخە تفەنگی یۆنانی

ئیپەک: ئاوریشم، ئارمووش، حەریر

سووک: بازاڕ (سوق)ی عەرەبی لەم وشەیە وەرگیراوە.

چارسوو: واتە چوارگۆشە، تورکەکان زۆریان بە بازاڕ دەڵێن:(چارشی) واتە: چارسوو، چوارگۆشە،

(سوو) بەواتای سیلە و گۆشەیە.

ڤان: وان، شاری وان

وانینۆ: دەخوێندرێتەوە هەتیوخانە. ڕەسمی هەتیوخانەیەکی ئەڵمانی بوو بۆ دیعایە، لەسەر هەندێ پووڵی تەنەکە، نەخش دەکرا.

یاتمخانە: ژنانی ئەو سەردەمە، لە جیاتی زێڕ و زیو لە کڵاوزێڕی سەریان دەدروون.

نێشکێن: ناتواندرێ.

دەو: گوند، دێ

ئەرزنگان: ئەرزنجان، گوندێکە، شارێکیشە

زوویێ: یەکێ، یەکێک

ڕامان: چاک، پیاوی چاک

فزلی: فزووڵی، مێمل، خراپ

نێکەنۆ: ناکاتەوە

لنگ: لنگ، لاق

سەیتان: شەیتان

چۆر: چوار

قورش: قورۆش

خەنیم: دژمن

ئولو دیوانی: دیوانی گەورە، (محکمە)

شییۆ: چووە

فرە: زۆر

ئاگلە: ئەقڵ

تاری: تاریک [کینایەتە لە نوخسانی]

وەرتێ: لەناو

هیرێ سەو: سێسەت

سەس: شەش

جنێییێ دە: ژناندا

بەلی: دیار

ڕەندە: جوانێ

چێدە، کێدە: لە ماڵێ

نییا: نییە [نییا: بۆ (مێ) نییۆ: بۆ (نێر) نییێ: بۆ (زۆر)]

لاوۆ: کوڕە. هەتیم

کاتا: بۆ کوێ

شییا: چووه [ (شییا) بۆ مێ (شییۆ) بۆ نێر (شییێ) بۆ زۆر]

ڤاکه: گوتیان

گنۆ: کەوت

گوچک: بەرد

زو: یەک

قویومچی: ئاسنگەر، شیرگەر، زەڕگەر، زێڕنگەر

م ڤا: من گوتم

گۆنی: خوێن

فەتەلییا: وەرچەرخا

کەشیش: قەشە

پەلگ: ڕووپەر، لاپەڕە

بسکەزەرد: بسک زەرد

میانەباری: ناوبەژن زراڤ، ناوقەد باریک، قەدباریک، کەمەرە شل.

کتاڤ: کتێب

ئەمسۆ: ئەم شەو

ئانقارا: بێگار

سما: ئێوه

یێن: هەین

کوراس: کراس

چۆر: چوار

بڕنەنی: بڕیوه

دەویرا: کرێکار

مارەبا: گۆڕهەڵکەن

کاروان، ٣٨، تشرینی دووەم ١٩٨٥